هەرێمی کوردستان / عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانكۆی سلێمانی

كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان / بەشی كۆمەڵناسی

پەیوەندیی ڕەفتاری كۆمەڵایەتیی گەنجان بە بێکارییەوە

توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە ناو شاری سلێمانی

نامەیەكە پێشكەشی

ئەنجومەنی كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانكۆی سلێمانی كراوە وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە بواری كۆمەڵناسی/ كۆمەڵناسی گشتی

لەلایەن

باخان أحمد محمد محمود

بەسەرپەرشتی

پرۆفیسۆری یاریدەدەر

د. نجاة محمد فرج رحيم

٢٧١٧ كوردی　　٢٠١٧ زایینی　　١٤٣٧ كۆچی

بڕیاری سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە بەناونیشانی (پەیوەندیی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی گە نجان بە بێکارییەوە ـ توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەناو شاری سلێمانی) بەسەرپەرشتی ئێمە لەکۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان ـ بەشی کۆمەڵناسی ئامادە کراوەو،بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی ماستەر لەزانستی کۆمەڵناسیدا / کۆمەڵناسی گشتیدا.بۆیە پێشنیاری نامەکە دەکەم بۆ گفتوگۆ.

واژوو :

سەرپەرشتیار : پرۆفیسۆری یاریدەدەر: د. نجاة محمد فرج رحیم

بەروار : / / ٢٠١٦

بڕیاری سەرۆکی بەشی کۆمەڵناسی

بە پێی ئەو پێشنیارەی سەرەوە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندنی زمانەوانی دەکەم .

واژوو:

د.ئارام علی فرج

سەرۆکی بەشی کۆمەڵناسی

بەروار : / / ٢٠١٦

بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن،ئەم نامەیەمان خوێندەوە بە ناونیشانی (پەیوەندیی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی گەنجان بە بێکارییە وە ـ توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەناو شاری سلێمانی) لەگەڵ خوێندکار (باخان أحمد محمد محمود) گفتوگۆی پێویستمان کرد لەبارەی ناوەڕۆك و لایەنە پەیوەندیدارەکانی نامەکە،سەرەنجام پێمان وایە نامەکە شایەنی (   ) .

واژوو :

ناو : پ.ی: د.حسین اسماعیل علی

سەرۆکی لیژنە

بەروار : ١٧ / ١ / ٢٠١٧

واژوو :

ناو : د.میران محمد صالح

ئەندام

بەروار : ١٧ / ١ / ٢٠١٧

واژوو :

ناو : د.ئارام علی فرج

ئەندام

بەروار : ١٧ / ١ / ٢٠١٧

واژوو :

ناو :پ.ی:د. نجاة محمد فرج

سەرپەرشتیار و ئەندام

بەروار : ١٧ / ١ / ٢٠١٧

واژوو :

ناو : پ . ی . د . ابتیسام اسماعیل قادر

ڕاگری کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان

بەروار : / / ٢٠١٧

﴿بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

﴿أَفَمَن يَمْشِي مُكِبًّا عَلَىٰ وَجْهِهِ أَهْدَىٰ أَمَّن يَمْشِي سَوِيًّا عَلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴾

(سورة الملك ، الآية ،٢٢)

پێشكەشكردن

* پێشكەشەبە دايك و باوكم نموونەی دوو مرۆڤی خەمخۆر و ميهرەبان و بەخشندە و فيداكار.

*خوشك و برا ئازيزەكانم.

*شەماڵ هاوسەری ئەزيز و خۆشەويستم كە هەموو كات هاوكار و يارمەتيدەرم بووە.

*كوڕە ئەزيزەكەم (محمد).

خوێندكار

سوپاس و پێزانین

*سوپاس بۆ خودای گەورە کە تەندروستی و ئارامی و هێز و توانای پێبەخشیم بۆ تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە.

*سوپاس بۆ مامۆستای بەڕێز و سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم (**پرۆفیسۆری یاریدەدەر : د. نجاة محمد فرج**) کە ئەرکی سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەی گرتە ئەستۆ و بەوپەڕی تواناو هاوکارییەوە یارمەتیدەرم بووە و بە پێدانی سەرنج و تێبینییەکانی توێژینەوەکەی زیاتر دەوڵەمەند کرد.

*سوپاس بۆ سەرۆکایەتیی بەشی کۆمەڵناسی و هەموو ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە لەماوەی ئەم دوو ساڵەدا هاوکارییان کردوم.

*سوپاس بۆ ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە فۆڕمی پێوانەکەیان هەڵسەنگاندووە .

*سوپاس بۆ مامۆستایانی بەڕێز (سەرۆکی لیژنەی گفتوگۆو ئەندامەکان) .

*سوپاس بۆ (**د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد و مامۆستا چرۆ محمد فرج**) لەبەشی کاری کۆمەلآیەتی و (**م. ڕەسول محمد خدر**) لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی بەشی زمانی ئینگلیزی .

*سوپاس بۆ کارمەندانی کتێبخانەی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان و کتێبخانەی ناوەندی زانکۆ و کتێبخانەی گشتیی سلێمانی .

*بۆ ئەو گە نجانەی فۆڕمی پێوەری توێژینەوەکەیان پڕکردەوە.

*بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی کە لەماوەی توێژینەوەکەمدا هاوکارییان کردووم.

خوێندکار

پێڕستی بابەتەکان

ژمارەی لاپەڕە	بابەتەکان
أ	بڕیاری سەرپەرشتیار
ب	بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ
ج	ئایەتی قورئان
د	پێشکەشکردن
ھ	سوپاس و پێزانین
و — ز	پێڕستی بابەتەکان
ح	پێڕستی خشتەکان
ح	پێڕستی شێوەکان
ط	پێڕستی پاشکۆکان
١-٢	پێشەکی
٣-٨١	دەروازەی یەکەم : لایەنی تیۆری
٤-١١	بەشی یەکەم : چوارچێوەی گشتیی توێژینەوەکە و ناساندنی چەمکەکان
٤-٧	باسی یەکەم : چوارچێوەی گشتیی توێژینەوەکە
٥-٦	یەکەم : کێشەی توێژینەوەکە
٦-٧	دووەم : گرنگی توێژینەوەکە
٧	سێیەم : ئامانجی توێژینەوەکە
٨-١١	باسی دووەم : پێناسەی چەمکەکان
٨-٩	یەکەم : ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی
٩-١٠	دووەم : گەنج
١٠-١١	سێیەم : بێکاری
١٢-٥٢	بەشی دووەم : چوارچێوەی هزری و تیۆری ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی
١٣-٢٥	باسی یەکەم : چوارچێوەی هزری ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و ڕەگەز و خەسڵەتەکانی
٢٦-٤٩	باسی دووەم : چوارچێوەی تیۆری ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی
٥٠-٦٥	بەشی سێیەم : چوارچێوەی تیۆری بێکاری
٥١-٥٦	باسی یەکەم : تیۆرییەکانی بێکاری
٥٧-٥٩	باسی دووەم : جۆرەکانی بێکاری
٦٠-٦٥	باسی سێیەم : هۆکارەکانی بێکاری
٦٦-٧٩	بەشی چوارەم : بنەماکانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی گەنجان
٦٧-٧٢	باسی یەکەم : قۆناغی گەنجێتی و تایبەتمەندیەکانی

باسی دووەم : ڕۆڵی پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی گەنجان لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتیاندا	٧٣-٧٩
دەروازەی دووەم : لایەنی مەیدانی	٨٠-١١٠
بەشی پێنجەم : میتۆدی توێژینەوەو هەنگاوە مەیدانییەکان	٨١-٩٣
باسی یەکەم : میتۆدی توێژینەوەکە	٨٢-٨٣
باسی دووەم : هەنگاوە مەیدانیەکانی توێژینەوەکە	٨٤-٩٣
یەکەم : کۆمەڵگەی توێژینەوەکە	٨٤
دووەم : نموونەی توێژینەوەکە	٨٤٥٨٧
سێیەم : بوارەکانی توێژینەوەکە	٨٥
چوارەم : ئامرازەکانی توێژینەوەکە	٨٥-٩٣
پێنجەم : ئامرازە ئامارییەکان	٩٣
بەشی شەشەم : ئەنجامەکانی توێژینەوە و شیکردنەوەی زانیارییەکان	٩٤-١١٠
باسی یەکەم : خستنەڕوی زانیارییە گشتییەکان و ئەنجامەکانی توێژینەوەکەو شیکردنەوەیان	٩٥-١٠٧
یەکەم : زانیارییە گشتییەکان	٩٥-٩٨
دووەم : ئەنجامەکانی توێژینەوەکە	٩٨-١٠٧
باسی دووەم : دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە و ڕاسپاردە و پێشنیارەکان	١٠٨-١١١
یەکەم : دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە	١٠٨-١٠٩
دووەم : ڕاسپاردەکان	١٠٩-١١٠
سێیەم : پێشنیازەکان	١١٠
سەرچاوەکان	١١١-١٢٠
پاشکۆکان	١٢١-١٣٩
پوختەی توێژینەوە بەزمانی عەرەبی	١٤٠
پوختەی توێژینەوە بەزمانی ئینگلیزی	a-b

پێڕستی خشتەکان

ژ.خشتە	ناونیشانی خشتە	ژ.لاپەڕە
١	هێزی بڕگەکانی ئامڕازی توێژینەوە نیشان دەدات	٨٨
٢	بەهێزی توانای پێوەری ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی گەنجانی بێکار بەشێوازی دوو نموونەی سەربەخۆ	٩٠-٩٢
٣	پەیوەندیی نێوان نمرەی بڕگەکان بە نمرەی گشتیی پێوەرەکەوە	٩٣-٩٤
٤	ئەنجامی (ئەلفا کرۆنباخ) بۆ جێگیری پێوەری توێژینەوەکە	٩٤
٥	ڕەگەزی نموونەی توێژینەوە نیشان دەدات	٩٧
٦	بڕوانامەی زانستی نموونەی توێژینەوە نیشان دەدات	٩٨
٧	باری کۆمەڵایەتیی نموونەی توێژینەوە نیشان دەدات	٩٨
٨	باری ئابوری نموونەی توێژینەوە نیشان دەدات	٩٩
٩	ژمارەی ئەندامانی خێزانی نموونەی توێژینەوە نیشان دەدات	١٠٠
١٠	جۆری شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەی توێژینەوە نیشان دەدات	١٠٠
١١	جیاوازیی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمێرەیی ڕاستەقینەی نموونەکە لەسەر پێوەری ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی گەنجانی بێکار نیشان دەدات	١٠١
١٢	پەیوەندیی نێوان گۆڕاوەکانی (بڕوانامەی زانستی و باری کۆمەڵایەتی و باری ئابوری و ژمارەی ئەندامانی خێزان و جۆری شوێنی نیشتەجێبون) بە ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی گەنجانی بێکارەوە نیشان دەدات	١٠٢
١٣	جیاوازیی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی نێوان گەنجانی بێکار بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز	١٠٣
١٤	جیاوازیی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی نێوان گەنجانی بێکار بە پێی گۆڕاوی بڕوانامەی زانستی	١٠٤
١٥	جیاوازیی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی نێوان گەنجانی بێکار بە پێی گۆڕاوی باری کۆمەڵایەتی	١٠٥
١٦	جیاوازیی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی نێوان گەنجانی بێکار بە پێی گۆڕاوی باری ئابووری	١٠٦
١٧	جیاوازیی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی نێوان گەنجانی بێکار بە پێی گۆڕاوی ژمارەی ئەندامانی خێزان	١٠٧
١٨	جیاوازیی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی نێوان گەنجانی بێکار بە پێی گۆڕاوی جۆری نیشتەجێبوون	١٠٨

پێڕستی شێوەکان

ژ.شێوە	ناونیشانی شێوە	ژ.لاپەڕە
١	هێڵکاری تیۆری ئارەزومەندانەی کردار لای بارسۆنز	٣٥
٢	ڕیکخستنی هەرەمەکەی ماسلۆ بۆ پێداویستییەکان	٧٦
٣	دابەشبوونی سروشتی زانیارییەکانی پێوەری توێژینەوەکە	١٠٩

پێڕستی پاشکۆکان

ژ. پاشکۆ	ناونیشانی پاشکۆ	ژ. لاپەڕە
١	ڕێژەی پەسەندی بڕگەکان بە پێی ڕاوبۆچونی پسپۆڕان	١٢٤
٢	شێوازی پێوانەکە بۆ هەڵسەنگاندن لەلایەن پسپۆڕانەوە	١٣٢-١٢٦
٣	شێوازی کۆتایی فۆڕمی پێوانەکە	١٣٧-١٣٣
٤	شێوازی فۆڕمی پێوانەکە دوای دەرهێنانی بەهێزی جیاکاری بڕگەکانی پێوەرو پەیوەندیی نێوان نمرەی بڕگەکان بە نمرەی گشتی پێوەرەکەوە	١٤١-١٣٨

پێشەکی

لەم توێژینەوەیەدا بە ناونیشانی (**پەیوەندیی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی گەنجان بە بێکارییەوە**)، هەوڵدەدرێت بۆ دۆزینەوەی پەیوەندیی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی گەنجان بە بێکارییەوە . بەو پێیەی کە ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی تاك پشت دەبەستێت بە پاشخانی هزری خۆی، سەبارەت بە پێشبینی و ئەزموونی لە ڕەفتاری لەگەڵ ئەوانی تردا، ئەمەش دەچێتە ناو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانەوە ،کە لە کۆمەڵگادا لە ژێر کاریگەری نۆرم و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکاندایە ، ڕەفتاری کۆمەڵایەتی بە پێی تاکەکان دەگۆڕێت ،واتە لە گەنجێکەوە بۆ گەنجێکی دیکە جیاوازە کەبە پێی پێداویستی و ئەو بارودۆخەی کە تیایدا دەژییت دەگۆڕێت ،هەروەها لە واقیعی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردیشدا و بەتایبەت شاری سلێمانی ،کە کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە پێك دەهێنێت ژمارەیەکی زۆر لە گەنجەکان بێکارن و بێکاری ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لەسەر بونیادو لایەنی ڕەفتاریان، چونکە بێکاری کار لە چالاکیەکانیان دەکات و وایان لێدەکات لە ئەرکەکانیاندا سست بن، چ لەناو خێزاندا بێت ،یان گروپی هاوڕێ یاخود کۆمەڵگە، هەروەها وەکو دەشبینین لەگەڵ گەشەکردن و بەرەو پێش چوونی شارستانیەتیەکان و بەجیهانیبووندا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێداویستییەکان زیاتر دەبێت ولەگەڵ زیاد بوونی پێداویستییەکانیشدا ڕاستەوخۆ گرنگی و زەرورییەتی کارکردن زیاتر دەبێت و دەبێت کاری زیاتر بکرێت .چونکە هەموو گەنجێك لەڕێگەی کارکردنەوە دەتوانێت بگات بە ئارەزووەکانی و بتوانێت پێداویستییەکانی پڕبکاتەوە، چونکە گەنج بە توێژێکی چالاك و بزێو دادەنرێت ،بەو واتایەی هەموو پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکان لەسەر دەستی ئەوان ڕوو دەدات .هەر بۆیە دەبێت زۆر بە وریایی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت ،چونکە تەمەنی گەنجێتی هەستیارترین قۆناغی تەمەنە . لەم توێژینەوەیەشدا لە پێناو گەیشتن بە ئامانجێکی زانستی و زانین و پێوانی پەیوەندیی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی گەنجان بە بێکارییەوە پشت بەبەکار هێنانی میتۆدی زانستی بەستراوە.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم توێژینەوەیە پێك دێت لە دوو دەروازە ، دەروازەی یەکەم لایەنی تیۆری توێژینەوەکەیە و لە چوار بەش پێك دێت، لەبەشی یەکەمدا کێشە و گرنگی و ئامانجی توێژینەوە و گرنگترین چەمکە زانستییەکانی توێژینەوەکە خراونەتە ڕوو.

لەبەشی دووەمدا باس لە چوارچێوەی هزری و تیۆری ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و ڕەگەز و خەسڵەتە کانی کراوەو خراونەتە ڕوو.

لەبەشی سێیەمیشدا باس لە تیۆرییەکانی تایبەت بە بێکاری و جۆرەکان و هۆکارەکانی بێکاری کراوەو بەوردی خراونەتە ڕوو.

لەبەشی چوارەمیشدا بنەماکانی ڕەفتاریی کۆمەڵایەتیی گەنجان خراونەتە ڕوو لەڕێگەی تیشک خستنە سەر قۆناغی گەنجێتی و تایبەتمەندییەکانی ئەو قۆناغەو هەروەها ڕۆڵی پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی گەنجان لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتیاندا خراونەتە ڕوو.

دەروازەی دووەمیش کە تایبەتە بەلایەنی مەیدانی، بەسەر دوو بەشدا دابەش بووە کە بریتین لە بەشی پێنجەمی توێژینەوەکەو پێك هاتووە لە میتۆدی توێژینەوە و هەنگاوە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە ،کە کۆمەڵگەو نموونەو بوارەکانی توێژینەوە و ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و کەرەستە ئامارییە بەکارهاتووەکان لەخۆدەگرێت ، بەشی شەشەمیش تایبەتە بەخستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوە کەو گفتوگۆکردنیان بە پێی ئامانجەکانی توێژینەوەکەو پاشان دەرئەنجامەکانی توێژینەوەو ڕاسپاردە و پێشنیازەکان خراونەتە ڕوو.

دەروازەی یەکەم

لایەنی تیۆری

بەشی یەکەم

چوارچێوەی گشتیی توێژینەوەکە و ناساندنی چەمکەکان

باسی یەکەم : چوارچێوەی گشتیی توێژینەوەکە

یەکەم : کێشەی توێژینەوەکە

دووەم : گرنگی توێژینەوەکە

سێیەم : ئاما نجی توێژینەوەکە

باسی دووەم : چەمکەکانی توێژینەوەکە

یەکەم : ڕەفتاری کۆمەلاٌیەتی

دووەم : گەنج

سێیەم : بێکاری

بەشی یەکەم

چوارچێوەی گشتیی توێژینەوەکە و ناساندنی چەمکەکان

باسی یەکەم

چوارچێوەی گشتیی توێژینەوەکە

یەکەم : کێشەی توێژینەوە :

کێشەی هەر توێژینەوەیەك سەرەتا لە پرسیارێکی وردو کاریگەرەوە سەر هەڵدەدات ،کە لە بیرو هەستی توێژەردا دروست دەبێت و داوای وەلامێکی زانستی و دروستی لێ دەکات ،ئەم پرسیارەش زۆرجار لە ڕێگەی تێبینی کردنی ڕۆژانە، یان لە ئە نجامی بوونی کۆمەڵێك کێشەو گرفت لە کۆمەڵگادا دروست دەبێت . کەواتە لەم ڕێگەیەوە دەتوانین بڵێین کێشەی ئەم توێژینەوەیە گەڕانە بەدوای وەلامێکی زانستی و دروستدا بۆ (**پەیوەندی ڕەفتاریی کۆمەلایەتیی گە نجان بەبێکارییەوە**) ،لەسەر ئەو بنەمایەی کە دیاردەی بێکاری هەرچەندە دیاردەیەکە هەڵگری مێژوویەکی زۆر دووره لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا ، بەلام هەر ئەم دیاردەیە لە دونیای ئەمڕۆدا بازنەیەکی ئێجگار بەرفراوانی بە دەوری خۆیدا کێشاوەو بوونی هەیە ،کۆمەڵگەی کوردیش وەك هەر کۆمەڵگەیەکی تری سەر ڕووی زەمین لەم دیاردەیەدا بەشدارە و بەشی گەورەو بەرفراوانی لەنێو ئەم بازنەیەدا بەر کەوتووە، بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی ڕابردوو ،هەتا ئێستاشی لەگەڵدابێت ، بەجۆرێك کە هەندێك سەرچاوە ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستاندا بە (١٤٪) دەخەمڵێنن وهەندێك بە (١٧ ٪) ،مونتەدای ئابووری کوردستانیش کە ڕێکخراوێکی ئابووری ناسانی کوردستانە بە پێی ئامارێك کە چەند مانگێك بەر لە ئێستا لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی مونتەدادا بلاو کرایەوە کە ڕێژەی بێکاری (١٩٪) ی کوردستان پێك دەهێنێت . (**ئاریان ، ٢٠١٥ ، ل٢٣**) . هەربۆیە لەم میانەیەشدا بە ڕوانینێکی وردەوە بۆ کێشەی توێژینەوەکە دەگەینە دیاریکردنی چەند پرسیارێك،کەهەمویان لە بابەتی توێژینەوەکەوە سەرچاوەیان گرتووە :

١. ئایا ڕەفتاری کۆمەلایەتیی گەنج پەیوەندیی بە پڕکردنەوەی پێداویستییەکانییەوە هەیە ؟

٢. ئایا دابینکردنی هەلی کار بۆ گە نجان بە یەکێك لە پێداویستییەکان دادەنرێت ؟

٣ . ئایا ڕەفتاری کۆمەلایەتیی گە نجان پەیوەندیی بە بێکارییەوە هەیە ؟

٤.ئایا بێکاری ڕۆڵی لە ئاراستەکردنی ڕەفتاری کۆمەلایەتیی گە نجاندا دەبێت ؟

بۆ هەموو ئەم پرسیارانە هەوڵ دەدرێت لە ڕێگەی ئاما نجـەکانی توێژینەوەکـەوە بخرێنـە ڕوو ، پاشـان بەدەرئە نجامەکانی توێژینەوەکە وەڵامیان بدرێتەوە.

دووەم : گرنگی توێژینەوە

هەر توێژینەوەیەکی زانستی دوو گرنگی لەخۆ دەگرێت ئەوانیش :

١. **گرنگی تیۆری :** کەخۆی لە گەیاندنی پەیامە تیۆرییەکانی بابەتەکەدا دەبینێتەوە، کە مەبەستمانە توێژینەوەی لەسەر بکەین ، بـەواتای ئامـاژە دان و تیشـك خستنەسـەر ئـەو بابەتـە تیـۆری و پـەرتوك و نوسـراوانەی کـە لەسـەر بابەتەکـەن ، تـاوەکو پاڵپشـت بێـت بـۆ توێژینەوەکـەو لایەنـە جیاوازەکـانی توێژینەوەکە ڕوون بکاتەوەو وەڵامی هەندێك بواری جیـاواز لـە بابەتەکـەدا بداتـەوە.گرنگی تیـۆری ئـەم توێژینەوەیەش،بریتییـە لـەوەی کـە تیشـکی خسـتۆتە سـەر یـەکێك لـەو کێشـانەی تـا ئـەمڕۆ زۆربـەی کۆمەڵگاکان پێوەی دەناڵێنن،کەئەویش کێشەی بێکارییـەو کـاری کردۆتـە سـەر هـەموو چین و توێـژەکانی کۆمەڵگا بەتایبەتی توێژی گە نجان ، کە ئەگەر هەلی کارکردنیان بـۆ بڕەخسێت ئـەوا دەبنـە هـۆی بـەرەو پێش بردنی کۆمەڵگا ، چونکە گـە نجان لـە کۆمـەڵگادا توێـژێکی بەتوانان،بـەڵام بێکـاری وا لـە گـە نجان دەکات کە زۆربەی ئاواتەکانیان بۆ نەیەتەدی بەهۆی نەبوونی داهاتەوە،کە ئەمـەش ڕەنگدانـەوەی لەسـەر کەسایەتییان دەبێت. چونکە یـەکێك لـەو بنـەما گرنگانـەی ژیـانی مرۆڤـەکانی سـەرقاڵ کـردووە لایـەنی کارکردنە ، کۆمەڵگاو تەنانەت ئاین و خێزانیش هانی مرۆڤ دەدەن تـا کار بکەن لە پێناو ئەوەی بژین،هـەر ئەمەشە وای کردووە هەلی کارکردن پێگەی شیاو ببەخشێتە خاوەنەکەی و تەنانەت ئاینەکانیش بەگشتی و ئـاینی ئیسـلام بەتایبـەتی هـانی مـرۆڤ دەدات بـۆ کـارکردن ، هـەروەك پێغەمبـەری خـودا لـە یـەکێك لـە فەرمودەکانیدا دەفەرموێت (ئەو دەستەی کەکار دەکات خودا و پێغەمبەری خودا خۆشیان دەوێت) .

کەواتە لەمەوە دەتـوانین بڵێین کـە کـارکردن لـە کۆمـەڵگادا هۆکـارێکی گرنگە،کـە گـەنج لـە ڕێگەیـەوە دەتوانێت لە چوارچێوەی خێـزان و کۆمەڵگـەدا خـۆی بسـەلمێنێت.هـەر لـە سـەرەتای دروسـتبوونی مرۆڤـەوە هەوڵدان و کارکردن لە ژیاندا بە شێکی گرنگ بووە،چونکە کـارکردن بریتییـە لـە بەخشـینی هێـز و بـازوو یاخود خستنە گەڕی هێزی مێشك بۆ دابینکـردن و پڕکردنـەوەی پێداویسـتییەکان ، ئەمـە جگـە لـەوەی کـە بابەتی توێژینەوەکە بەیەکێك لـەو بابەتانـە دادەنرێت کـە زانسـتی کۆمەڵناسی گرنگـی پێـدەدات و لـە ناوەندە زانستییەکەیدا جێگەی بۆ دەکاتەوە کە ئەویش بابەتی ڕەفتاری کۆمەڵایەتییەولە هەمان کاتیشدا توێژینەوەکە دەچێتە بواری (کۆمەڵناسی گشتی و کۆمەڵناسـی ئـابووری) یـەوە کـە دوو بـواری گـرنگن لـە زانستی کۆمەڵناسیدا .

٢. گرنگی مەیدانی : توێژینەوەکە خۆی لەو زانیاری و داتایانەدا دەبینێتەوە کە هەڵقوڵاوی لایەنی مەیدانییە بۆ توێژینەوەکەو وێنەیەکی تەواو لەو کۆمەڵگایە بۆ بابەتی توێژینەوەکە ئامادە دەکات ،ئاماژەیەکی ڕاستی دەداتە دیاردەکەو هاوشان بە لایەنی تیۆری،هەموو ئەو پرسیارانە ئاشکرا دەکات کە مەبەست بووە لە توێژینەوەکەدا بەرجەستە بکرێت .

سێیەم : ئامانجەکانی توێژینەوەکە

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە :

١.دەرخستنی ئاستی ڕەفتاری کۆمەلأیەتیی گە نجانی بێکار .

٢. دەرخستنی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوەکانی(بڕوانامەی زانستی و باری کۆمەلأیەتیی و باری ئابوری و ژمارەی ئەندامانی خێزان و جۆری شوێنی نیشتەجێبوون) ، بە ڕەفتاری کۆمەلأیەتیی گە نجانی بێکارەوە .

٣. دەرخستنی جیاوازیی ڕەفتاری کۆمەلأیەتیی گە نجانی بێکار بە پێی ئەم گۆڕاوانەی خوارەوە :

أ. ڕەگەز

ب. بڕوانامەی زانستی

ج. باری کۆمەلأیەتی

د. باری ئابووری

ﻫ. ژمارەی ئەندامانی خێزان

و. جۆری نیشتەجێبوون

باسی دووەم

چەمکەکانی توێژینەوە

یەکەم : ڕەفتاری کۆمەڵایەتی : السلوك الاجتماعي (Social Behavior)

پێناسەی رزوق : ئەو ڕەفتارەیە کە تاك پەیڕەوی دەکات بە پێی پێداویستی و داواکاریە کۆمەڵایەتیەکانی لە چوارچێوەی ئەو گروپەی ئینتیمای بۆ دەکات ، یان لە ژێر کاریگەری ئەو تاکانەی لەنێو گروپ و ژینگەی کۆمەڵایەتیدان . (**رزوق ، ١٩٧٧ ، ص١٥٦**) .

پێناسەی حفنی : ڕەفتارێکە لەژێر کاریگەری ئەوانی تردا ، یان ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتییە ، یان ڕەفتارێکە کۆمەڵگە بەسەریدا زاڵە (**حفنی ، ١٩٧٨ ، ص٣٠٧**) .

پێناسەی قصیر و العمر : ئەو ڕەفتارەیە کە لە هەڵسوکەوت و کردەی تاکەکان پێك دێت ، کە کۆمەڵگە پێکهێنەریەتی وتێڕوانینێکی وەرگیراوە ،نەك بۆماوەیی واتا تاك لە ژینگەی کۆمەڵایەتیەوە فێری دەبێت ، وەکو (خێزان ، قوتابخانە ، هاوڕێ ، شەقام ، تەواوی دام و دەزگا فەرمی و نافەرمیەکان) . (**قصیر والعمر ، ١٩٨١ ، ص٩**) .

پێناسەی سید : چالاکییەکە لەنێوان تاکەکاندا ڕوو دەدات لەئەنجامی بوونی کارلێکی کۆمەڵایەتی لەنێوانیاندا . (**سید ، ١٩٨١ ، ص١٠٦**) .

پێناسەی منسی : هەر چالاکییەکە کە تاك ئەنجامی دەدات و پەیوەندیدارە بە تاکێکی ترەوە ، هەر لەم ڕێگەیەشەوە کارلێکی نێوانیان دیاری دەکات . (**منسی ، ١٩٨٨ ، ص٩٢**) .

پێناسەی دورون و بارو : چەمکی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی واتای جۆراوجۆر هەڵدەگرێت ، لەواتا گشتیەکەیدا ئاماژەیە بۆ هەموو کردەوەیەك کە جەستەیەکی دیاریکراو پێی هەڵدەستێت ، ڕەفتار یان کۆمەڵە هەڵسوکەوتێکی ڕێکخراو پێك دەهێنێت و ئاسەوارێك بەجێ دەهێڵێت و دەتوانرێت لەسەر ژینگە یاخود جەستەیەك تێبینی بکرێت . (**دورون و بارو ، ١٩٩١ ، ص٣٧**) .

پێناسەی ستر : چەمکێکی فراوان و گشتییەو مەبەست لێی هەر جوڵەیەکی جەستەییە ،یان کردەیەکە کەتاك پێی هەڵدەستێت و ئەنجامی دەدات بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوەیەکی ناوەکی یان دەرەکی وکردەش بۆخۆی ڕەفتارێکی مەبەست گەرایانەیە بەهۆی ئارەزوو بیروباوەڕەکانەوە ڕوو دەدەن کە تاك هەڵگریەتی . (**ستر ، ٢٠١٢ ، ص٢٦٧**) .

پێناسەی ئیجرائی بۆ ڕەفتاری كۆمەڵایەتی : بریتییە لەو هەڵسوكەوت و ڕەفتارانەی كە گەنجێك پێی هەڵدەستێت و لە ژینگەی كۆمەڵایەتییەوە فێری دەبێت ، وەكو (خێزان ، قوتابخانە ،گروپی هاوڕێ ،كۆمەڵگا) ،ئەم ڕەفتارو هەڵسوكەوتانەش لە گەنجێكەوە بۆ گەنجێكی تر بە پێی بارودۆخ و سروشتی كەسەكە یان بكەری ڕەفتارەكە جیاوازە،هەموو ئەو ڕەفتارانەش دەكەونە ژێر كاریگەری كۆمەڵێك بەهاوە كە پێناسی كۆمەڵگە دەكەن و ئەركیان ڕاكێشانی تاكە بۆ ناو پێكهاتەی كۆمەڵایەتیی كۆمەڵگە .

دووەم : گەنج : الشباب (youth)

یەك پێناسەی دیاریكراو نییە بۆ گەنج ،هۆكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی لە ئەنجامی مەبەستدار لەكاتی پێناسەكردندا :

پێناسەی یونسكو : چەمكی گەنجان چەمكێكی كۆمەڵایەتییە وسەرەتای تەمەنی پێگەیشتنە و بەجۆرێكی دیاریكراو لە ڕەفتار جیا دەكرێتەوە ،كەگرێدراوە بە بارودۆخێكی كۆمەڵایەتی دیاریكراوەوە ، قۆناغێكە لەگەڵ تەمەنی پێگەیشتندا دەست پێدەكات كە سەرەتای وەرگرتنی لێپرسراوێتی پیشەیی و خێزانییە . (**یونسكو ، ١٩٧٧ ، ص ١٧٩**).

پێناسەی محسن : گەنجان ئەو توێژەن كە ڕۆڵێكی سەرەكییان لە ژیانی هەموو نەتەوەیەكدا هەیە، چونكە بەردەوام چالاكی و بەخشین و یارمەتیی دانی هەمیشەیی و بەردەوامی و توانا و وزەیان لێ دەردەچێت . (**محسن ، ١٩٧٨ ، ص٧**) .

پێناسەی هارا لامبوس : توێژێكی تەمەنییە كە دەكەوێتە نێوان توێژی بچووك و توێژی پێگەیشتووەكان و پەیوەندیی بە ناوەندی كۆمەڵایەتیی كۆمەڵێك لە خەڵكییەوە هەیە كە لە ڕووی تەمەنی بایۆلۆجییەوە هاوشێوەن، بەڵام لە ڕووی ئاكار و ڕەفتاریانەوە لەگەڵ یەكتریدا جیاوازن. (**هارا لامبوس ، ٢٠٠١ ، ص٤١٢**) .

پێناسەی مبیور : قۆناغێكی تەمەنە و بەشێكە لە بەشەكانی گەشەی مرۆڤ كە تیایدا پێگەیشتنی ئەندامی و فیزیایی (جەستەیی) بەرەو تەواو بوون دەچێت و ، گەشەی عەقڵی و دەروونی دەست پێدەكات تا دەگاتە ئاستی پێگەیشتن و ماوەكەی لەنێوان تەمەنی (١٥_ ٢٥) ساڵیدایە ، هەندێكی تر درێژتر لەو ماوەیە دیاری دەكەن كە(١٣ _ ٣٠) ساڵییە . (**مبیور ، ٢٠٠٣ ، ص٢**) .

پێناسەی قەرەچەتانی : توێژێكی بەرفراوانی كۆمەڵن و ڕۆڵی سەرەكییان لە پێشكەوتنی شارستانیەت و كۆمەڵگادا هەیە ، لەبەر ئەوەی لە ئەوپەڕی گەشەكردنی عەقڵی و جەستەییدان

و هێــزو گــڕو تــین و توانایــان بــێ سنووره ، بــەڵام ئــەو هێــزو تینــەی گــە نجانیش هــەر لــە خۆیــەوە دەر ناکــەوێت بــەڵکو دەبێــت زەمینــەو کەشــو هــەوای دەرونــی و ڕەفتــاری و کۆمەڵایــەتی و ئــابووری و سیاســی بۆ ساز بکرێت . (**قەرەچەتانی ، ٢٠٠٤ ، ل١١٥**) .

پێناســەی أبــادی : لــە فەرهــەنگی (وسـیط) دا چــەمکی گــە نجان بــە تــازە گەرییــەوە (الحداثـة) بەستراوەتەوە ، گە نجێتی سەرەتاکەیەتی و ئەو کەسەیە کەتەمەنی پێگەیشتووە تــاکو دەگاتــە قۆنــاغی پیری . (**أبادی ، ٢٠٠٥ ، ص٢٨**) .

پێناســەی عــدس : ئــەو دۆخەیــە کــە تــاك تیایــدا بــە دوای شوناســی تایبــەت بــە خــودی خۆیــدا دەگەڕێت کە شوێن و ڕۆڵی لە کۆمەڵگادا بۆ دیاری بکات . (**عدس ، ٢٠٠٥ ، ص١٣٩**) .

پێناسەی فهمی : گە نجان واتا چالاکی و هێز و خێرایی . (**فهمی ، ٢٠٠٧ ، ص٨٥**) .

پێناسەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گەنج : حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە پرسی گەنج لە ڕێگەی وەزارەتی وەرزش و لاوانەوە نەخشە ڕێگایــەکی بەبەشداری لایەنــە پەیوەندیــدارەکانی گــە نجان لەبەرواری (٢١/ ١ / ٢٠٠٩) دانا ،تاوەکو ببێتە بەشێك لە پرۆگرامی حکومەتی هەرێم و دواتر لە ڕێکەوتی (١٨ / ٦ / ٢٠٠٩) لەسەر ئاستی هەرێم تەمەنی (گەنج ـ لاو) بە (١٤ ـ ٣٠) ســاڵ دیــاری کــراو چەسپا . (**بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان و کارو چالاکییەکانی وەزارەتی وەرزش و لاوان ، ٢٠٠٩ ، ل٦-١٢**)

پێناســەی ئیجرائــی بــۆ گــەنج : مەبەســت لــە گــەنج لــەم توێژینەوەیــەدا ئــەو توێژەیــە کــە تەمــەنیان لــەنێوان (١٤ _ ٣٠) ســاڵی دایــەو توانــاو وزەی کارکردنیــان هەیــە ، بــەڵام بێکــار ماونەتەوەو هەلی کاریان بۆ نەڕەخساوە .

سێیەم : بێکاری : البطالة (Unemployment)

پێناسـەی غیـث : مەبەسـت لـە چـەمکی بێکـاری حاڵەتێکـە لـە بـەکار نـەهێنانی ئـەو کەسـانەی کـە توانــای کارکردنیــان هەیــەو هــەلی گونجاویــان بــۆ کــارکردن بــۆ نەڕەخســاوە . (**غیــث ، ١٩٨٩ ، ص٤٩٤**) .

پێناســەی عمــر وعبــد الحمیــد : دیاردەیەکــە لــە دیاردەکــانی سیســتەمی ســامانی دەوڵــەت ، کێشــەیەکی گرینگیشــە کــە زاناکــانی کۆمەڵناســی و ئــابووری گرنگییــەکی زۆریــان پێــداوە و دەســەڵاتە

جیاوازەکـانیش هـەوڵیان داوە بـۆ کەمکردنـەوەو نەهێشـتنی بێکـاری . (**عمـر وعبـد الحمیـد ، ١٩٩١ ، ص٢٣٨**) .

پێناسـەی جـوارتینی و سـتروب : ڕێکخـراوی کـاری نێودەوڵـەتی (OTI) پێناسـەی بێکـاری دەکـات بـەوەی کـە دۆخێکـە تیایـدا تـاك لـە تەمـەنی کارکردندایـەو توانـاو ئـارەزوی کـارکردنی هەیەو بەدواشیدا دەگەڕێت ، بەڵام دەستی ناکەوێت . (**جوارتینی و ستروب ، ١٩٩٩ ، ص ٢٠٢**) .

پێناسـەی دەبـاغ : لـە ئینسـکلۆپیدیای ئـابووری فیصـل دەباغیشـدا وا پێناسـەی بێکـاری کـراوە بـەوەی کـە بارێکـە تیایـدا کەسـەکان توانـاو ئـارەزوی کارکردنیـان هەیـە ، بـەڵام کاریـان چـنگ ناکەوێت و بێکار ماونەتەوە . (**دەباغ ، ٢٠٠١ ، ل٩٠**) .

پێناسـەی سکوت و مارشـاڵ : نـەبوونی توانـای تاکـە لـە فرۆشـتنی هێـزی کـاری لـە بـازاری کـاردا ئەگەرچی خۆی ئارەزوی ئەوەش دەکات . (**سکوت و مارشاڵ ، ٢٠١١ ، ص٢٧٥**) .

پێناسـەی ئیجرائـی بـۆ بێکـاری : بریتییـە لـە نـەبوونی هـەلی کـار و دەسـت نەکـەوتنی کـار بـۆ ئـەو گە نجانـەی کـە توانـا و هێـزی کارکردنیـان هەیـە ،بـەڵام بێکـار ماونەتـەوە و کاریـان دەسـت ناکەوێت.

بەشی دووەم

چوارچێوەی هزری و تیۆری ڕەفتاریی کۆمەڵایەتی

باسی یەکەم : چوارچێوەی هزری ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و ڕەگەز و خەسڵەتەکانی

باسی دووەم : چوارچێوەی تیۆری ڕەفتاری کۆمەڵایەتی

بەشی دووەم

چوارچێوەی هزری و تیۆری ڕەفتاریی کۆمەڵایەتی

باسی یەکەم

چوارچێوەی هزری ڕەفتاریی کۆمەڵایەتی و ڕەگەز و خەسڵەتەکانی

کاتێك تەماشای مێژووی هزری کۆمەڵایەتی دەکەین، دەبینین زۆربەی فەیلەسوف و بیرمەندەکان باسیان لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی (کردەی کۆمەڵایەتی) کردووە ، بیرو بۆچونی خۆیان دەربارەی ئەم بابەتە دەربڕیوە ، هەر لە سەدەکانی ڕابردوو وسەرەتای شارستانیەتی عێراقی کۆن و میسر و هند و چین و یۆنان و سەردەمی ئیسلام و ڕێنسانس و هەتا ئێستاشی لەگەڵدابێت بەردەوامە، بۆنموونە لە شارستانیەتی **کۆمەڵگەی عێراقی کۆندا** کە بە (میزۆپۆتامیا و دۆڵی ڕافیدەینیش ناو دەبرێت) باس لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ئەو کۆمەڵگەیە و ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی تاکەکان کراوە، بەتایبەتی لە یاساکەی (حامورابی)دا ، کە بەستوونی حامورابی ناسراوە کە کۆمەڵێك یاسایە بەجێماوە ، تیایدا باس لەو ڕەفتار و کردارانەی تاکەکانی کۆمەڵگە دەکات کە بەسەر چەند چینێکدا دابەشببوون کە هەریەکەیان ڕەفتارو کردەی تایبەت بەخۆیان هەبووە لە چوارچێوەی ئەو چینەی کە تیایدا ژیاون ، واتە ڕەفتارەکانیان بە پێی چینەکانیان دیاریکراون کە جیاوازبووە لە ڕەفتاری چینێکی تر ، لە نمونەی ئەو چینانەش کەلەو کاتەدا بوونی هەبووە ﴿ چینی پاشاکان(الملك) و ئەشرافەکان(اویل) و ئازادەکان(المشكين) و کۆیلەکان(ورد) ﴾،هەر یەکێکیش لەم چینانە ئەرك و ماف و کردار و ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی تایبەت بەخۆیان هەبووە ،کە لە چینێکی تری ناو کۆمەڵگە جیاوازبووە ،ئەمە جگە لەوەی ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای عێراقی کۆندا لەسەر شێوەی بوونی دوو سیستمی کۆمەڵایەتی بووە ، کە بریتی بوون لە یەکەیەکی سیاسی و یەکەیەکی ئابووری و ئاینی . (عمر ،ص١٧_١٨). بەواتای ئەوەی هەر شارێك پەرستگایەکی تایبەت بەخۆی هەبووە و خواوەندی تایبەت بە خۆی هەبووە ، بۆنموونە حامورابی بەناوی خواوەندی خۆرەوە فەرمانڕەوایی کردووە ، هەروەها شار یەکەیەکی تاڕادەیەك سیاسی بووە کە بە یەکەیەکی ئاینی و ئابووریەوە بەستراوەتەوە، خەڵکانی شار خەریکی چاندن و بەرهەمهێنانی زەوی بوون و ئەرکی سەرشانیان بریتی بووە لە کێڵانی زەوی و بەرهەمهێنانی لە پێناوی خودادا، هەر ئەمەشە وای کردووە کە شار یەکەیەکی بێ سنوری هەبێت.

واتــا بنــەمای ســەرەکی کۆمــەڵگای عێراقــی کــۆن بریتــی بــووە لــە پەرســتگا ،واتــا هــەموو تــاکێك لــە کۆمــەڵگادا گەڕاوەتــەوە بــۆ پەرســتگاو ڕەفتــارو کردارەکانیــان بــە پێی فەرمانــەکانی پەرســتگا ئاڕاســتە کــردووە تەنانــەت تاکــەکان کاریــان لــە پێنــاوی پەرســتگادا کــردووە و خێــرو بێــری کۆمــەڵگاش هــەمووی بەســتراونەتەوە بــە پەرســتگاوە .کەواتــە لەمــەوە بۆمــان دەردەکــەوێت لــە کۆمەڵگــەی عێراقــی کۆنــدا ئــاین ڕۆڵــی ســەرەکی لــە ڕێکخســتنی ڕەفتــاری تاکــەکانی کۆمــەڵگاو بــەڕێوەبردنی کۆمــەڵگادا هــەبووە لــەرووی ملکەچــکردنیان بــۆ فەرمانــەکانی پەرســتگا بــێ جیــاوازی لــەنێوان چــینەکانی کۆمــەڵگادا، تەنانــەت خــودی پاشــاش ملکەچــی پەرســتگا بــووە ،بەڵگــەش بــۆ ئەمــە بــوونی مەڕاســیمێکی تایبــەت بــووە کــە ســاڵانە لــە ســەرەتای بــەهار، یان زســتان ئــە نجام دراوە کــە خــەڵکێکی زۆر کۆکراونەتــەوە بــە ئامــادەبوونی پیــاوانی ئــاینی دەســەڵات لــە پاشــا سەندراوەتەوەو دراوەتــە دەست کەسێکی تــر ، پاشــا دانــی بــە هــەموو ئــەو ئــیش و کــارو ڕەفتارانــەدا ناوەکــە کردویــەتی بــە درێــژایی ســاڵ بــە بــاش و خرا پیــەوە . (**عمــر ، ص١٧_١٩**). هــەروەها شارســتانیەتی عێراقــی کــۆن بــڕوای بــە کــەم توانــایی دەســەڵاتی مــرۆڤ هــەبووە ،هۆکــاری ئــەوەش دەگەڕێتــەوە بــۆ ئــەو سیســتمە کۆمەڵایەتیــەی کــە ئــەو کۆمەڵگەیــەی بــەڕێوەبردووە ،هــەر لەبــەر ڕۆشــنایی ئــەو سیستمەشــدا ڕەفتــارو کردارەکــانی مــرۆڤ دیــاریکراوە بــە پێی ئــەو چــینەی کــە تیایــدا ژیاوە .

لــە شارســتانیەتی **میســریە کۆنەکانیشــدا** گرنگــی بــە تــاك دراوەو تاڕادەیــەك پــیرۆزی خــۆی هــەبووە ، هــەروەها بنــەمای ڕەوشــتی و شــێوازی ڕەفتــار بــۆ تاکــەکان دیاریکراوە،کــە دەبێــت پێــوەی پابەنــدبن ،بــەلادان لــەو بنەمایانــە توشــی ســزای ســەخت دەبوونــەوە .ئەمــە جگــە لــەوەی گرنگــی زۆر بــە پرۆســەی پــەروەردەکردنی کۆمەڵایــەتی دراوە جــەختی زۆر لەســەر پــەروەردەکردنێکی تەندروســت لەلایــەن خێزانــەوە کراوەتــەوە ،تــاوەکو لەڕێگەیــەوە بتوانرێــت تــاکێکی تەندروســت لــە کۆمــەڵگادا دروســت بکرێــت . (**عبــد البــاقي** ،١٩٨١ ، ص١٥_١٧). هــەروەها پێکهاتــەی کۆمــەڵگای میســری کــۆن بریتــی بــووە لــە پیشــەی تــاك کــە لــە بنەڕەتــدا بەشــێوەی پلەبەنــدی کۆمەڵایــەتی هاتۆتــە خــوارەوە .(**عمــر** ، ص١٠_١١) واتــە تاکــەکان لــە میســری کۆنــدا دابــەش بــوون بەســەر چــەند چــینێکدا لەوانــە چــــینی (جوتیار، کرێکار، جــــەنگاوەرەکان، پیاوانی ئاینی، نوسەر، پاشــــا) ،کــــردارو ڕەفتــــاری کۆمەڵایــەتی هەریــەکێك لــەم چینانــە لــە چینێکی تــر بــە پێــی ئــەرك و ڕۆڵــەکانیان لــەناو کۆمــەڵگادا جیــاواز بــووە و جــۆری ئــەو ڕەفتــارە کۆمەڵایەتیــەی کــە تاکێــك لــەو کۆمەڵگایــەدا کردوویــەتی جیــاوازبووە لــە تــاکێکی تــر ، چــونکە کۆمەڵگــەی میســری کــۆن دابــەش بــووە بەســەر چــەند چینێکدا کــە

هەر چینەو تایبە تمەندی خۆی هەیەو جیاوازە لە چینێکی تر بەمەش ڕەفتارو کردارەکانی مرۆڤ لە یەکتری جیاوازن.

هەروەها لە **شارستانیەتی هندی کۆنیشدا** باس لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی کراوە بەتایبەت لە یاساکانی مانودا ،کە یەکێکە لەو سەرچاوە گرنگانەی کە دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە زانیاری لێوەربگیرێت سەبارەت بە ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی هندییە کۆنەکان،کە لەلایەن تایفەیەکی هندییەوە نوسراوە کە پێی دەوترا (براهما)،ئەم یاسایە کۆمەڵێك ڕێوشوێنی چەسپێنەرە کە باس لە ژیانی کۆمەڵایەتیی هندی کۆن دەکات ولەو ڕێگەیەوە دەتوانرێت نەوەکانی داهاتوو بە بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و بنەما ڕەوشتی و دابو نەریت و خووە کۆمەڵایەتیەکان ئاشنا بن،گرنگترین شت کە لە یاساکانی مانودا بەرچاودەکەوێت(دابەشکردنی چینایەتییە)،کەلە ڕێگەیەوە ئەرك و مافە سیاسی و ئاینی و تایبەتی و گشتییەکان دیاری کراوە،ئەم دابەشکردنەش لەسەر بنەمای ئاینی و ڕەگەزی بووە، بە پێی یاساکانی مانو کۆمەڵگەی چینی کۆن دابەشبووە بەسەر چەند چینێکدا لەوانە ﴿ براهما(پیاوانی ئاینی)،الكشاترین(جەنگاوەران)، الفیسائیین(دارتاش و پیشەوەران)، السودریین(کۆیلەکان) ﴾ براهماکان پێکهاتبوون لە پیاوانی ئاینی کەئەرکی سەرشانیان شیکردنەوەو تێگەیاندنی فەرمایشتە ئاینیەکان بووە بۆ خەڵك و چینەکانی تری کۆمەڵگا، تەنانەت ئەم چینە شارەزایی تەواویان لە ڕێنمایی کردن و فەرمایشتە ئاینیەکاندا هەبووە، ئەمان تەنها سەرچاوەی دەسەڵات بوون لە هندی کۆندا،ئەوەی کە پشتگیری ئەم چینەی دەکرد چینی دووەم (چینی جەنگاوەرەکان)بوو کە تا ڕادەیەك سەربەستی مەدەنی و سیاسیان هەبووە، (چینی فیسائینیش) بریتی بوون لە بازرگان و پیشەوەران کە پیشەی دەستیان هەبووە ، کۆڵەکەی ئابووری کۆمەڵگەی هندی کۆن بوون ، بەهەموو شێوەیەك بێبەری کراون لە مافی ئاینی و سیاسی ،واتا بۆیان نەبووە دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست ، چینی سودراش بریتی بوون لە کۆیلەکان کە لە مافی ئاینی و سیاسی بێبەری بوون و لە خزمەتی چینی یەکەم و دووەمدابوون ،هەروەها بۆ کۆیلەکان نەبووە گوێ لە فەرمایشتە ئاینیەکان بگرن یاخود شتیان لێوە فێربن ئەمەش بۆ ئەوەی شارەزاییان نەبێت لە زانیاری و فەرمایشتە ئاینیەکان ، ئەگەر گوێیان بگرتایە ئەوا قوڕقوشمی تواوە دەخرایە گوێیانەوە . (**عبد الباقي ، ١٩٨١ ، ص٣٢_٣٦**) . کەواتە لە کۆی ئەمەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کردارو ڕەفتاری تاکەکان لە کۆمەڵگەی چینی کۆندا بە پێی پلەو پایەو جۆری ئەو چینەی کە تیایدابووە ئەنجامی داوە ،واتە تاکەکان ئازاد نەبوون لە کردنی ئەو کردارو ڕەفتارانەی کە کردویانە ، چونکە کۆمەڵگای چینی کۆن

کۆمەڵگەیەکی داخراوو تا رادەیەك وەستاو بووە، لەسەر سیستمی چینایەتی رۆیشتووە بە رێوە تەنانەت تاکەکان بۆیان نەبووە لە چینێکەوە بچن بۆ چینێکی تر ،کەواتە کردارو رەفتاری تاکەکان لە کۆمەڵگەی هندی کۆندا سنوردار بووە ولە چوارچێوەی ئەو چینەدا بووە کە تیایدا ژیاوە .

ئەمە جگە لەوەی لە فەلسەفەی هندۆسیدا گرنگی زۆر دراوە بە ناخی مرۆڤەکان نەك شێوەی دەرەوەیان، پێیان وابووە باشترین رێگا بۆ تێگەیشتنی مانای ژیان بریتییە لە گەران بە ناخی خۆتدا نەك شێوەی دەرەوە ،هەروەها پێشیان وابووە بۆ ئەوەی جیهان باش بناسی پێویستە سەرەتا دەروونی خۆت بناسیت .هەروەها لە کۆمەڵگەی هندی کۆندا دیاردەی دووبارەبوونەوەو جیاکردنەوەی رۆح لە جەستە بوونی هەبووە ،واتا ژیانی تاکێك بریتی بووە لە زنجیرەیەك لە ژیان کە ئەو رۆحەی پیادا دەروات واتا کاتێك تاکێك دەمرێت تەنها جەستەکەی دەمرێت و رۆحی نامرێت و دەچێتە جەستەیەکی ترەوە، ئامانج لەم دیاردەیەش پاککردنەوەی ئەو رۆحەیە تاکو دەگات بە دوونیای کۆتایی و ئارام دەبێت، ئەگەر ئەوکەسەی دەمرێت کەسێکی شەرانگێزبوو ئەوا کە دادگایی کرا سزا دەدرێت بە مەبەستی پاککردنەوەی، ئەو رۆحە جارێکی تر دەچێتە ناو گیانەوەرێکی دڕندەوە تاکو پاك دەبێتەوە لە خراپە، بەلام بە پێچەوانەوە ئەگەر کەسەکە رۆحی پاك بوو ئەوا دەچێتە جەستەی کەسێکی باشەوە، لەوانەیە هەر ئەو رۆحە پاکە چەند جەستەیەك ببینێت.(عمر ، ص٤٥_٤٧) .

لەدیارترین فەیلەسوفانی ئەم کۆمەڵگەیەش بوزایە (٥٦٣_٤٨٣) پ. ز . بیروباوەرەکانی بریتی بووە لە جەختکردنەوە لەسەر بیرکردنەوەو پاککردنەوە، هەوڵی بۆ دڵنیایی و پاککردنەوەی دەروون داوە لە رێگەی کردنی کاری چاکەو گرتنەبەری رێ و شوێن و چەسپێنەرە رەوشتیەکانەوە ،هەروەها داوای یەکسانی و نەمانی چینایەتی وجیاوازی لەنێوان کەسەکانی کۆمەڵگەدا لەرووی مافە ئاینی و سیاسی و سەربەستیەکانەوە کردووە، پێی وابووە ئەوانەی خاوەن پلەو پایەو سەروەت و سامان و دەسەلاتن پێویستە لێیان بسەندرێتەوەو هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بە یەکسانی بەژداربن لەو مافانەدا، لەگەڵ ئەمانەشدا زۆر لە رێنماییەکانی جێبەجێ نەکراون ، بەلام بۆتە بنەمایەك بۆ رەوشتوو زاناکانی دوای خۆی کە ویستویانە سیستمی کۆمەلایەتی دا بمەزرێنن، هەر لەبەر ئەوەیە کە دەوترێت هزری کۆمەلایەتی لە کۆمەڵگەی هندی کۆندا زیاتر تابعێکی رەوشتی و رەفتاری هەیە کە ئاما نجەکەی رزگارکردنی کۆمەڵگەی هندییە لە جیاوازی چینایەتی کە لەسەر باوەری براهما بنیات نراوە بەومانایەی کە براهما چینێکی پیرۆزەو سودرا و چینەکانی تر بێزراون لە کۆمەڵگادا ،هەر لەبەر ئەوە فەلسەفەی بوزایی جەختی کردۆتەوە

لەسـەر ئـەوەی کـە پـیرۆزی تـەنها سیفەتێك نییـە کـە بدرێتـە پـاڵ لـەدایك بـوون و بۆمـاوە ،بـەڵکو هـەموو مرۆڤێـك پابەنـدە بـە ڕەفتـارە کۆمەڵایـەتی و دینیەکانیـەوە دەتوانێـت ببێـت بـە براهمـایی . (**عبد الباقي ، ١٩٨١ ، ص٣٥**) .

هـەروەها لـە **شارسـتانیەتی چـینی کۆنیشـدا** بـاس لـە ڕەفتـار و کـردارە کۆمەڵایەتیـەکانی مـرۆڤ کراوە، فەلسـەفەی چـینی درێـژکراوەی فەلسـەفەی کـۆنی باوبا پیرانیانە، هـەروەها بنچـینەی هـزری لای شارسـتانیەتی چـینی بریتییـە لـە ژێـری مـرۆڤ کـە پرۆسـەیەکی مرۆییانەیـە ڕاسـتەوخۆ لـە مـرۆڤ و واقعـی کۆمەڵایـەتی دەدوێـت و ئـامـانجی سەرەکیشـی دروسـتکردنی تـاکێکی چـاك و پڕکردنـەوەی پێداویسـتیەکانی تـاك بـووە لەسـەر بنـەما ڕەوشـتیەکان، هەروەها فەلسـەفەی چـینی گوزارشـتی لـە بـارودۆخی ژیـانی تـاك دەکـردو ئـامـانجی چـاکەو خێـری ڕەگـەزی مرۆیـی بـووە بـە گشـتی .
لـەدیارترین فەیلەسـوفە بەناوبانگـەکانی چـینی کـۆن کۆنفۆشـیوس ٥٥١_٤٧٩پ.ز. بـووە کەهەمیشـە هـەوڵی داوە کەسـانی کۆمەڵگاکـەی لـە کێشـەکانی ئـەودیو سروشـت دوربخاتەوە، واتـە گەڕانـەوەی کێشـەکان بـۆ هێـزە نادیارەکان، بـەڵکو پێـی وابـوو مـرۆڤ دەبێـت بـە هـەوڵ و کۆششـی خـۆی ژیـانی ڕۆژانـەی خـۆی دابـین بکات، واتـە زیـاتر هزرەکـانی لـە شـێوەی ئامۆژگاریـدابووە. (**عبـد البـاقي ،١٩٨١ ، ص٣٦_٣٧**) .

کەواتـە لەمـەوە بۆمـان دەردەکـەوێت بابـەتی سـەرەکیی فەلسـەفەی کۆنفۆشـیۆس، بریتییە لـە ڕەوشـت ،بـەواتای ئـەوەی کـە ئـامـانجی سـەرەکی چاکسـازییە لـە ڕەوشـتی کۆمەڵایەتیدا، چـونکە کۆنفۆشـیۆس پێـی وابـوو کـە شـەڕوئاژاوەی کۆمـەڵگاکان و بـوونی گەنـدەڵی ڕژێمـە سیاسـییەکان و تێکچـونیان دەگەڕێتـەوە بـۆ یاسـا وەزعیـەکان ،کـە دەوڵەتـەکان دایـان ڕشـتووەو لەتوانایـدا نییـە کۆمەڵگەیـەکی ڕێکخـراو و تەندروسـت بەرهـەم بهێنێـت ،هـەر لەبـەر ئەمەیـە کـە یاسـا سروشـتی و کۆمەڵایەتیـەکان توشـی گەنـدەڵی بـوون ،هۆکـاری ئەمـەش لـە تێڕوانینـی کۆنفۆشیوسـدا دەگەڕێتـەوە بـۆ دروسـت نـەکردنی تـاکێکی بـاش و تەندروسـت لـە کۆمەڵگاداو پێشـی وایـە هۆکـاری دروسـتنەکردنی ئـەم تـاکـە باشـە لـە کۆمـەڵگادا بـوونی خێزانـی گەندەڵە، کـەوادەکات تـاکـەکان دڵ و دەرونیـان پـیس بێـت و ئـارەزوو شـەهوەت زاڵ بێـت بەسـەریاندا، هەربۆیە پێویسـتە سیسـتمێکی کۆمەڵایـەتیی بـاش هـەبێت تـا ئـەم دۆخـە ڕێـك بخـات و پێویسـتە ئـەو سیسـتمە لەسـەر بنـەمای داد پـەروەری و یەکسـانی و ئـازادی دا بمـەزرێت و پێشـی وابـووە کـە پێویسـتە مـرۆڤ سروشـت و هەڵسـوکەوت و ڕەفتارەکـانی چـاك و تەندروسـت بێـت ،بـۆ ئەمـەش هـەر تاکێـك پێویسـتی بـە خێزانێکی چـاکە کەلەسـەر بنـەمای ڕەوشـت دامـەزرابێت و پـاك بوبێتـەوە لـە شـەهوەت و ئارەزووەکانی، واتـە پێویسـتە هـەر تاکێـك لـە کۆمـەڵگادا بـە پێـی بنـەما ڕەوشـتییەکان ڕەفتـار بکـات. (**عبـد البـاقی ، ١٩٨١ ، ص٣٧**).هـەروەها

پێشی وابووە کە تاك بنەمای سەرەکی خێزانە و خێزانیش یەکەیەکی یەکەمی و سەرەکییە لە کۆمەڵگادا ، هەربۆیە هانی مرۆڤ دەدات کە گەشە بدەن بە دەروون و عەقڵ و ڕەفتاریان و زیادکردنی زانست و زانیاری و ڕەوشتیان و هەموو ئەمانەش بەستراونەتەوە بە ڕەوشتی خێزانەوە و ئەویش بەستراوەتەوە بە ڕەوشتی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەوە، واتە بنچینەی پێکهێنانی تاکێکی تەندروست لای کۆنفۆشیۆس بەستراوەتەوە بە خێزانێکی تەندروستەوە، کە ئەوانیش بە پێی بنەما ڕەوشتییەکانی کۆمەڵگە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا ئەنجام بدەن .کۆنفۆشیوس زیاتر جەختی لەسەر ڕەفتارو لایەنی دیموکراسی و سیاسی و دابەشکردنی سەروەت و سامانی کۆمەڵگە بووە بەسەر تاکەکاندا لە پێناو دەستەبەرکردنی داد پەروەری کۆمەڵایەتی و پاکردنەوەی ناخ لە ڕق و کینەو چاوچنۆکی، پێشی وابووە کە ڕەوشت بنەمای هەموو شتەکانی ترە، کاتێك مرۆڤ ناخی پاك و بێگەرد بوو، ئەوا دۆخ و باری خێزان باش دەبێت و لەوێشەوە دۆخی هەموو کۆمەڵگا بەرەو باش بوون دەڕوات ، بەم جۆرە جیهان لە ئاشتی و ئارامیدا دەژیت، هەروەها لە تێڕوانینی کۆنفۆشیوسدا سیستمی کۆمەڵایەتیی تەندروست بنەمای سیستمی سیاسییە کەلەسەر بنەمای ئازادی و یەکسانی و داد پەروەری دامەزرابێت، ئەمەش لەڕێگەی ڕێکخستنی کاروبارەکانی خێزان و پاکبوونەوەی تاکەکان لە شەهوەت و گوێڕایەڵی و هاوکاری و هاوبەندی کۆمەڵایەتییەوە دروست دەبێت.(**عبد الباقی ، ١٩٨١ ، ص٣٧**).

واتە تاکی پەیوەست کردووە بە ڕەوشتی خێزانەوە و ڕەوشتی خێزانی پەیوەست کردووە بە ڕەوشتی کۆمەڵایەتییەوە ڕەوشتی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەشی پەیوەست کردووە بە بە ڕەوشتی دەوڵەتەوە کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی دەوڵەتێکی تەندروست. (**عمر ، ص٤٢**) .

لە **شارستانیەتی یۆنانی کۆنیشدا** باس لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی مرۆڤەکان کراوەو هەر فەیلەسوف و بیرمەندێکیش بە پێی تێڕوانین و بیرو بۆچوونی خۆی ڕاڤەو شیکردنەوەی بۆ ڕەفتاری کۆمەڵایەتی کردووە ،لەوانە **ئەفلاتون** (٤٢٨ _ ٣٤٧ پ. ز) وەکو یەکێك لە فەیلەسوفانی یۆنان گرنگی داوە بە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و شیکردنەوەو ڕاڤەی بۆ کردووە و باسی لە سروشتی مرۆڤ کردووەو ڕاڤەی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی مرۆڤی کردووە، پێی وابووە کە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی بەرهەمی کاریگەریەکانی کۆمەڵگەیە ،ڕەفتاری تاکیش پشت بە بەهاو پێوەرەکانی گروپ و یاسا کۆمەڵایەتییەکان دەبەستێت ،بڕواشی وابووە کە دام و دەزگا پەروەردەییەکان وەکو خێزان و قوتابخانەو دام و دەزگا ئاینییەکان بەهەر ئاراستەیەك بێت سروشتی ڕەفتاری مرۆڤ دەگۆڕن و کاریگەریی گەورەیان لەسەری هەیە.(**عبد الباقی ، ١٩٨١ ، ص٤٣_٤٤**).

پێشی وابووه کە گروپەکان لەناو کۆمەڵگادا لەدەرئەنجامی پێداویستیی مرۆیی هاتونەتە ئاراوە ، ئەم پێداویستییانەش بەبێ بوونی هاوکاری نێوان مرۆڤەکان ناتوانرێت پڕبکرێنەوە، ئەفلاتون دەڵێت بنەمای سەرەکیی هەر کۆمەڵگەیەکی شاری بریتییە لە پێداویستییە ئابورییەکان و ئاڵوگۆری خزمەتگوزاری لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگاداو ئەرکی سەر شانی دەوڵەتیش بریتییە لە دەستەبەرکردنی ئاسانترین ڕێگا بۆ پرۆسەی ئاڵوگۆری نێوان تاکەکان و جێبەجێکردن و تێرکردنی پێداویستییە جۆراوجۆرەکان ، ئەرکی تاکیش بریتییە لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکەی لەسەر شانیەتی و لە ڕێگەیەوە ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی جیاواز دەبینێت لە کۆمەڵگەدا، هەروەها گرنگی تاکی کۆمەڵایەتیی دەبەستێتەوە بە ئەنجامدانی ئەو ئەرکەی لەسەر شانیەتی ، بەواتایەکی تر گرنگی تاك دەبەستێتەوە بەبەهای ئەو کارەی کە دەیکات لە کۆمەڵگادا.(**احمد ، ١٩٩٧ ، ص٢١**) .

کەواتە ناوەڕۆکی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی لای ئەفلاتون لە هەناوی کۆمەڵگەوەیە ، تاك پەیوەستە بە بەهاو پێوەرەکانی ناو کۆمەڵگەو لەوێوە ڕەفتارەکانی ئاڕاستە دەکرێت .

هەروەها **ئەرستۆ** (٣٦٧_٣٢٢ پ.ز) ڕاڤەی ڕەفتاری تاکی کردووە لەسەر بنەمای بۆماوەیی ، باوەڕی بەوە بووە کە مرۆڤ بەسروشتی خۆی مەدەنی و کۆمەڵایەتییە، پێشی وابووە کە کۆمەڵگا یان دەوڵەت لەتوانایدایە دەرفەتی خۆشگوزەرانی بۆ تاکەکان فەراهەم بکات، لەسەر بنەمای کار دابەشکردن و کۆمەڵگەی خۆشگوزەران لە تێڕوانینی ئەرستۆدا ئەو کۆمەڵگایەیە کە تیایدا هەموو هاونیشتیمانییەك دەتوانێت بە پێی یاساکان کار بکات و سەرجەم پێداویستییەکانی بۆ فەراهەم بکرێت. (**احمد ، ١٩٩٧ ، ص٤٢_٤٧**) .

کەواتە لەتێڕوانینی ئەرستۆدا یاسا بنەمای سەرەکییە بۆ کۆبوونەوەی مرۆڤەکان و ئامانجی ڕێکخستنی هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی تاکە .وەکو ئاشکراشە یاسا بۆ خۆی بریتییە لە کۆمەڵێك یاسا و ڕێسا کە لە چوارچێوەیدا ڕەفتارو هەڵسوکەوت و ڕەوشتی مرۆڤەکان ڕێکخراوە. بە تێڕوانین لە ڕەفتارو هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە تاکەکان بەسروشتی خۆیان کۆمەڵایەتین و ناتوانن بەتەنهاو گۆشەگیری بژین و پێداویستییەکانیان دابین بکەن. مرۆڤ بەسروشتی خۆی هەوڵدەدات بەباشترین شێوە زۆرترین لە پێداویستییەکانی دابین بکات کە ئەمەش زۆرجار دەبێتە هۆی بەزاندنی سنوری مافەکانی بەرامبەر و تێکچوونی پەیوەندییەکان و دروست بوونی گرژی و ئاڵۆزی ،کەواتە لەمەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت،کە پێویستە بۆ فەراهەمکردنی پەیوەندییەکی تەندروست و ژیانێکی ڕێکخراو لەنێوان مرۆڤەکاندا

پێویسته كۆمه‌ڵێك یاساو رێسا و بنه‌ما بونیان هه‌بێت و رۆڵی خۆی بگێرێت، له‌رووی رێكخستنی ره‌فتاری تاكه‌كانی كۆمه‌ڵگه‌و به‌خشینه‌وه‌ی مافی خوراوو كه‌مكردنه‌وه‌ی جیاوازیی چینایه‌تی و راگرتنی سنور بۆ ئه‌و كه‌سانه‌ی پێشێلی مافی ئه‌وانی تر ده‌كه‌ن ،ئه‌مه‌ش له‌رێگه‌ی تۆكمه‌كردن و جێبه‌جێكردنی یاساوه‌ ده‌بێت ،به‌جۆرێك جیاوازی نه‌كرێت له‌ نێوان مرۆڤه‌كاندا به‌هۆی ره‌نگ و باری ئابوری و دین و ره‌گه‌ز و پله‌وپایه‌ ،هه‌موو ئه‌مانه‌ش له‌ پێناوی گه‌یشتن به‌ داد په‌روه‌ری كۆمه‌ڵایه‌تی.واته‌ پێویسته‌ یاسا له‌ كۆمه‌ڵگادا له‌ پاڵ جێبه‌جێكردنیدا ئاما نجێكی تری هه‌بێت ،كه‌ بریتییه‌ له‌ پاراستنی شكۆی مرۆڤه‌كان و هێنانه‌دی یه‌كسانی كۆمه‌ڵایه‌تی.واته‌ یاسا ده‌توانێت ده‌سته‌به‌ری داد په‌روه‌ری كۆمه‌ڵایه‌تی بێت به‌ومه‌رجه‌ی یاسا بۆ هه‌مووان بێت ،تا له‌و رێگه‌یه‌وه‌ كۆمه‌ڵگه‌یه‌كی ته‌ندروست و یه‌كسا نخواز و خاوه‌ن ماف بهێندرێته‌ دی،به‌جۆرێك هه‌ر كه‌سێك به‌ پێی ئه‌و ره‌فتاره‌ی كه‌ ده‌یكات له‌ كۆمه‌ڵگادا پاداشت و سزا وه‌ربگرێت .

هه‌روه‌ها چه‌ند فه‌یله‌سوف و بیرمه‌ندێكی ئیسلامیش باسیان له‌ ره‌فتاری كۆمه‌ڵایه‌تی كردووه‌ له‌وانه‌ش :

ئه‌بو نصر ئه‌لفارابی (٨٣٧ _ ٩٥٠ پ. ز) ، پێی وابوو كه‌ هه‌ر تاكێك بنه‌مایه‌كی خۆرسكی (فطری) هه‌یه‌ بۆ ره‌فتاری كۆمه‌ڵایه‌تی ، هه‌ر مرۆڤێك پێویستی به‌وانی تره‌ له‌كاتی به‌ئه‌نجام گه‌یاندنی ئه‌و ئه‌ركه‌ی له‌سه‌رشانیه‌تی،یان ئه‌و رۆڵه‌ی كه‌ ده‌یگێرێت له‌ كۆمه‌ڵگادا تا له‌رێگه‌یه‌وه‌ بتوانێت پێداویستییه‌كانی خۆی تێربكات .(احمـد ، ١٩٩٧ ، ص٨٢_٨٣) ، هه‌روه‌ها تویژینه‌وه‌ی له‌سه‌ر سروشتی كۆمه‌ڵگا كردووه‌و باسی له‌ گرنگی كۆبوونه‌وه‌ی مرۆیی كردووه‌و رِوونی كردۆته‌وه‌ ، پێشی وابووه‌ كه‌ مرۆڤ بۆ پڕكردنه‌وه‌ی پێداویستیه‌كانی پێویستی به‌ كۆبوونه‌وه‌و هاوكارییه‌ ،له‌م بۆچونه‌شیدا زۆر نزیكه‌ له‌ بیروبۆچونه‌كانی ئه‌رستۆوه‌ كه‌ پێی وابووه‌ مرۆڤ به‌ سروشتی مه‌ده‌نییه‌و كۆبوونه‌وه‌ی مرۆڤه‌كانیش گرنگه‌ بۆ پڕكردنه‌وه‌ی پێداویستییه‌كانیان ،هه‌روه‌ها فارابی باسی له‌ دابه‌شكردنی كارو پسپۆری كردووه‌ وه‌كو بنه‌مایه‌ك بۆ بونیادنانی كۆمه‌ڵگه‌ . (احمد ، ١٩٩٧ ، ص٨٩) .

كه‌واته‌ له‌دیدی فارابیدا ره‌فتاری كۆمه‌ڵایه‌تی په‌یوه‌ندیی به‌ فطریه‌تی مرۆڤه‌وه‌ هه‌یه‌،نه‌ك ئه‌وه‌ی له‌ كۆمه‌ڵگاوه‌ وه‌رگیرابێت ،واته‌ (مكتسب) نییه‌ وه‌ئه‌مه‌ش لای فارابی حه‌تمی نییه‌.

هه‌روه‌ها **عبدالرحمن ابن خلدون** (١٣٣٢ _ ١٤٠٦پ.ز) له‌ كتێبه‌ به‌ناوبانگه‌كه‌ی به‌ناوی (المقدمة) باس له‌گرنگی كۆبوونه‌وه‌ی مرۆڤه‌كان پێكه‌وه‌ ده‌كات و پێی وایه‌ مرۆڤ به‌سروشتی خۆی كۆمه‌ڵایه‌تییه‌ ، كۆبونه‌وه‌ی نێوان مرۆڤه‌كانیش له‌ دوو رووه‌وه‌ گرنگه‌ :

یەکـــەم : لـــە ڕووی دابینکردنـــی پێداویســـتییەکانی مرۆڤـــەوە گرنگە، لـــە ڕێگـــەی هاوکـــاریکردن لەگەڵ یەکتریدا لە ژیانی کۆمەلایەتیدا .

دووەم : پارێزگـــاری کـــردن لەیـــەکتری لەڕێگـــەی بـــونی دەســـەلاتێکەوە لـــە کۆمـــەڵگادا کـــە ئـــارامی و ئاسایش فەراهەم بکات بۆ تاکەکان . (**ابن خلدون ، ١٩٩٩ ، ص٦٩-٧١**) .

لـــە تێڕوانینـــی **ئـــیبن خلدونـــدا** مـــرۆڤ هـــەر بەسروشـــت کۆمەلایەتییـــە ، کۆبونـــەوەی نێـــوان مرۆڤـــەکانیش بـــۆ دابینکردنـــی پێداویســـتییەکانیان و پارێزگـــاری کردنیـــان لـــە یـــەکتری گرنگـــە. هـــەروەها **بیرمەنـــدانی پـــەیمانی کۆمەلایـــەتیش** باســـیان لـــە ڕەفتـــاری کۆمەلایـــەتی کـــردووە ،بـــۆ نموونـــە تێڕوانینـــی **هـــۆبز** بـــۆ سروشـــتی مـــرۆڤ و ڕەفتارەکـــانی لـــە ژێـــر کاریگـــەری ئـــەو هەلومەرجـــەدابووە کـــە کۆمەڵگـــەی بـــەریتانی ئـــەو ســـەردەمەی تیـــادا ژیـــاوە کـــە ســـەردەمی جـــەنگی نـــاوخۆی بـــەریتانیا بووە،کـــە توندوتیـــژی و شـــەڕ لـــە دیـــارترین خەســـڵەت و ســـیماکانی ئـــەو کاتـــەی کۆمەڵگـــەدا بووە،ئـــەم شـــەڕە ســـەرجەم لایەنـــەکانی ژیـــانی کۆمەلایـــەتی گرتبـــۆوە قـــەیرانی دروســـت کردبـــوو، هـــۆبز بـــەدوای ئـــەو هۆکارانـــەدا دەگـــەڕا کـــە ئـــاگری ئـــەم شـــەڕەی خۆشـــکردبوو ،دەی پرســـی ئـــەم سروشـــتە شـــەڕەنگێزەی مـــرۆڤ زادەی چ هۆکارێکـــە ،هـــۆبز پێـــی وابـــوو کۆمەڵـــە غەریزەیـــەك دەبنـــە پاڵنـــەر بـــۆ ڕەفتارەکـــانی مـــرۆڤ لـــە دیـــارترین ئـــەو غەریزانەش،غـــەریزەی مانـــەوە و هەوڵدانـــە بـــۆ بەدەســـتهێنانی پێگـــەی کۆمەلایـــەتی و ســـەروەت و ســـامان و مانـــەوە بەبـــەهێزی .(**طعـــان ، ص١٠٧_١١١**) .

بـــەبڕوای ئـــەم بیرمەنـــدە مـــرۆڤ بەسروشـــتی خـــۆی نەباشـــە و نەخراپ،بـــەلام لـــە نـــەبوونی یاســـایەکدا کـــە ڕەفتارەکـــانی کـــۆنترۆڵ بکات،ئـــەوا مـــرۆڤ دەبێتـــە گـــورگ بـــۆ بـــرای مرۆڤـــی خـــۆی و هـــەمووان لەشـــەڕدان لـــەدژی یـــەکتری ، چارەســـەر بۆئەمـــەش لای هـــۆبز لـــە پـــەیمانێکی کۆمەلایەتیدایە،کـــە بـــە پێی ئـــەم پەیمانـــە هەرکـــەس و لایـــەنێك دەســـتبەرداری بەشـــێك لـــە ئازادیـــەکانی خـــۆی دەبێـــت بـــە ئارەزومەندانـــە و هێـــزو دەســـەلات دەدەنـــە دەســـت پاشـــایەك،کە دەســـەلاتی تـــەواوەتی هەیـــە و دەتوانێـــت لـــە ڕێگـــای هێـــزەوە کۆتـــای بـــەو شـــەڕو ململانێیـــە بهێنێـــت و ئاشـــتی و ئـــارامی بـــەرپابکات و سیستمی کۆمەلایەتی بپارێزێت . (**فرج ، ٢٠١٠ ، ل ١٠١-١٠٢**) .

جـــان جـــاك ڕۆســـۆش (١٧١٢ _ ١٧٧٨ ز) لـــە کتێبەکەیـــدا بـــەناوی (پـــەیمانی کۆمەلایـــەتی) تـــەواو پێچـــەوانەی هـــۆبزە، پێی وایـــە مـــرۆڤ لـــە دۆخـــی سروشـــتیدا خـــاوەن دڵ و دەرونێکـــی پاکـــە و هـــیچ توندوتیژییـــەکی تێـــدا نییە،هـــەتا ئەوکاتـــەی توشـــی کێشـــەو گرفـــت دەبێتـــەوە لەکۆمـــەڵگادا و توشـــی

ناخۆشی دەبێت ، واتە ئەوە کۆمەڵگایە ئەو ڕەفتارانەی تێدا دروست دەکات و ئاراستەیان دەکات .(ڕۆسۆ ، ١٩٨٣ ، ص١٥).

لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین،کەهەرمرۆڤێك کاتێك لە دایك دەبێت پەیوەندییەکی دینامیکی دروست دەکات لە نێوان خودی خۆی و ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژی و کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەیە، ئەم پەیوەندییەی نێوان هەردوکیان (مرۆڤ و ژینگە) وا دەکات کە لە بارودۆخێکی بەردەوامدا بێت لە چالاکی ، کۆی ئەو چالاکیانەی کە لە مرۆڤەوە دەردەچێت لەکاتی کارلێك کردن و پەیوەندییان پێکەوە پێی دەوترێت ڕەفتار . (منصور ، ١٩٧٨ ، ص٨).

کەواتە بەشێوەیەکی گشتی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر جیاوازە بە پێی ئەو هەڵوێست و بارودۆخەی کە وەڵامدانەوەی بۆی هەیە،یان بارودۆخی ژینگەی دەرەکی .(دویدار ، ١٩٩٢ ، ص٧٢) . واتە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە لەوانە (گۆڕانکاری جەستەیی ، پێگەیشتنی عەقڵی و کەسایەتی و ڕۆشنبیری .....) هەموو ئەمانە پێکەوە کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی تاك هەیە،توێژینەوەکردن لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ئاسان نییە ، چونکە قورسە ڕەفتارێکی دیاری کراو بگەڕێنینەوە بۆ هۆکارێکی تایبەت بەڵکو چەند هۆکارێك پێکەوە کاردەکەنە سەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی تاکێك لە کۆمەڵگادا .(کامل ، ١٩٩٣ ، ص٨٤) . واتە لە دەرئە نجامی کۆمەڵێك هۆکار ڕەفتارێك دروست دەبێت . بە مانایەکی تر لەوانەیە هەمان ڕەفتار لای تاکەکان هۆکاری جیاوازی هەبێت ،یان بە پێچەوانەوە ڕەفتاری جیاواز هەمان هۆکاری هەبێت . ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی مرۆڤیش بە پێی کات و سروشت و گرنگی ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی دەگۆڕێت کە کارلێك لەگەڵ ڕۆڵە پیشەییەکەیدا دەکات،بۆ نموونە ڕەفتاری تاکێك کە لە قسەکردنیدا بەرجەستە دەبێت ،یان ڕەفتاری قوتابییەك لەگەڵ هاوڕێکانی جیاوازە لە ڕەفتاری لەگەڵ مامۆستاکەی.کەواتە ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی تاك پشت دەبەستێت بە سروشتی ڕۆڵە پیشەییەکان کە دەیگێڕێت،واتە دەتوانین پێشبینی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی تاکێك بکەین لە ڕێگەی زانینی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکەیەوە ،بۆ نموونە دەتوانین پێشبینی ڕەفتاری پزیشکێك،یان نە خۆشێك بکەین لە ڕێگەی زانینی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکەیەوە . (حسن ، ١٩٩٩ ، ص٣٣٣) . ناشکرێت هەموو ڕەفتارە مرۆییەکان ناوبنێین ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ، چونکە ڕێکخستنی ژیان ڕێکخستنی کۆمەڵگەیە ، پایەکانی ژیان بە پێی ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان دروست بووە،کە لە شوێنێکی دیاریکراودا دەژین بە چاوپۆشیکردن لە لایەنە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی .وشەی کۆمەڵایەتی سیفەتێکە بۆ

ڕەفتار، پێویستە ئەو ڕەفتارە بابەتی بێت بۆ ڕێکخستنی هەڵوێستەکان و پەیوەندییەکان کە لەکاتی کۆبوونەوەکاندا دروست دەبێت . (نبهائی ، ١٩٥٣ ، ص٤) . کەواتە دەتوانین بڵێین ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ئەو ڕەفتارەیە ،کە لە نێوان تاکەکاندا ڕوودەدات و وەرگیراوە لە ئە نجامی پەیوەندیی تاك بە خێزان و ژینگەی کۆمەڵایەتییەوەو دەرئە نجامی پەیوەندییە دینامیکییەکانە کە لە ئە نجامی کارلێکی نێوان مرۆڤەکانەوە دروست دەبێت بە پێی پێداویستی و توانا و مەیل و ئارەزوو بیرو باوەڕو ئاڕاستەکان لەگەڵ توانای ژینگە بەهۆکارە مادی و مەعنەوی و کۆمەڵایەتی و کلتوریەکان . (غمری ، ١٩٧٩ ، ص٢٨).

کەواتە لە کۆی هەموو ئەمانەوە دەتوانین ڕەگەزەکان و خاسیەتەکانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی دیاری بکەین بەم شێوەیەی خوارەوە :

یەکەم : ڕەگەزەکانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی: کە مەبەست لێی ئەمانەی خوارەوەیە :

١ : ئامانج / الهدف / Goal

هەموو ڕەفتارێك ئاما نجێکی دیاریکراوی هەیە ،کە تاك هەوڵدەدات بۆ بەدیهێنانی، ئەمەش جیاواز دەبێت بە پێی تاکەکان لەڕووی گرنگی و نرخی ئەو ئاما نجەی کە دەیەوێت پێ بگات .

٢ : ئامادەیی / الاستعداد / Readiness

تاك بەچەندین شێوازی جیاواز کاردانەوەی دەبێت بۆ گەیشتن بە ئاما نجەکەی، ئەگەر ئامادەیی تێدابێت و خۆی ئامادە کردبێت بۆ ئەو کارە ، وەڵامدانەوەی هەبێت بۆ ئەو هەڵوێست و بارودۆخ و ژینگەیەی تێیدا دەژیت .

٣ : هەڵوێست / الموقف / Situation

هەڵوێست والە تاك دەکات بۆ بەدەست هێنانی ئاما نجەکانی چەندین جۆر هەڵبژاردنی جیاوازی هەبێت ، ئەمەش دڵخۆشی زۆر دەدات بە تاك تاکو هەموو پێداویستییەکانی تێربکات .

٤ : وەڵامدانەوە / الاستجابة / Response

مەبەست لە وەڵامدانەوە ئەوەیە ،کە هەموو تاکێك وەڵامی ئەو ڕەفتارو هەڵسوکەوتانە دەداتەوە کە دەیگەیەنێتە ئاما نجەکەی .

٥ : ڕاڤەکردن / التفسير / Interpretation

تــاك هەڵدەســتێت بــە ڕاڤــەکردنی ئــەو هەڵوێســت و بارودۆخــەی لــە ژیــانی ڕۆژانەیــدا تێیدەکــەوێت ،واتــا پــێش ئە نجامــدانی کارەکــانی سەرشــانی و پــێش ڕودانــی ڕوداوەکــان ڕاڤــەو شــیکردنەوەیان بــۆ دەکات .

٦ : دەرئە نجام / الأستنتاج / Consequences

تــاك هــەوڵی بەدەســت هێنــانی ئــەو ئاما نجــە دەدات کــە خــۆی داینــاوە ،واتــا ئــەو دەرئە نجامــەی کــە پێی دەگات دەبێت ئاما نجەکەی بێت . (علي و عساف ، ص٣٠_٣٢) .

دووەم : خەســڵەتەکانی ڕەفتــاری کۆمەڵایــەتی : ڕەفتــاری کۆمەڵایــەتی کۆمــەڵێك خەسڵەتی هەیە کە بریتین لە :

١ : ڕەفتــاری کۆمەڵایــەتی چــەند واتــاو ئامــا نجێکی ڕەوشــتی لە پشــتەوەیە بــۆ بــەدیهێنانی خۆشەویســتی و هاوکــاری و پێکەوەژیان، لــە پێناو دروســت بــوونی گو نجانــدن و بەدەســت هێنــانی متمانــە لــەناو گــروپ و کۆمــەڵگادا، واتا لــە ئەرکــە ســەرەکیەکانی ڕەفتــاری کۆمەڵایــەتی ڕێکخســتنی پەیوەندییە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا .

٢ : ڕەفتــاری کۆمەڵایــەتی ڕەفتــارێکی وەرگیراوە، تــاك لــە ئەزموونــەکانی پێشــووی فێــری بــووە، کــە وای لــێ کــردووە کارلێــك لەگــەڵ دەوروبەریــدا بکــات و بکەوێتــە ژێــر کاریگەرییان، لەگــەڵ ئەوەشدا توانای زاڵ بوونی بەسەر ڕەفتارەکانی خۆیدا هەبێت.

٣ : یــەکێکی تــر لــە خاسیەتەکانی ڕەفتــاری کۆمەڵایــەتی تــاك ئەوەیــە کــە جۆراوجــۆرو جیــاوازن لــە یــەکتری بــە پێی پێداویســتیەکانی و ڕادەی کــارلێکی لەگــەڵ دەوروبــەردا دەگۆڕێــت لــە کاتێکــەوە بۆ کاتێکی ترو لە بارودۆخێکەوە بۆ بارو دۆخێکی تر. (زهران ، ١٩٧٧ ، ص١١٠) .

٤ : خەســڵەتێکی تــری ڕەفتــاری کۆمەڵایــەتی ئەوەیــە کــە بــوونی تــاك لــە کۆمــەڵگادا دەردەخــات، ئاڕاســتەی دەکــات بــۆ ڕوبەڕووبوونــەوەی ئــەو دۆخــەی دێتــە ڕێگــەی بــە پێی ئــەو شــارەزایی و لێهاتوییەی لە ڕابردودا بەدەستی هێناوە .

٥ : خەسڵەتێکی تری ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە دەتوانرێت تێبینی بکرێت ئەگەر ڕاستەوخۆبێت، دەشتوانرێت بەرهەم بهێنرێت ئەگەر بابەتی بێت ، چونکە ئەو ڕەفتارانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە ئەو کەسە کەسێکی کۆمەڵایەتییە بە پێی ئەو مەبەستەی کە دەیەوێت بەدی بهێنێت.(**حمد** ، ١٩٩٥ ، ص٣١_٣٢) .

لەبەر ڕۆشنایی ئەو باسەی سەرەوە دەتوانین بڵێین کە لە مێژووی هزری کۆمەڵایەتیدا زۆر بە چڕی باس لە ڕەفتارو کردارەکانی مرۆڤ کراوە و شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی بۆ کراوە بە پێ سەردەم و شارستانیەت و بیروڕای فەیلەسوف و بیرمەندەکان کە لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا.

باسی دووەم

چوارچێوەی تیۆری ڕەفتاری کۆمەڵایەتی

زانستی کۆمەڵناسی گرنگی بە خستنەرووی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ و کردەوەکانیان دەدات چ لەسەر شێوەی گروپ بێت، یان کۆمەڵگا. زۆرجاریش وا پێناسە دەکرێت کە بوارێکە بۆ لێ توێژینەوەی کارلێکی کۆمەڵایەتیی نێوان مرۆڤەکان و ئەو ڕەفتار و کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن. (رحيم ، ٢٠٠٨ ، ص ٢٥).کەواتە چەمکی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی، یان کرداری کۆمەڵایەتی لەو چەمکە گرنگانەیە کە تیۆری سۆسیۆلۆجی و بیرمەندانی گرنگی زۆریان پێداوە ،هەروەکو ماکس ڤیبەر کە یەکێکە لە بیرمەندە دیارەکانی زانستی کۆمەڵناسی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی یان کرداری کۆمەڵایەتی بە بابەتی سەرەکی زانستی کۆمەڵناسی دادەنێت، چونکە کۆمەڵناسی تێڕوانینی دیار و فرە ڕوناکبیرانە، سەبارەت بە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری مرۆڤ پێشکەش دەکات (حەسەن ، ٢٠١٠ ، ل٣٣٤).

کەواتە زانستی کۆمەڵناسی زانستێکە گرنگی دەدات بە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی کە بەرهەمی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیە . کۆمەڵگەش بەرهەمی مرۆڤە و لەهەمان کاتیشدا واقعێکی بابەتییە کە سیستمێك دروست دەکات بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان مرۆڤەکاندا کە پێکەوە دەژین لەسەر بنەمای کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیری سیاسی ڕێکخراو کە پێشتر دانی پیادانراوە. (رحيم ، ٢٠٠٨ ، ص ٢٥).

لە ڕوانگەی ئەم بنەما تیۆرییەوە بیرمەند و توێژەرەکان لەبواری زانستی کۆمەڵناسیدا گەیشتنە لێ توێژینەوە لە واقیعی کۆمەڵایەتیی ئاڵۆز و بەیەکداچوو، هەروەها ڕەگەزەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی مرۆڤیان شیکردەوەو هەوڵیانداوە لێی تێبگەن، ئەم تیۆرە جیاواز و جۆراوجۆرانەش لە کۆمەڵناسیدا گرنگییان بە هۆکارەکانی هاوبەندی و سیستم و جێگیری لەلایەك و هۆکاری ململانێ و گۆڕانکاری لەلایەکی تر داوە، کە هەردووکیان مەبەستیان پاراستنی کۆمەڵگەو کیانی کۆمەڵایەتی و بەدیهێنانی خۆشگوزەرانییە بۆ مرۆڤ و هەموو ئەمانەش پێکەوە پەیوەندییان بە ڕەفتاری کۆمەڵایەتییەوە هەیە، بۆیە توێژەر هەوڵیداوە بیچەسپێنێت لە هەوڵدانێکدا بۆ دەرخستنی پەیوەندیی نێوان ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و بێکاری .

هــەروەك ئاشكراشــە تيــۆر توانــای ئاڕاســتەكردنی توێژینــەوەی زانســتی هەیــە بــەرەو ئــەو ئاما نجـەی كـە لـە چوارچـێوەی میتۆدیـدا هـەوڵی بـۆ دەدات،كەواتـە تیـۆر توانایـەكی بـەرزی بـۆ مامەڵــەكردن لەگــەڵ شــتەكاندا هەیــە،تیۆری سۆسـیۆلۆژی هەوڵــدانێكی هزرییــە بــۆ ڕاڤــەكردنی لایەنـەكانی ژیـانی كۆمەڵایـەتی كـە دەتـوانین بـە درێـژكراوەی هـزری كۆمەڵایـەتی دابنـێین كـە ڕەگ و بنچینەكەی بۆ بیرمەند و فەیلەسوفەكان دەگەڕێتەوە . (**لیله،١٩٩١،ص٥٥**) .

وەك لــە باســی یەكەمــدا ئاماژەمــان پێــداوەو لــەم چوارچــێوە تیۆرییەشــدا پشــتمان بەچــەند تیۆرییــەك و بیرمەنــدێك بەســتووە،كە ڕاڤــەو شــیكردنەوە یــان بــۆ ڕەفتــاری كۆمەڵایــەتی كــردووە لەوانەش:

یەكەم : تیۆری بونیادی ئەركەكی (النظرية البنائية الوظيفية)

مێــژووی هــزری بونیــادی ئەركــەكی دەگەڕێتــەوە بــۆ هــزری پــۆزەتیڤیزمی لەســەرەتای ســەدەی نۆزدەهەمــدا ،كــە لەئــە نجامی شۆڕشــی پیشەســازی بڵاوبــۆوە و ئامــا نجی تێركردنــی پێداویســتییەكانی چـینی ناوەنـد بوو،مەبەسـتی سەرەكیشـی گەیشـتن بـوو بـە بیرۆكـەی یاسـاكان (فكـرة القـوانين) كـە ڕاسـتییەكان و دیـاردە كۆمەڵایەتییـەكان ملكەچـی بـوون و ڕێگـا خۆشـكەریش بـووە بـۆ ئە نجامـدانی توێژینـەوە سـەبارەت بـە واقعـی كۆمەڵایـەتی تـا مـرۆڤ بتوانێـت سـودی لێببینێت و بارودۆخی ژیانی كۆمەڵایەتی پێ بەرەو پێش ببات .

تیــۆری بونیــادی ئەركــەكی دان بــەوەدا دەنێــت كــە هــەموو كۆمەڵگایــەك یــاخوود دامــەزراوەو ڕەگـەزێك ئـەركێكی هەیـە كـە یارمـەتی بـەردەوام بوونیـان دەدات هـەروەها تیـۆری بونیـادی ئەركـەكی پشـت بـە تیـۆری بایۆلۆجیـا دەبەسـتێت كـە چـارلس داروین دایهێنـاوە لـە كتێبـی بنەچـەی جۆرەكـان (الاصـل الانـواع)،داروین توێژینـەوەی بەشـەكان و پەیوەندییـەكانی نێوانیـان بونـەوەری ئۆرگـانی كردووە،ئەمــە لــە پاڵ توێژینــەوەكردنی ئەركــەكانی بونــەوەری ئۆرگــانی وەك گشــتێك . (**حەســەن،٢٠١٠،ل٥٧ـــ٥٨**).هــەروەها بیرمەنــدانی كۆمەڵناســی ســودیان لــەهزرەكانی بایۆلۆژیــاو ئۆرگـانی وەرگرتـووە كـە داروین لـەكاتی توێژینـەوەكردنی بونـەوەری ئاژەڵییـەوە لـەڕووی بونیـادو ئـەرك و پەرەسـەندنەوە هێناویەتیـە ئاراوە،چـونكە هـەموو كۆمەڵگایـەك بونیـاد و ئـەركێكی هەیـە ،هەروەها ئەركیش بونیاد تەواو دەكات.(**حسن،١٩٩٩،ص٥٧٠**) .

لــە گــرنگترین بیرمەنــدانی ئــەم تیۆرییــەش كــە بیروبۆچــوونەكانی دەربــارەی ژیــانی كۆمەڵایــەتی و ڕەفتارو كردارەكانی مرۆڤ دەربڕیوە (١٩٢٠_١٩٧٩) **تالكۆت پارسۆنزە** :

بارسۆنز لەدیارترین بیرمەندە هاوچەرخەکانی ئەم تیۆرییەیە بە پێی تێڕوانینی جوردون مارشاڵ لە پەرتوکەکەیدا بەناوی (موسوعه علم الاجتماع) ، پێی وایە کە تیۆرەکەی بارسۆنز(بونیادی ئەرکەکی) بەروبومی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵگەی ئەمریکییە ،بەتاییەت دوای کۆتای هێنان و دەربازبوون لەو دژایەتیە کۆمەلایەتی و بونیادیانەی ناو ئەو کاتەی کۆمەڵگەی ئەمریکی، هەروەها ئەو کۆمەڵگایەی لەسەر بنەماو بەهای دیموکراسی بونیادناوە کە تیایدا تاکەکان جۆرێك لەهاوبەندی کۆمەلایەتی لەنێوانیاندا هەیە .(مارشال،٢٠٠٠،ص٢٨١). چونکە قۆناغی هزری بارسۆنز قۆناغی جەنگی جیهانی بووە ،واتە ئەو سەردەمەی بارسۆنزی تیادا بووە سەردەمی جەنگی جیهانی بووە ، کە چەندین کێشە و گرفتی گەورە و بونیادی و ناهاوسەنگی و نائارامی سیاسی دروست کردبوو ، زۆربەی کۆمەڵناسەکانی ئەو سەردەمەش خەریکی دۆزینەوەی چارەسەر بوون بۆ ئەو کێشانە، بۆ نموونە لەوانە بارسۆنز کە زیاتر کاریگەری تۆماس هۆبزی پێوە دیاربوو ، وەك ئاشکرایە چارەسەرەکەی هۆبز بۆ کێشەکانی سیستم و جەنگی بەردەوامی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتردا بەگەڕانەوە بۆ دەسەلاتی دەوڵەت و فەرمانڕەوایەتی بەهێز دەبێت،کە دەسەلات و هێزی لەسەروو هەموانەوەیە ،هەروەکو هۆبز بارسۆنزیش سەرقاڵی دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەك بوو بۆ ئەم کێشانە و هەوڵی چارەسەرکردنی دەدا ، بەلام جیاوازیی بارسۆنز لەگەڵ هۆبزدا لە پەیوەندیدا بەچارەسەرکردنی کێشەکانی سیستمەوە لەوەدابوو کە بارسۆنز دەیویست چارەسەرکردن لە ڕێگەی هێزەوە تێپەڕێنێت و چارەسەرێکی نۆرمیانەی لەبری دابنێت. (فرج،٢٠١٣،ل١٠٢_١٠٣).کەواتە ئەگەر کێشەکانی سیستمی کۆمەلایەتی دەرئە نجامی ئەو هەوڵ و کردارانە بێت،کە بکەرە کۆمەلایەتییەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان دەیدەن بێ ڕەچاوکردنی ئەوانی دیکە و ئەگەر چارەسەر لای هۆبز لە هێز و دەسەلاتدا بێت بۆ ڕێگە گرتن لەو ڕەفتارە دوژمنکارانەی مرۆڤ،کە مەترسی لەسەر ئەوانی تر هەیە و دواجاریش مەترسی لەسەر سیستمی کۆمەلایەتی دەکات. ئەوا لەلای بارسۆنز چارەسەر بۆ ئەو کێشانە زیاتر ئاستێکی نۆرمیانەی هەیە و زیاتر جەخت لەسەر پرۆسەی بەکۆمەلایەتیبوون و گرنگی نۆرم و بەهاکان دەکاتەوە لە دیاریکردن و ئاراستەکردنی ڕەفتارو کرداری کۆمەلایەتی تاکەکاندا. هەر لێرەوە هەوڵ و کۆششەکانی ئەم بیرمەندە بۆ تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی کرداری کۆمەلایەتی دەست پێدەکات و لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ هزری بیرمەندانی پێش خۆی بەتاییەت (ماکس ڤیبەر و ئەمیل دۆرکایم و فلفریدۆ باریتۆ) دەست دەکات بە بنیادنانی تیۆرێکی تاییەت بەخۆی و لە کتێبی (بونیادی کرداری کۆمەلایەتی) داو بەمەبەستی گەشە پێدانی (تیۆری ویستمەندانەی کردار) دەست دەکات بەڕاڤەکردنی سروشتی کرداری کۆمەلایەتی و ئەو ئاستە جیاجیایانەی ئەم کردارەی لێ پێکهاتووە. وەمەبەستیش لە چەمکی

ویستمەندانە(Voluntaristic)هەر ئاڕاستەو دنیابینیەکی هزرییە کە دەرکەوتەکانی بوون بۆ ئیرادەی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە. .(**فرج ، ٢٠١٣،ل ١٠٣_١٠٤**) .

لە تێڕوانینی بارسۆنزدا هەر کردارێکی کۆمەلأیەتی کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات لە چەند ئاستێك پێك دێت ،واتە ئاستەکانی کرداری بەم شێوەیە دیاری کردووە :

١. بکەرێك کە توانای هەڵبژاردنی هەیە .

٢. مەبەست یان ئامانجێکی دیاریکراو لەلایەن بکەرەوە .

٣. هەڵوێستێك کە بکەری تێدەکەوێت. واتە کەوتنە ناو دوو هەڵوێستی جیاوازەوە،کە یەکێکیان توانای کۆنترۆلکردنی نییەو ئەوی تریان خۆت بە ئیرادەی خۆت کۆنترۆڵی دەکەیت. (**عبد الکریم ،١٩٨٢ ، ص١٠٥_١٠٨**) .

٤. ئاڕاستەکردنی کردار لە ژێر کاریگەری بەهاکاندا ، واتە هەرکام لەو کردارانەی پێشتر باسکران جۆرێك لە ڕێکخستنی تێدایە کە بە هەرەمەکی ڕوونادات بەڵکو لەژێر کاریگەری بەهاکاندایە و ئەم ئاستانەی کرداریش جارێکی تر دابەشدەبنەوە بەسەر پاڵنەر و بەهاکاندا،واتە ئەمانە تاچەند دەتوانن ڕۆڵیان هەبێت لە ڕێکخستنی کرداری کۆمەلأیەتیدا ، پاڵنەرەکانیش مەبەست لێی درك پێکردن و هەڵچوون و هەڵسەنگاندن دەگرێتەوە و بەهاکانیش پەیوەندیی بە ئاستە مەعریفی و بەها ڕەوشتییەکانەوە هەیە کە لە دنیای بکەرە کۆمەلأیەتییەکاندا ئیش دەکات.(**روشیه ،١٩٨١ ،ص٦٤**) .

کەواتە لەبەر ڕۆشنایی ئەم چەند خاڵەدا دەبینین کەهەر بکەرێك لە ناوەندێکی کۆمەلأیەتیدا توانای هەڵبژاردنی هەیە،بەواتایەکی تر هەر کردارێك کە مرۆڤ دەیکات مەبەست و ئامانجێکی لە پشتەوەیە،واتە هیچ کردارێك نییە بەبێ مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراو ئەمەش پەیوەندیی بەو ناوەندەوە هەیە،کە کردارەکەی تیادا ئەنجام دەدرێت و ئەو ئامانجانەش چییە،کەئەو کردارە دەجولێنن،هەروەها مەبەستیش لە هەڵوێست ئەو هەڵوێست و بارودۆخەیە کە مرۆڤی تێدەکەوێت ،زۆر جار مرۆڤ لەو هەڵوێستەدا دەکەوێتە ناو پرۆسەی هەڵبژاردنی کردارەوە واتە زۆرجار مرۆڤ دەکەوێتە ناو هەڵوێستێکی دوو لایەنەوە ،لەیەکەمیاندا دەکەوێتە ژێر کاریگەری زەبر و زەنگە کلتوری و کۆمەلأیەتییەکان کە پێش وەخت بۆی ئامادەکراوە و ناچارە پێوەی پەیوەست بێت ،واتە توانستی هەڵبژاردنی ئازادانەی نییەلە هەڵبژاردنی کردارەکانیدا،بەلأم لەدووەمیاندا تەواو پێچەوانەیەو ئاستی چوارەمیش ئاستی

بەهایانـەی کـرداره کـە تیایـدا کردارەکـانی مـرۆڤ دەکەوێتـە ژێـر کاریگـەری بەهاکانـەوە و جۆرێـك لە ڕێکخستنی تیا بەدی دەکرێت .

لەگـەڵ هـەموو ئەمانەشـدا بارسـۆنز بـەردەوام پێـداگیری لەسـەر توانسـتی بکـەری کۆمەڵایـەتی و ئـیرادە و ویسـتی بکـەرە کۆمەڵایەتیـەکان کردۆتـەوە لـە پرۆسـەی هەوڵـدان بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجەکانیان، بـەبڕوای (جۆنـاثـان تێرنـەر)ی کۆمەڵناسـی ئـەمریکی لـە کتێبەکەیـدا بـەناوی (بنـاء النظریـة فـی علـم الاجتمـاع) بـاس لـە مەبەسـتی بارسـۆنز دەکـات لـەکرداری ویسـتمەندانەو پێی وایە مەبەستی بارسۆنز لە کرداری ویستمەندانە ئەمانەی خوارەوەیە :

١. بوونی تاکەکەس، واتە بکەر .

٢. ئەم تاکەکەسە، یان بکەرە چەند ئامانجێك بۆ خۆی دیاری دەکات .

٣. بـوونی کۆمـەڵێك هۆکـار لەبـەردەم ئـەم بکـەرەدا. واتـە ئـەم بکـەرە کۆمـەڵێك هۆکـاری لەبەردەستدایە کە دەیەوێت لە ڕێگەیەوە بگاتە ئامانجەکەی .

٤. بکـەرێك ڕووبـەرووی بـارودۆخێکی دەرەکـی دەبێتـەوە ، لەوانەیە(ژینگـەی بـایۆلۆجی ،بۆماوە، هۆکـاری زۆرلێکـردن ،قـەهری کۆمەڵایـەتی کەلـە ژینگـەی کۆمەڵایەتییـەوە سەرچـاوە دەگـرن) و هـەموو ئەمانـە کاردەکەنـە سـەر سروشـتی هەڵبـژاردنی هۆکارەکـان و گەیشـتن بـە ئامانجەکانیان .

٥. بـوونی کۆمـەڵێك بـەها و پێـوەر کـە کاردەکاتـە سـەر ڕەفتـار و کردارەکـانی مـرۆڤ و هـەروەها ئـەو هۆکارانەی کە دەیگرێتە بەر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی .

٦. کـردار پەیوەسـتە بەهـەبوونی کەسـی بکـەرەوە ،واتـە ئـەو کەسـە کۆمـەڵێك بڕیـار دەدات پەیوەست بەو هۆکار و ئامرازانەی کە دەیگەیەنێت بە ئامانجەکان. (**تێرنەر، ٢٠٠٠، ص٥٢**) .

واتـا زۆربـەی کـات ئـەو بڕیارانـەی کـەمرۆڤ دەیـدات لـەژێر کاریگـەری ئـەو ئـامرازو ئامانجانەیـە کەدەیـەوێت پێـی بگات، چـونکە هـەموو کەسـێك لەژیانیـدا کۆمـەڵێك ئامـانجی هەیە، هـەرکاتێك ئامـانج نـەبوو، مرۆڤ توشـی جۆرێـك لە پەشـێوی و سەرلێشـێوان دەبێـت و نـامۆبوون دروسـت دەبێـت و خۆشـی نازانێـت بـەرەو کـوێی دەبـات ، چـونکە مـرۆڤ بوونـەوەرێکی عەقڵانییـە لـە تێڕوانینـی بارسـۆنزدا، بۆیە لـەنێوان ئامانجەکانیـدا هـەڵوێردی دەکـات. واتـا کۆمـەڵێك ئامـانج هەیـە کـە ئەگـەری جێبـەجێ بـوونی زیـاترە تـا کۆمـەڵێکی تـر ،واتـا مـرۆڤ لـەناو ئـەو ناوەنـدە کۆمەڵایەتییـەی

کەتێیدا دەژیت هەڵبژاردن دەکات لەنێوان ئەو ئاما نجانەی کەئێستا دەتوانێت بەدی بهێنێت لەگەڵ ئەوانەی کەناتوانێت یان ڕەنگە لەماوەیەکی دورتردا بتوانێت بەدی بهێنێت . واتا هەڵبژاردنی ئامانج زۆرکات پەیوەستە بەو ناوەندە کۆمەڵایەتییەی کە مرۆڤ تێیدا دەژیت ،واتە ئێمە هەموو کات بەشێوەیەکی ویست مەندانە ڕەفتارو کردارەکا نمان ئاڕاستە ناکەین ،بەڵکو زۆرجار دەکەوینە ژێر کاریگەری ئەو ناوەندە کۆمەڵایەتییەی کە تێیدا دەژین .

بەبڕوای بارسۆنز ئەو ڕەفتارو کردارەی کە مرۆڤ ئە نجامی دەدات هەڕەمەکی نییە،بەڵکو لەناو ناوەندی کۆمەڵایەتیدا بەشێوەیەکی ڕێکخراو ئە نجام دەدرێت ، هەر لەناو ئەو ناوەندە کۆمەڵایەتیەشدا سێ لقی سەرەکی سیستمی ڕێکخستووە کە ئەوانیش (سیستمی کۆمەڵایەتی ، سیستمی کەسێتی ، سیستمی کلتوری) کە کاریگەریان لەسەر سروشت و ڕێکخستنی کرداری کۆمەڵایەتی هەیەو هەریەکێکیش لەم سیستمانە لەچەند ئاستێکی تر پێك هاتووە بەم شێوەیەی خوارەوە : (فرج،٢٠١٣،ل١٠٥) .

یەکەم : سیستمی کۆمەڵایەتی

لە تێڕوانینی بارسۆنزدا سیستمی کۆمەڵایەتی لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

١. ئەو کارلێکەی لەنێوان دووکەس یان زیاتردا ڕوو دەدات .

٢. هەڵوێستی هەریەك لەو ئەکتەرانە بەرامبەر بە ئەوی تر .

٣. کۆمەڵێك نۆرم و بەها کە پەیوەندی و کارلێکی نێوان مرۆڤەکان ڕێك دەخات . (عبد السلام ، ١٩٨٦،ص٥٧_٦٢) .

کەواتە لەمەوە دەتوانین بڵێین سیستمی کۆمەڵایەتی ئەو کارلێکەیە کەلەنێوان مرۆڤەکاندا ڕوودەدات ،بەو مانایەی کارلێکی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لەبنەما سەرەکیەکانی هەر کۆمەڵناسێکە،ئەوەی کایەی کۆمەڵناسی لە کایەکانی تر جیادەکاتەوە ئەوەیە کەجەخت لەسەر پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و کارلێکی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە ، ئەم سیستمەبەتەنها لەژێر کاریگەری ئەو کارلێکەدا نییە ،بەڵکو هەڵوێستی هەر یەکەیان لەبەرامبەر ئەویتر هەیانەو ئەمەش بڕێکی زۆری بەستراوەتەوە بەو وێناکردنەی کە هەریەك لەئێمە بۆ ئەویتر هەمانە،ئەمەش زیاتر تەماهی دەکات لەگەڵ تیۆری کارلێکی هێمایدا ،واتا وێناکردنی من بۆتۆ لەچاوی خۆمەوەو تۆ بۆمن لەچاوی خۆتەوە،ئەوەشی سروشتی ئەم کارلێکە دیاری دەکات کۆمەڵێك نۆرم و بەهایە کە کۆمەڵگا بڕیاری لەسەرداوە .

کەواتە لەکۆی ئەمەوە دەتوانین بڵێین کە ڕۆڵ و پێگەی هەر یەکێك لەئێمە لەبەر ڕۆشنایی ئەو سیستمە دیاریکراوە یان ڕۆڵ و پێگە بەستراوەتەوە بە سیستمەکەوە نەك بە تاکەکەسەوە .

دووەم : سیستمی کەسێتی

ئەم سیستمەش پێك هاتووە لە :

١. تۆڕێکی ئاڵۆزی بەیەکداچووی کردار .

٢. ڕێکخستنی کرداری بکەرەکان لە ڕوانگەی پێداویستییەکانەوە .

٣. ئەو کردارەی لەلایەن بکەرەکانەوە ئەنجام دەدرێت بەشێوەیەکی هەڕەمەکی نییە، بەڵکو لەلایەن دامەزراوەکانەوە ڕێکخراوە. (فرج،٢١٣،ل١٠٦) .

کەواتە لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەگەر لە سیستمی کۆمەڵایەتیدا زیاتر جەخت لەسەر پەیوەندی و کارلێك بێت ،ئەوا لەسیستمی کەسێتیدا زیاتر جەخت لەسەر سروشتی کردارە کۆمەڵایەتییەکانە ،واتە ئایا ئەو کردارە کۆمەڵایەتیەی کە ئێمە ئەنجامی دەدەین لەژێر کاریگەری چی دایە ؟ ئەو ئامانجانەی ئێمە دەمانەوێت چین ؟تا چەند لەگەڵ ئەو ناوەندە کۆمەڵایەتیەدا دەگونجێت کە کردارەکەی تیادا ئەنجام دەدرێت ؟هەریەك لەو کردارانەش لە سۆنگەی پێداویستییەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە.لێرەدا بارسۆنز جەختی لەسەر هەردوو ئاستی پێداویستییەکەیە،واتە گۆڕاوە کۆمەڵایەتی و گۆڕاوە سایکۆلۆجیەکان کە کاریگەرییان لەسەر سیستمی کەسێتی هەیە.سروشتی پێداویستیەکان هەرچی بێت تاڕادەیەکی زۆر بەستراوەتەوە بەو ناوەندە کۆمەڵایەتیەی کە کردارەکەی تیادا ئەنجام دەدرێت ، هەروەها مەبەست لە کرداری دامەزراوەیی ئەوەیە کە ئەم کردارانە جۆرێك لەڕێکخستنیان پێوەیەو شێوازێکی دامەزراوەییان هەیە،واتا کاتێك باسی دامەزراوە دەکەین بەتەنها باس لە بونیادی دامەزراوەیی ناکەین بەڵکو باس لە شێوازەکانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی دەکەین کە تاکو ڕادەیەکی زۆر کاریگەری هەیە لەسەر سروشتی کردارە کۆمەڵایەتیەکانی ئێمە لەبەر ڕۆشنایی سیستمی کەسێتی ئێمەدا .

سێیەم : سیستمی کلتوری

سیستمی کلتوری پێك هاتووە لە :

١. سیستمی کلتوری لەو بەهاو پێوەرو ئاماژانەوە دروست بووە کە سنورێك بۆ سروشتی کارلێکی نێوان مرۆڤەکان دادەنێت ،واتا بەتەنها لە ڕێگای کارلێکی نێوان تاکەکان و ڕێکخستنی کرداری بکەرەکان دروست نابێت .

٢. سیستمی کلتوری سروشتی پەتی بوونی هەیە ،واتا وەکو سیستمی کۆمەڵایەتی و سیستمی کەسێتی سروشتێکی ئیمپریکی نییە .

٣. لەم سیستمەدا کۆمەڵێك یاساو ڕێسای نۆرم گەرایی و کۆمەڵە ڕەگەزێکی کلتوری هەیە کە هەڵبژاردنی تاکەکان ئاڕاستە دەکەن . (فرج ، ٢٠١٣ ، ل١٠٧) .

کەواتە لەم سیستمەدا جەخت لەسەر سنوری کردارەکان دەکرێتەوە ،واتا ئەو کردارە کۆمەڵایەتیەی کە ئێمە ئەنجامی دەدەین لەلایەن سیستمی کلتوریەوە بڕێکی زۆری دیاریدەکرێت وە پەیوەندیەکانیش سنوردارن و بنەمای نۆرم و بەهاکان لەناو کۆمەڵگادا لە سیستمی کلتوریەوە سەرچاوە دەگرێت ، ئەو ڕەگەزە کلتوریانەی کە هەر کلتورێکی دیاریکراوی لێ دروست بووە تا ڕادەیەکی زۆر کاریگەرییان لەسەر سروشتی هەڵبژاردنی بکەرەکان هەیە .

هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین کە لەتێڕوانینی بارسۆنزدا سیستمی کلتوری سیستمێکی ڕەمزییەو جەختی زۆری لەسەر ڕەهەندی ڕەمزی کردۆتەوە، بەواتای ئەوەی کە ئەو نۆرم و بەهایانەی کە تا ڕادەیەکی زۆر کاریگەرییان لەسەر سروشتی هەڵبژاردن هەیە ئەوا کاریگەریشیان لەسەر بکەرەکان و سروشتی پەیوەندییەکان هەیە، بەواتای ئەوەی کە پەیوەندیی بەهێز لەنێوان کرداری کۆمەڵایەتیی تاکەکان و نۆرم و بەهاکاندا هەیە،کە سروشتی ڕەفتارو هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان بەرامبەر بە یەکتری دیاریدەکات .(عبد السلام ، ١٩٨٦ ، ص٦٩) .

هەروەها بارسۆنز لە قۆناغەکانی دواتردابەمەبەستی زیاتر چەسپاندنی تیۆرەکەی سیستمێکی دیکەی بۆ ئەم سێ سیستمە زیاد کرد، ئەویش سیستمی ئۆرگانیە،کە لە کتێبی سیستمی کۆمەڵایەتیدا ئاماژەی پێکردووە و جەخت لەسەر سیسمی ئۆرگانی دەکاتەوە و دەیەوێت تیۆرەکەی دەوڵەمەندتر بکات ، پێی وایە ئەم سیستمە لە کۆمەڵێك ڕەگەز پێك هاتووە لە گۆڕاوە بایۆلۆجی و فیزیکیەکان وەکو پاڵنەرو غەریزەکان . (فرج ، ٢٠١٣ ،ل١٠٨) . واتا هەر

یەکە لە پاڵنەرو غەریزەکان کاریگەری زۆریان لەسەر دیاریکردنی کرداری کۆمەڵایەتی هەیەو ئەم سیستمە دەکەوێتە ژێر کاریگەری بۆماوەو فیزیکەوە ، واتا سیستمی ئۆرگانی لە فیزیك و بۆماوەوە سەرچاوەی گرتووە، لەکاتێکدا سیستمی کەسێتی لە کلتورەوە سەرچاوەی گرتووە . کۆی ئەم سیستمانەش کاریگەرییان لەسەر ڕەفتارو کردارەکانی مرۆڤ هەیە، بە جۆرێك کردارو ڕەفتارەکانی مرۆڤ لەبەر ڕۆشنایی ئەو سیستمانەدا ئاڕاستە دەکرێت .



شێوەی ژمارە (١)

هێلكاری تیۆری ئارەزومەندانەی كردار لای بارسۆنز (عمر،٢٠٠٩،ل١٥١) .

بە پێی ئەم هێلكارییە بارسۆنز پێی وایە تاك ئاما نجێكی هەیە وبەردەوام هۆكارو ئامڕازی جۆراوجۆر بۆ گەیشتن بە ئاما نجەكەی بەكاردێنێ،ئەم ئامڕازو هۆكارانەش دەكەونە ژێركاریگەری بارودۆخ و هەلومەرجەكانەوە.هەروەها ڕەفتاری تاك ملكەچی بەهاو یاساو هزرەكانی دەبێت و یارمەتی دەدات لە درككردن بە ئاما نجەكانی و ڕێگاكانی بەدەست هێنانی،كەواتە ڕەفتاری تاك بۆ بەدەست هێنانی ئاما نجەكانی بەشێوەیەكی هەڕەمەكی ڕوونادات،بەڵكو ملكەچی ئاڕاستەكارو ڕێكخەری كۆمەلایەتی دەبێت وەك یاساو بەهاو هزرە كۆمەلایەتیەكانی ناو كۆمەلگە،هەروەها بارسۆنز ئەو ڕێگایانەش دیاری دەكات كە مرۆڤ لە ڕێگەیەوە دەگات بە ئاما نجەكانی ژیانی كۆمەلایەتی و دەستەبەریان دەكات .وەك لە هێلكاریەكەدا دیارە.(عمر،٢٠٠٩،ل١٥١) .

کەواتە لەکۆی هەموو ئەمانەوە دەتوانین بڵێین لەتێڕوانینی تیۆری بونیادی ئەرکەکیدا هەموو کۆمەڵگاو دامەزراوەو گروپ و بونیادێکی کۆمەلایەتی پێك هاتووە لەکۆمەڵێك بەشی گرێدراوو پاڵپشت بەیەکەوە، لەگەڵ بونی جیاوازیی هەندێك لەبەشەکاندا لە ئامانج و ئەرك و پێکهاتەیاندا، هەموو بەشێك ئەویتر تەواودەکات، هەر گۆڕانکارییەك بەسەر هەر بەشێکدابێت بەخێرایی کار لەوانیتریش دەکات، ئەو ئەرکە جیاوازانەش کە کۆمەڵگا پێی هەڵدەستێت و ئەنجامی دەدات هۆکارە بۆ تێرکردنی پێداویستیەکانی، تاکو داواکاریەکانیان کە یارمەتیدەریان دەبێت بۆ بەدیهێنانی گونجاندنی کۆمەلایەتی و خۆگونجاندنیان لەگەڵ تەواوی ئەندامانی تردا، کە لە پڕۆسەی کارلێکی کۆمەلایەتیدان پێکەوە، هەموو ئەمانەش پێکەوە کاریگەرییان هەیە لەسەر ئەو ڕەفتارو کردارانەی کە تاکێك لە کۆمەڵگادا ئەنجامی دەدات .

دووەم : تیۆری کرداری کۆمەلایەتی (النظرية الفعل الاجتماعی)

تیۆری کرداری کۆمەلایەتی لەچەند گریمانەیەك پێکهاتووە، کە چۆنیەتی ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی کرداری کۆمەلایەتی و ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگە ڕووندەکاتەوە بە پێی ئەو هەڵوێست و بارودۆخەی تێیدەکەون.(عمر،ص١٦٦). واتە ئەم تیۆرە ڕاڤەی ڕەفتار و کردارەکانی تاك دەکات لەچەند هەڵوێستێکی جیاوازدا.کەواتە لەمەوە دەتوانین بڵێین کە کرداری کۆمەلایەتی هەر کردەوە و جوڵە و ڕەفتارێکە کە تاك پێی هەڵدەستێت .دەکرێت هۆکارەکەی ئەو ژینگە کۆمەلایەتییە، یان ئەو بارودۆخە بێت کە تیایدا دەژیت.هەر کردارێکی کۆمەلایەتیش پشت بە سێ بنەمای سەرەکی دەبەستێت کە ئەوانیش بریتین لە :

یەکەم : بوونی دووکەس یان زیاتر کە پێکەوە کارلێك دەکەن و ڕەفتارێك دروست دەکەن .

دووەم : بوونی ڕۆڵی کۆمەلایەتی یەکسان، یان جیاواز کە تاکەکان لە کۆمەڵگادا دەیگێڕن و هەڵدەستن بە ئەنجامدانی کارەکانیان .

سێیەم : بوونی پەیوەندیی کۆمەلایەتی کە پێویستە بۆپڕۆسەی ڕەفتاری کۆمەلایەتی. (ئەلحسەن،٢٠٠٥،ل٧٦) .

هەروەکو ئاشکراشە هەر ڕەفتار و کردارێکی کۆمەلایەتی کە ئەنجام دەدرێت هۆکار و ئامانجی تایبەت بەخۆی هەیە، واتە هەر مرۆڤێك یان بکەرێکی کۆمەلایەتی کاتێك کردارێك ئەنجام دەدات ئامانجێکی هەیە ،بەواتایەکی تر ئەو کردارانەی کە دەیکات بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجەکەیەتی ،زۆربەی کاتیش کرداری کۆمەلایەتی هەڵبژێردراو پێك دێت لەو هۆکارەی کە مرۆڤ دەگەیەنێت بە ئامانجەکەی

لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە هەندێك جار ئەو هۆكارانەی كە بكەری كۆمەڵایەتی بەكاریدەهێنێت نەیگەیەنێتە ئامانجەكەی، هەربۆیە پێویستە لەسەر بكەری كۆمەڵایەتی كە تێبینی ئەو هۆكارانە بكات، كە دەیگەیەنێتە ئامانجەكەی، هەروەها شیكردنەوە و ڕاڤەیان بۆ بكات . ئەمە جگە لەوەی كە پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین كە زۆربەی كات بكەری كۆمەڵایەتی ئامانجی زۆرە و پێویستە بەدواداچوون بۆ كردارەكانی بكات كە ئە نجامی دەدات، هەروەها بەدواداچوون بۆ ئامانجەكان و هەڵبژاردنی هۆكارەكان هەمیشە لەڕێگەی ئەو هەڵوێستانەوە ڕوودەدات كە كاریگەری لەسەر بەرنامەی كرداری كۆمەڵایەتی هەیە ،هەربكەرێكی كۆمەڵایەتیش هزرێكی كۆمەڵایەتی دیاریكراوی تایبەت بەخۆی هەیە، یان نموونەیەكی دیاریكراوی لە زانیاری تایبەت بەخۆی هەیە، كە كاریگەری لەسەر هەڵبژاردنی هەڵوێستە كۆمەڵایەتییەكان هەیە، ئەمە جگە لەوەی هەر بكەرێكی كۆمەڵایەتی هەست و سۆزێكی دیاریكراوی هەیە، كە كاریگەری لەسەر هەڵویستە كۆمەڵایەتیەكان و هەڵبژاردنی ئامانجەكانی هەیە، هەموو بكەرێكی كۆمەڵایەتی هەندێك پێوەر و بەهای تایبەت بەخۆی هەیە كە كاریگەری دەكاتە سەر هەڵبژاردنی ئامانجەكانی و ڕادەی پەیوەستی پێوەیان. كەواتە لەمەوە دەتوانین بڵێین هەموو كردارێكی كۆمەڵایەتی كاتێك ئاڕاستە دەكرێت بۆ مەبەستی گەیشتنە بە ئامانجێك، هەروەها تاك دەتوانێت گفتوگۆ لەسەر ئەو ئامانجە بكات كەوای لێدەكات هەستێت بە ئە نجامدانی كردارێكی كۆمەڵایەتی.(عمر،١٦٦_١٦٧).بەلاَم

بەواتایەكی تر ئەگەر ئامانج دیاری نەكرێت و هۆكارەكانی بەدەستهێنانی ئەو ئامانجەش دیاری نەكرێت ئەوا گرانە مرۆڤ بتوانێت بگاتە ئامانجەكەی و جێبەجێی بكات .بە پێچەوانەشەوە تاك كاتێك كردارێك یان ڕەفتارێك ئە نجامدەدات، ئامانجەكانی دیاری دەكات و هۆكارەكانیشی دیاری دەكات. (عبد الجواد ، ٢٠٠٢ ،ص١٨٥). بۆ نموونە ئەو كەسانەی كە دەزانن بۆ چ مەبەستێك كاردەكەن و ئامانجیان لەو كاركردنە چییەو تەنانەت هۆكارەكانی گەیشتن بە ئامانجی كاركردنەكەش دیاری دەكەن.

پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین، كە هەندێك لە تاكەكان لە كۆمەڵگادا نازانن كە چییان دەوێت و ئامانجی تایبەتی خۆیان لە ژیاندا دیاری نەكردووە كە ئەمەش ڕەنگدانەی دەبێت لەسەر ئە نجامدانی ڕەفتارە كۆمەڵایەتییەكانیان لە كۆمەڵگادا وەك لە پێشەوە باسكرا .

بۆئەوەی بڕیار لەسەر ئەوە بدەین، كە ئە نجامدانی كرداری كۆمەڵایەتی بەستراوەتەوە بە بەكارهێنانی هۆكارەكانەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەكان، ئەوا پێویستە جیاكاری بكەین لە نێوان هۆكارەكان و ئامانجەكان لەڕووی (ئەزموون و شیكردنەوە) وە، ئەمەش بەواتای ئەوەی كە ئامانجەكان دیارییكرێن و بتوانرێت لە ڕێگەیەكی دیاریكراوەوە جێبەجێبكرێت.كەواتە بەشێوەیەكی گشتی دەتوانین بڵێین هەرتاكێك

لـە کۆمـەڵگادا تـەنها یـەك ئامـانجی نییـە ،بـەڵکو چـەند ئامـانجێکی لاوەکـی هەیـە تـا لەرێگەیـەوە بیگەیەنێتە ئامانجە سەرەکی و گشتییەکە.(عمر،ص١٦٧_١٦٨) .

لە گرنگترین بیرمەندانی ئەم تیۆرەیەش:

یەکەم : ماکس ڤیبەر(١٨٦٤_١٩٢٠)

مـاکس ڤیبـەر لـە بـەناوبانگترین کۆمەڵناسـەکانی ئەڵمانیایە،لـە گـرنگترین ئـەو بیرمەندانـەی کۆمەڵناسیشە کە لە ڕۆژئاوادا سەریان هەڵداوە.(حسن،٢٠٠٥،ص٢٧١) .

ڤیبەر پێناسەی کۆمەڵناسی دەکات بەوەی کە ئەو زانستەیە،کە دەیەوێت لە ڕەفتاری مرۆڤ تێبگات و ڕاڤەو شیکردنەوەی هۆکارو کاریگەریەکانی بکات .ئەم پێناسەیەش چەند ڕەگەزێك لەخۆ دەگرێت لەوانە :-

١. هەوڵدانێکە بۆ ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی کرداری کۆمەڵایەتی .

٢.جەختکردنەوە لەسەر کردار یان ڕەفتاری کۆمەڵایەتی،کە پەیوەستە بـە مانـای خـودی(subjective meaning) ،بەواتای جەختکردنەوە لەسەر بەها کۆمەڵایەتیـەکان وەك ڕەگـەزێکی یەکـەمی و سـەرەکی لە ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا،یان بکـەری کۆمەڵایەتی.هـەروەها ڤیبـەر پێشی وایە کەهەر کردارێك ئەو کاتـە بـە کۆمەڵایـەتی دادەنرێت،کـە تاکـەکان مانـای خـودی پێببەخشـن ،هـــەروەها لەلایـــەن ئـــەوانی دیکەشـــەوە بەهەنـــد وەربگیرێـــت و کاربکاتـــە ســـەر ڕەفتـــار و هەڵسوکەوتەکانیان.(فرج،٢٠١٣،ل١٦) .

٣. هەوڵدان بۆ ڕاڤەکردنی هۆکاری دیاردەکان . (حجازی،١٩٩٩،ص١٦٧) .

کەواتە کـرداری کۆمەڵایـەتی لای ڤیبـەر ڕەفتـارێکی مرۆییـە (جـا ئەگـەر کردارێکـی نـاوەکی بێت،یـان دەرەکی،خۆبـەدورگرتن یـان قبـوڵکردن بێـت) تـا ئـەو ئاسـتەی کەسـی پەیوەندیـدار یـاخود خـەڵکانی پەیوەندیدار واتایەکی خودی پێدەبەخشن و بۆ ئەوەی هەر کردارێك بە کۆمەڵایـەتی ئـەژماربکرێت دەبێت لەلایەن بەرامبەر یـان ئـەوانی دیکـەوە مەبەسـتداربێت. (فـرج ، ٢٠١٣،ل٩٠). هـەروەها پێویسـتە ئامـاژە بەوەش بدەین کـە ڤیـبر پێـی وابـووە کردار،یـان ڕەفتـاری کۆمەڵایـەتی یەکـەی توێژینـەوەکردنی زانسـتی کۆمەڵناسییەو دەبێتە ئەو دەروازەیەی کە کۆمەڵناسی لێیەوە دەتوانێت توێژینەوەی کۆمـەڵگا بکـات ، هـەر لەبـەر ئـەوەش بـوو کـە پرۆفیسـۆر(دی مـارتن) لـە کتێبەکەیـدا بـەناوی(سروشـت و جۆرەکـانی تیـۆری کۆمەڵایەتی) پێی وابوو کە دەکرێت ماکس ڤیبر و هەنـدێك بیرمەنـدی تـر بـە دامەزرێنـەری قوتـا بخانـەی

ڕەفتاری کۆمەڵایەتی دابنرێت. (حسن،١٩٩٩،ص٤٩٣). هەروەها ڤیبەر کردارو ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانی دابەشکردووە بەسەر چەند جۆرێکدا لەوانە :

یەکەم :ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی عەقڵانی (السلوك الاجتماعی العقلی)

ڕەفتاری عەقلانی ئەو ڕەفتارەیەکە بەبەکارهێنانی مەبەستێکی عەقلانی و لۆژیك و دەرککردنی عەقلانی بۆ کاروبارو پرس و کێشەکان دەناسرێنەوە.(**حەسەن،٢٠١٠،ل٣٣٨**)

واتە ڕەفتاری عەقلانی ئەو ڕەفتارەیە،کە تاك بەشێوەیەکی ژیرانە لە پێناو بەدەست هێنانی ئامانجەکەی ئەنجامی دەدات .

هەروەها دەتوانین بڵێین ڕەفتاری عەقلانی بەرهەمی لۆژیکی خوودە ،کە گوزارشت لەو ماهیەت و حەقیقەتەی جیهانی دەرەکی و ژیانی کۆمەڵایەتی دەکات،کە تاك و گروپەکان تێیدا دەژین،لەکاتی بەرجەستەکردنی ئەو شێوازە لە ڕەفتار تاك پشت بە زمانێکی باڵاو ڕەوشتێکی بەرز و بەڵگەو دارشتنی بابەتی بۆ ئەو ڕەفتارو کردارانە دەبەستێت،کە ئە نجامی دەدات.(**حسن،٢٠٠٥،ص٢٧٥_٢٧٦**). هەروەها ڤیبەر ئەم شێوازە لە ڕەفتارو کردار بۆ سێ جۆر دابەشدەکات،بەزانینی ئەوەی کە هەموو ڕەفتارێك هەرچی بێت بە پێی سروشت و ئەو ئامانجەی کەهەیەتی نێوەندو ئامانجێکی هەیە ئەوانیش:

١. ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی عەقلانی کە ناوەندێکی عەقڵی و ئامانجێکی ناعەقڵانی هەیە،مەبەست لە ناوەند و ئامانجی عەقڵانی ئەو ناوەندو ئامانجە ڕەوشتی و ڕێك و پێك و نمونەییانەیە،کە لەگەڵ ڕەوشت و ڕێنماییەکانی کۆمەڵگەدا دەگونجێت ،بەڵام ناوەند و ئامانجی ناعەقڵانی پێچەوانەی ناوەند و ئامانجە عەقڵییەکانە،واتە ئەو ناوەندو ئامانجە ناعەقڵییانە لەگەڵ ڕێنماییی و نموونەو ئامانج و کەلە پورەکانی کۆمەڵگادا دژ بەیەکن و ناگونجێن ، نموونەی ئەم جۆرە لە ڕەفتار و کرداریش بریتییە لە حاڵەتی سەرمایەداری قۆرخکار کە ئامێری میکانیکی مۆدێرن بەکاردەهێنن و پشت بەو ئامرازە زانستییانە دەبەستن لەبەرهەمهێنان و ڕێکخستنی لە پێناو دروستکردنی ئەو کاڵایەی کە کۆمەڵگا پێویستی پێیەتی ، تاکیش سودی خراپی لێوەردەگرێت،بەتایبەت ئەو کاتەی کە نرخێکی بەرزی بەسەردا دەسەپێنێت .کەواتە ئەم جۆرە لە ڕەفتار نێوەندێکی عەقڵی هەیە ،کە بریتییە لە بەرهەمهێنانی ئامێر و ئامادەسازی بۆ کاڵای داواکار،بەڵام ئامانجەکەی ناعەقڵانیی و ناڕەوشتییە ،چونکە کاڵاکان قۆرخ دەکرێت و تاکەکانیش بەخراپ سودیان لێوەردەگرێت .

٢. ڕەفتاری عەقلانی کە ناوەندێکی ناعەقلانی و ئامانجێکی عەقلانی هەیە ئەم جۆرە لە ڕەفتار لەڕووی ناوەند و ئامانجەوە پێچەوانەی جۆری یەکەمە کە باسمانکرد.بۆ نموونە گەنجێك ئارەزووی لە کڕینی ئۆتۆمبێلێکە بۆ ئاسانکاری ژیانی خۆی و کاروبارەکانی ،بەلاَم پارەی پێویستی لەبەر دەستدا نییە تاوەکو بیکڕێت،ئەمە ڕەنگە پاڵی پێوە بنێت تادزی بکات. کەواتە ئامانجەکەی عەقلانی و ڕەوشتییە کە بەدەستهێنانی ئوتۆمبیلە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی وئاسانکاری لە ژیانی ڕۆژانەیدا ،بەلاَم ناوەندەکەی ناعەقلانی و ناڕەوشتییە ،چونکە بریتییە لە دزیکردن و دزینی پارە لە پێناو کڕینی ئۆتۆمبێلدا .

٣. ڕەفتاری عەقلانی کە نێوەندێکی عەقلی و ئامانجێکی عەقلی هەیە،ئەم جۆرە ڕەفتارە بە (نموذجی مثالی)ڕەفتاری کۆمەلاَیەتی دادەنرێت ،واتە(Ideal Type) (جۆری نموونەیی)،مەبەست لە ئایدیال تایپ ئەو ڕەفتارو کردارەیە کە بەتەواوی دوورە لە سۆزو لایەنگیری و دەمارگیری و گرژبوون،واتە ئەو ڕەفتارە لەڕووی کەرەستەو ئامرازەکانی جێبەجێکردنەوە بێلایەن دەبێت.بەمانایەکی تر ئەو ڕەفتارە عەقلانی دەبێت لەڕووی ئەوناوەندەی کە لە میانەیەوە ئەو ئامانج و مەبەستە بەرجەستە دەکرێت، نموونەی ئەو شێوازە لە ڕەفتار وەکو ئەو سەربازە گەنجە وایە کە بەرگری لە نیشتمانەکەی دەکات ،سەرباز لەکاتی جەنگدا چەك و هونەرەکانی شەڕکردن بەکاردەهێنێت کە ئەمە نێوەندی کردەکەیە ،بەلاَم ئامانج لە بەکارهێنانی ئەم چەك و شارەزایی جەنگ و نەخشەی سەربازی بریتییە لەسەرکەوتن بەسەر دوژمنەکان و بەرگریکردن لە خاکی نیشتمان و ئەو ئامانجەش ئامانجێکی عەقلییە.کەواتە ڕەفتاری سەرباز لە جەنگدا ڕەفتارێکە مۆرکێکی ئایدیاڵ تایپ وەردەگرێت ،هەروەها ڕەفتاری قوتابی لە قوتابخانە،یان زانکۆ ڕەفتارێکە جیادەکرێتەوە بە ڕەفتارێکی نموونەیی،یان جۆرێکە لە ڕەفتار کە بە تایپ ئایدیاڵ دەناسرێتەوە ،چونکە نێوەندێکی عەقلانی و ڕەوشتی هەیە کە بریتییە لە (هەوڵدان و کۆششکردن بەشێوەیەکی بەردەوام و ڕێکخراو)،هەروەها ئامانجێکی عەقلانی و ڕەوشتیشی هەیە کە بریتییە لەوەرگرتنی بڕوانامەی زانستی و خزمەتکردنی کۆمەڵگا. (**الحسن،٢٠٠٥،ص٢٦٧**) .

هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین کە ماکس ڤیبەر پێناسەیەکی دیاریکراوی بۆ ئایدیاڵ تایپ(جۆری نموونەیی) نەکردووە و مەبەستیشی شتی دابڕاو نەبووە لە واقیع،بەڵکو مەبەستی ئەم کۆمەڵناسە خستنەڕووی کۆمەڵە تایبەتمەندییەکە دەربارەی کرداری کۆمەلاَیەتی یاخود دیاردەیەکی کۆمەلاَیەتی ، پاشان بەراوردکردنی ئەم تایبەتمەندییانە بە واقیعی لێکۆڵراو.(**فرج،٢٠١٣،ل٩٣**) .

دووەم : ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی بەبەها (السلوك الاجتماعی القیمی)

بریتییە لەو ڕەفتارو کردارەی کە بەرهەمی خونەریت و بەهاو پێوەرەکانی کۆمەڵگەیە.(حەسەن،٢٠١٠،ل٣٣٦).واتە ڕەفتاری بەهادار ئەو ڕەفتارو کردارەیە کە دەکەوێتە ژێر کاریگەری بەهاو پێوەرەکانی کۆمەڵگەوە ،بەواتایەکی تر ئەو ڕەفتارو کردارانەیە کە مرۆڤ لە پێناو پاراستنی بەهاو پێوەر و داب و نەریتەکانی کۆمەڵگە ئە نجامی دەدات.

سێیەم: ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی هەڵچوونی و سۆز (السلوك الاجتماعی الانفعالی و الغریزی)

ئەو کردارەیە کە لەڕووی ماناو مەبەستەوە جۆرێك لە هەڵچوون و زاڵبوونی هەست و سۆزی تیادا بەدی دەکرێت ،واتە ئەو کرداره هەڵچوونی و ڕەمەکییە لەڕووی ماناو مەبەستەوە و لە ژێر کاریگەری هەست و سۆزەکاندا دەردەکەو(حەسەن،٢٠١٠،ل٣٣٥) واتە ئەم کرداره سەرچاوەکەی ئەو سۆز و ڕەمەکەیە،کە زۆرجار دژ پێکە لەگەڵ عەقڵ و ژیریدا و زیاتر لەژێر کاریگەری هەست و سۆزدایە .

چوارەم :ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی تەقلیدی(السلوك الاجتماعی التقلیدی)

ئەو کردارانەیە کە پێشتر لە ڕێگەی نەریتەکانەوە دیاریکراون .

ئەمە جگە لەوەی ڕەفتار و کرداری کۆمەڵایەتی لەلای ڤیبەر بنەمای دروستبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە،کەواتە کرداری کۆمەڵایەتی پرۆسەی ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتی لە نێوان مرۆڤەکاندا دروستدەکات،هەر کردارێك کە ئە نجامدەدرێت لەلایەن ئەوانی دیکەوە بەهەند وەردەگیرێت و وەڵام دەدرێتەوەئەمەش خۆبەخۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دروست دەکات ،بە بڕوای ئەم کۆمەڵناسە یەکەمین تایبەتمەندیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بریتییە لەهەبوونی "لانی کەمی کرداری ئاڵوگۆڕ لەهەردوو لاوە"ناوەڕۆکی ئەم پەیوەندییەش یەك جۆر نییە و شێوەی جیاجیا لەخۆ دەگرێت "ڕەنگە هاوکاری بێت یاخود دوژمنکاری یان پەیوەندیی سێکسی یاخودهاوڕێیەتی یان هاوسۆزی...." (فرج،٢٠١٣،ل٩٣) .

کەواتە لەکۆی هەموو ئەمانەوە دەتوانین بڵێین کە ماکس ڤیبەر یەکێکە لەو بیرمەندانەی کۆمەڵناسی کە زۆر بەوردی ڕاڤەو شیکردنەوەی بۆ ڕەفتاری کۆمەڵایەتی کردووە و جۆرەکانی دیاریکردووە و هەریەکەشیانی شیکردۆتەوە هەروەك لە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد .

دووەم : فلفریدۆ باریتۆ(١٨٤٨_١٩٢٣)

فلفریدۆ باریتۆ یەکێکە لەو بیرمەندە دیارانەی کۆمەڵناسی کە ئاراستەیەکی نوێی لە زانستی کۆمەڵناسیدا تۆمارکرد، ئەویش بریتی بوو لە بەکارهێنانی بیرکردنەوەی ئابوری بۆ شیکردنەوە و راڤەکردنی رەفتاری کۆمەڵایەتی بەشێوەیەك رێبازی بەرژەوەندی خوازی بەکارهێنا لە زانستی ئابوری بۆ راڤەکردنی هەڵسوکەوت و کرداری تاکەکانی ناو بونیادی کۆمەڵایەتی .باریتۆ جیاوازی لەنێوان دوو بەرژەوەندیی گەورەو درێژخایەن لەناو کۆمەڵگادا کردووە :

یەکەمیان : بەرژەوەندیی درێژخایەن کە کۆمەڵگە پێشکەشی تاکەکانی دەکات لە پێناو تێرکردنی حەز و ئارەزوو پێداویستییەکانیان .

دووەمیان : بەرژەوەندیی درێژخایەن کە تاکەکان پێشکەشی کۆمەڵگەی گشتی دەکەن لە پێناو تێرکردنی حەز و ئارەزوو پێداویستییەکانی کۆمەڵگە و تاك لەیەك کاتدا.ئەوەشی روون کردۆتەوە کە تاکەکان نایەکسان و هاوچەشن نین لەناو کۆمەڵگادا بۆیە ناتوانرێت حەزو ئارەزووەکانی هەریەکەیان بەتەنها تێر بکرێت . بەڵکو پێی وایە کۆمەڵگە یەکەیەکی کامڵبووە و دەتوانرێت بەیەکجار تێر بکرێت،نەك تێرکردنی هەموو تاکەکان هەریەکەو بەتەنها ،ئالێرەدا بۆمان دەردەکەوێت،کە باریتۆ لە لۆژیکی ئابووریی ئازادی نەریتی دەرچووە ، ئەو لۆژیکەی داکۆکی دەکات لەسەر دەستەبەرکردنی بڕێکی زۆر لەسود و کەڵك کە لە توانادا بێت بۆ ژمارەیەکی گەورە و زۆر لە تاکەکان ،واتە ئەو پشتگیری لە بەرژەوەندیی و سوودی تاکخوازی ناکات ،بەڵکو پشتگیری لەسوودی گرووپی دەکات،هەروەها جیاوازی کردووە لە نێوان بەرژەوەندیی گەورە و درێژخایەن بۆ تاکەکان و بەرژەوەندی درێژخایەن بۆ کۆمەڵگە و پێیوایە بەرژەوەندی دووەم لەلایەن سەرکردەکانەوە درکی پێدەکرێت،کە زۆرجار پێداویستیی و حەزو ئارەزووەکانی تێکەڵ دەبن لەگەڵ پێداویستییەکانی کۆمەڵگە ،بۆیە بەبۆچوونی باریتۆ دەبێت جیاوازی لە نێوان پێداویستی و حەزو ئارەزووە خودی و بابەتییەکاندا بکرێت..

هەروەها بەبڕوای باریتۆ زۆربەی کاتەکان تاك بڕوای وایە ئەو رەفتارەی کە دەیکات لۆژیکی و بابەتییە،بەلام بەڕای باریتۆ ئەم بڕوایە رووکەشییە نەك واقیعی ،کەچی لەسەر ئاستی مومارەسەکردن ئەوا رەفتاری تاك خودییە و لەسەر سۆز و مەیلی خودی وەستاوە .مەیلی خودی و رەفتاری بابەتیانە هاوشانی یەکتر نین،بەڵکو دوو شتی لەیەکتر جیان و بەبۆچوونی باریتۆ هەریەکەیان دوورە لەوی تریان لەبەر هەندێك بیروباوەڕی کۆمەلایەتی بە ئاکار و رووکەش لۆژیکی نین ،بەلام لەسەر ئاستی ناوەڕۆك و مومارەسەکردنێکی رەفتاری خزمەتێکی کۆمەلایەتی زۆر باش پێشکەش دەکات وەك زیادکردنی توندو تۆڵی هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی نێوخۆی یەکەیەکی کامڵ،لەبەر ئەوە هەندێك لە خێڵەکان بڕوایان وایە سەمای

بەکۆمەڵ دەبێتە هۆی باران بارین، ئەمە تەنها بڕوایەکی نابابەتیانەیە ،بەلاَم زۆر خۆبەستنەوە بەم جۆرە بیروباوەڕانــە دەبێتــە هــۆی زیـادبوونی بەسـترانەوەی تــاك بەسیســتم و بــەهاکانی خێـڵ و ئەنــدازەی بەسترانەوەی بە بونیادی خێڵەوە زیاتر دەکات.(**عمر،٢٠٠٩،ل١٣٣**) .

کەواتە بۆ تێگەیشتن لە هزری باریتۆ پێویستە ئاماژە بـەوەش بدەین،کـە بـاریتۆ زۆر بـەوردی ڕاڤـە و شیکردنەوەی بۆ ڕەفتاری لۆژیکی و ڕەفتــاری نــالۆژیکی کــردووە .(**ئـارۆن،٢٠١٢،ل١٥١**) ،چـونکە گریمانـەی سەرەکی لە هزری باریتۆدا ،بریتییە لە دابەشکردنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی بۆ دوو شێواز ئەوانیش:

یەکەم : ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی لۆژیکی (السلوك الاجتماعی المنطقی)

ئـەو ڕەفتارەیـە کـە کۆتاییـەکی بابـەتی (Objective End)و مەبەسـتێکی خـودی (Subjective Propose)ی هەیە .بەواتای ئەوەی کـە بکـەر دەتوانێت مەبەسـتە خودییـەکانی بەشـێوازێکی بابـەتی بەدیبهێنێت، هــــەروەها ئــــەو هۆکارانەشــــی بــــۆ جێبــــەجێکردنی ئامانجەکــــەی بەکاریــــدەهێنێت بابەتییــە .(**حجــازی،١٩٩٩،ص١٢٧**) ،واتــە ڕەفتــاری لــۆژیکی بریتییــە لــە بــەدیهێنانی ئامانجــەکان بەشێوازێکی بابەتی ، لە ڕێگەی بەکارهێنانی هۆکاری بابەتییەوە .(**تیماشیف،١٩٦٧،ص٢٤٢**) .

کەواتــە دەتــوانین بڵــێین ڕەفتــاری لــۆژیکی ئــەو ڕەفتارەیە،کــە دەتوانرێــت بــە شـێوازێکی بابەتیانــە ئامانجێکی خودی بەرجەستە بکرێت و کۆتاییەکی بابەتیشی هەبێت.بەمانایەکی تر ڕەفتاری لـۆژیکی ئـەو ڕەفتارەیە کە تیایدا مرۆڤ ئامانجی هەیە لەڕێگەی بەکارهێنان و هەڵبژاردنی باشترین هۆکـار بـۆ گەیشـتن بەو ئامانجە،وەك ئەوەی لای مـاکس ڤیبــەر و تــالکۆت بارسـۆنز هــەبوو ،ڕەفتــاری لــۆژیکی لای بــاریتۆ زۆر نزیکـە لـە ڕەفتــاری عــەقلانی لای ڤیبــەر بەتاییــەت ڕەفتــاری عــەقلانی مەبەسـتدار کـە تیایــدا مــرۆڤ هەوڵدەدات بگات بە ئامانجەکانی بە بەکارهێنــانی باشترین هۆکار بـۆ گەیشـتن بـەو ئامانجـە بەباشـترین شێوە .

ســادەترین ڕێگــاش بــۆ تێگەیشــتن لەچــەمکی ڕەفتــاری لــۆژیکی ئەوەیە،کـە ڕەفتــاری ئــەو ئەنــدازیار و بـازرگانە سودخوازانە لەبەرچاوبگرین ،بەتاییەت کە کۆمەڵناسی باریتۆ خۆی لە هزر و شکسـتی ئەنـدازیار و ئابوریزانێك بەرهەم هاتووە ،ئەندازیار ئەگەر هەڵە نەکات ڕەفتارێکی لۆژیکی هەیـە،ئابوریزان ئەگـەر لەبارەی زانستی خۆی توشی تەوەهوم نەبێت دەتوانێت لەهەنـدێك لـە ڕەفتــارە مرۆییـەکان تێبگات،بـەلاَم کۆمەڵنـاسی سەروکاری لەگەڵ ئـەو مرۆڤانـەدا هەیە،کـە زۆربـەی کـات وەك ئەنـدازیاران کاردەکـەن و وەك بـازرگانە سودخوازەکانیش ئاگادارن.بۆ نموونە ئەندازیارێك کە بینـای پردێـك لەئەسـتۆ دەگرێـت ئاگـایی لەبارەی ئامانجێك هەیە کە دەیەوێت پێبگات ئەو خوێندنـەوەی بـۆ پتـەوی مادەکـان کـردووە و دەتوانێـت لێکدانەوە بۆ ڕێژەی ئامڕازەکانی کارو ئامانجەکانی خۆی بکات،واتـە لـەنێوان ڕێژەی ئامڕازەکـانی کـار و

ئامانج و ڕێژەی ئامراز و ئامانج و بەوشێوەیەی کە لەواقیعدا بوونی هەیە گونجانێك بوونی هەیە، کەواتە دەتوانین بڵێین ئەم شیکارییەی ئەندازیار چەمکی ڕەفتاری لۆژیکیمان پیشاندەدات، بەواتایەکی تر ڕەفتار کاتێك لۆژیکی دەبێت کە پەیوەندیی نێوان ئامرازەکان و ئامانجەکان لە واقیعی بابەتیدا لەگەڵ پەیوەندیی نێوان ئامرازو ئامانجەکان لە نەستی ئەکتەرو بکەری کۆمەلایەتیدا ڕەفتارێکی یەکسان بێت.(**ئارۆن، ٢٠١٢، ل١٥١_١٥٢**) .

دووەم : ڕەفتاری کۆمەلایەتیی نالۆژیکی (السلوك الاجتماعی غیر منطقی)

ڕەفتاری کۆمەلایەتیی نالۆژیکی پێچەوانەی ڕەفتاری کۆمەلایەتیی لۆژیکییە . واتە کۆتاییەکی بابەتی نییە بۆ ئەوەی بگەینە مەبەستێکی بابەتی .باریتۆ پێی وایە کە زۆرترینی چالاکییە کۆمەلایەتییەکان لە کرداری نالۆژیکی پێك هاتوون (Nonologic Actions).(**حجازی، ١٩٩٩، ص١٢٧**). واتە ڕەفتاری نالۆژیکی هەموو ئەو ڕەفتارانەیە کە لە ڕوانگەی زهنی، یان بابەتی پەیوەندیی لۆژیکی لە نێوانیاندا نییە.(**ئارۆن، ٢٠١٢، ل١٥٣**) .

واتە ڕەفتاری نالۆژیکی ئەو ڕەفتارەیە،کە تیایدا بکەر دەکەوێتە ژێر کاریگەری نیشتووەکان (رواسب) و پێکهاتووەکان (مشتقات) کە پەیوەندیی بە مێژووی مرۆڤایەتیەوە هەیە ،واتە باریتۆ رەواسب و مشتقات دەخاتە ئەم چوارچێوەیەوە .

مەبەستیش لە نیشتووەکان (رواسب) : چەمکێکە ئاماژە دەکات بۆ ڕەگ و ڕیشەی ڕەفتاری کۆمەلایەتی و بەرپرسە لە زۆربەی ڕەفتارو کردارەکانی مرۆڤ.واتە کۆمەڵێك بنەمای گشتییە کە بنەمایەکی بایۆلۆجی هەیە لەناو هەموو مرۆڤێکدا و لەڕێگەی ڕەفتارو کردارەکانەوە دەردەکەوێت.واتە کۆمەڵێك دەرکەوتەی هەست و سۆزی مرۆڤن و خاڵی نێوەندن لە نێوان هەست و سۆزی مرۆڤ وکردارەکانیان.باریتۆ پێی وایە کە ئەم نیشتووانە پشت بە غەریزەکان دەبەستن و هەموو ئەو شتانەشی کە تەحەکوم دەکەن بە ڕەفتاری مرۆڤەوە ئەوە نیشتووەکانن . (**تیماشیف، ١٩٦٧، ص٢٤٤**).

کەواتە نیشتووەکان جۆرێك لە جێگیری ڕێژەییان هەیە،کە بە ئاسانی ناگۆردرێت و بەشێکن لە مێژووی کلتوری مرۆڤایەتی.هەروەها باریتۆ پێی وایە کە ئەم نیشتووانە ڕەفتاری کۆمەلایەتی و هاوسەنگی کۆمەلایەتی دیاری دەکەن.مەبەستیش لە مشتقات بە شێکە لەو تێڕوانین و هزر و ئایدۆلۆجیایانەی کە مرۆڤ هەڵگریەتی و بۆ پاساوهێنانەوەی هەر ڕەفتارو کردارێك کە دەیکات بەکاریدەهێنێت و ڕواڵەتین و ڕاڤەی هێزێك دەکەن کە شاراوەن لە ناخی مرۆڤدا.(**حجازی، ١٩٩٩، ص١٢٨**).واتە رواسب و مشتقات دوو ڕووی جیای هەستەکانی مرۆڤن کە کاریگەرییان لەسەر ڕەفتار و کردارەکانی مرۆڤ هەیە لەکۆمەڵگادا.

سێیەم : تیۆری کارلێکی هێمایی (النظرية التفاعلية الرمزية)

تیۆری کارلێکی هێمایی یەکێکە لە تێڕوانینە سەرەکیەکانی زانستی کۆمەڵناسی هاوچەرخ،کەکاریگەر بووە بە فەلسەفەی پڕاگماتیکی (النفعية) کە لەکۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا گەشەی کردووە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ،جەختی لەسەر گرنگی ڕەفتارو کردارو کارکردن دەکردەوە لەجیاتی جەخت کردنەوە لەسەر گرنگیدان بە بیرکردنەوەو هزرو لۆژیك و عەقڵ . (**لطفي و الزيات ، ١٩٩٩، ص١١٩**)

هەروەها ئەم تیۆرییە ڕیشەی سەربەخۆیی لە ئەمریکا هەیە،خۆی لە نوسینەکانی ڤیبرو جۆرج زیمل دا دەبینێتەوەو سەر بە تیۆری کردەی کۆمەڵایەتین . تیۆری کارلێکی هێمایی یەکێکە لەو تیۆریانەی کە ڕەفتارو کرداری تاکەکان لەناو کۆمەڵگەو بونیادی کۆمەڵایەتی زیاتر بە هەند وەردەگرێت . (**کابان و دورتية،ص١١٥**) .

هزری کارلێکی هێمایی جەخت لەسەر پڕۆسەی پەیوەندی و کارلێك لەنێوان مرۆڤەکاندا دەکاتەوە لەڕێگەی تویژینەوەکردن لە ڕەفتاری مرۆیی، چارەسەرکردنی کێشەکۆمەڵایەتییەکان کە دووچاری کۆمەڵگە دەبێتەوە، ئەمەش لە ڕێگەی پشت بەستن بەزمان وەك ناوەندێك و فاکتەرێکی گرنگ لە پەیوەندیی و کارلێکی نێوان مرۆڤەکان ،چونکە سیستمی کۆمەڵایەتیی بەرهەمی ڕەفتارەکانە کە تاکەکانی کۆمەڵگە بەرهەمیان هێناوە . (**عمر،١٩٨٢ ، ص١٧٣_١٧٤**) .

پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین کە ئەم تیۆرییە ئیش لەسەر ئاستی یەکە بچووکەکان دەکات بۆ تێگەیشتن لە یەکە گەورەکان ، بەمانایەکیتر واتە لە تاك و ڕەفتارەکانیەوە دەست پێدەکات وەکو دەروازەیەك بۆ تێگەیشتن لە نەسەقی کۆمەڵایەتی کە گرنگی دەدات بە کارلێکی هێمایی لەڕێگەی زمان و ماناو وێنەی زهنی کە ئەمانە لە چەمکە سەرەکیەکانی کارلێکی هێماین . (**لطفي و زيات ،١٩٩٩،ص١١٩**) .

ئەمە جگە لەوەی کە تیۆری کارلێکی هێمایی بەیەکێك لەو قوتا بخانانە دادەنرێت،کە جەخت لەسەر گرنگی فاکتەرە بایۆلۆجیەکان دەکاتەوە،هەر وەك ئەم تیۆریە پێی وایە دەبێت ئەو فاکتەرانە لەبەچاو بگیرێت لەکاتی ڕاڤەکردنی ڕەفتاری مرۆیی . هەروەها جەخت لەسە گرنگی زمان لە کارلێکی کۆمەڵایەتی و بیرکردنەوە دەکاتەوە،ئەمە جگە لە جەختکردنەوە لەسەر تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتیەی کە خۆی تێدا دەبینێتەوە سەرەڕای ڕۆڵی ماناو ئاماژەکان لە ڕاڤەکردنی ڕەفتارەکاندا، هەروەها جەختیش لەسەر توانای مرۆڤ دەکاتەوە لە دروستکردن و بەکارهێنانی هێماکاندا.(**حسن ،٢٠١٠،ل١٠٧**) .

کەواتە ئەم تیۆریە زمان بە بنچینەیەکی چالاك و پردێکی گرنگ بۆ کارلێك و پەیوەندیی مرۆیی دادەنێت ،هەروەها هێما دەرونی و مرۆیی ، ئیگۆ ، خود ، عەقڵی مرۆیی وەك ئامرزی زانستی یان کۆڵەکەی تیۆری بەکاری دەهێنێت، بۆئەوەی لە توێژینەوەکانی سەبارەت بە رەفتاری مرۆیی و چارەسەرکردنی ئەو کێشەکۆمەلأیەتیانەی کە کۆمەڵگە روبەرویان دەبێتەوە، پشتیان پێببەستێت. کەواتە بەشێوەیەکی گشتی ئەم تیۆرییە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە،کە رەفتاری تاکەکان و گروپەکان تەنها رەنگدانەوەی ئەو هێمایانەیە کە تاك دەیانبینێت و بەشێوەیەکی پۆزەتیڤانە،یان نێگەتیڤانە راستەوخۆ پێیان کاریگەردەبێت .هێماکانیش بە ئامرازێکی کاریگەرو یاریدەدەر دادەنێت بۆ گونجاندنی تاك لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا دەژین لەهەمان کاتدا کۆمەڵگە هێمایەك بۆ پارێزگاریکردن لەبوونی تاکەکان و دورخستنەوەی بێگانە بۆ دەرەوەی چوارچێوەی کۆمەڵگە بەکاردەهێنێت . (عمر،٢٠٠٩،ل٢٠٢).

هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین،کە تێگەیشتن لە مرۆڤ لە تیۆری کارلێکی هێمایدا پشت بەو رۆڵە دەبەستێت، کە هەیەتی لەگەڵ ئەو رەفتارەی کە ئەنجامی دەدات و ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان ئەوو ئەواندا دروستی دەکات ، ئەو پەیوەندییەی کە هێماکانی لێ دروست دەبێت گرنگی خۆی هەیە لە هەڵسەنگاندنی ئەو تاکانەی کە ئەو هێمایانەی بۆ دەگەرێتەوە بە زانینی ئەوەی کەسروشتی هێما پێکهێنەرەکان بەردەوامی یاخود پچرانی ئەو پەیوەندییە لەنێوان تاك و گروپەکان دیاریدەکەن .(حسن، ٢٠١٠،ل١١١).

کەواتە بەم شێوەیە دەکرێت نموونەی مرۆڤ لەژێر رۆشنایی تیۆری کارلێکی هێمایی شی بکەینەوەو راڤەی بکەین بەوەی کە ئێمە ناتوانین لە نموونەی مرۆڤ تێبگەین،ئەگەر رۆڵێکی دیاریکراو یاخود چەند رۆڵێکی نەبێت،ئەو رۆڵانەش یارمەتی دەدات لە ئەنجامدانی رەفتارێکی دیاریکراو بەرامبەر کەسێك،یاخود ئەو گروپەی کە پەیوەندیی لەگەڵ دروست دەکات لەمیانی ئەو پەیوەندیەدا،ئەو تاك و گروپ و شتانە دەناسێت کە ئەو هێمایانەی لا دروست دەبێت ، بەهایەکی پۆزەتیڤ یاخود نێگەتیڤی دەبێت،بە پشت بەستن بەو پەیوەندیەی لەگەڵی دروست دەکات ،واتە لەمیانی ئەو رەفتارو پەیوەندییەدا پرۆسەی هەڵسەنگاندن دروست دەبێت بۆ رەفتارەکان جا چ بەشێوەی پۆزەتیڤ بێت،یان نێگەتیڤ.(حسن ،٢٠١٠،ل١٠٩).

کەواتە هزری کارلێکی هێمایی،بریتییە لە پەیوەندیی بەردەوامی نێوان تاك و کۆمەڵگە لەرێگەی پرۆسەی کارلێکی هێمایی بەجۆرێك ئەو هزرە عەقڵی و مرۆییە بە دەروونی کۆمەلأیەتی دەبەستێتەوەو هەردووکیان لە رێگەی پرۆسەی کارلێکی کۆمەلأیەتی بە پێکهاتەی کۆمەڵگەوە دەبەسترێتەوە ،هەروەها ئەم هزرە پێی وایە تاك یەکەیەکی سەرەکییە،کە کۆمەڵگە جەختی لەسەر دەکاتەوەو چەند تاکێك

پێکەوە گروپێکی بچووك دروست دەکەن و چەند گروپێکی کۆمەڵایەتیی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی گەورەو ئالۆز دروست دەکەن، هەموو ئەو ڕێککخراوانە پێکەوە دامەزراوەی کۆمەڵایەتی پێك دەهێنن، کە پێداویستییەکان بۆ تاکەکان فەراهەم دەکەن . (عمر،٢٠٠٩،ل٢٢٧)

وەلەگرنگترین بیرمەندانی ئەم تیۆرییەش :

جۆرج هێربەرت مید (١٨٦٣_١٩٣١)

جۆرج هێربەرت مید پێی وابووە کە ڕەفتار بریتییە لە ڕەنگدانەوەی کارلێکی بەردەوامی (عەقڵ و دەرون و کۆمەڵگە) .لای ئەو عەقڵ بریتییە لە توانای مرۆڤ بۆ بەکارهێنانی ئەو نیشانە و هێمایانەی کە ناوەڕۆکی ماناکانیان لە ناوەڕۆکی کلتوری و کۆمەڵایەتی پێك دێت و ڕەفتاری تاك لە کۆمەڵگەدا ئامادە و دیاری دەکات ،کاری ئەم هێما و نیشانانە بریتییە لە ئاسانکردنی پرۆسەی پەیوەندی کردن لە نێوان تاکەکان و گونجانیان لەگەڵ یەکتر، چونکەئەم هێمایانە مانای هاوبەش و گشتی و هەڵقولاوی داب و نەریت و بەها و ڕێساکانی کۆمەڵگەن.هەروەها مید عەقڵی بونەوەرەکانی تر لە ڕێگای تواناکانی لەم شتانەی لای خوارەوە جیادەکاتەوە:

١: هەموو هێما گشتی و هاوبەشەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە تێدەگات .

٢: بەکارهێنانی ئەم هێمایانە بۆ تەبەنیکردن و مومارەسەکردنی ڕۆڵی ئەوانی تر .

٣: هەڵبژاردن، یان جیاکردنەوەی ڕەفتارێکی گونجاو لە نێوان چەند ڕەفتارێکی جۆراوجۆردا .

هەروەها مید پێی وایە دەروونی مرۆیی بەهۆی تواناکانی تاك لە پەیوەندیکردن و کارلێککردنی لەگەڵ ئەوانی تر بەهۆی بەکارهێنانی زمان و هێماکانیەوە فۆرمەلە دەبێت، دەروونی مرۆڤ لەڕێگەی لەدایکبوونەوە دروست نەبووە، بەڵکو لە ڕێگەی شارەزایی کۆمەڵایەتی و سیستەمەکان و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، کە تاك لە کۆمەڵگادا مومارەسەیان دەکات دروست دەبێت.لای مید هێماکان مانای سەرەتایی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی دەبەخشن و کاردەکەن لەسەر هاندانی تاکەکان ،کەواتە مید چەمکی زمان بەهۆکاری پەیوەندیی نێوان خەڵك دادەنێت و بەوە وەسفی دەکات، کە یەکێکە لە ڕووەکانی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی .لەهەمان کاتدا مید زمان لە نێوان تاکەکان بە کارایی گواستنەوەی نیشانە و هێماکان دادەنێت، کە یارمەتیان دەدات بۆ گوزارشتکردن لەو مانایانەی کە خەڵکی دەیڵێن، یان دەیگوازنەوە بۆ ئەوانی تر، هەر هێمایەك کردارێکی تایبەتی هەیە و ئاماژە بە ڕەفتارێکی دیاریکراوو زانراو دەکات لە کۆمەڵگادا.بە مانایەکی تر تێگەیشتنی هاوبەش لای تاکەکان لەبارەی ئەم هێما و نیشانانەوە هەیە، (عمر،٢٠٠٩،ل٢٢٣ _٢٢٨) .

هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین کە **جۆرج هێربرت مید** لە کتێبەکەیدا بەناوی (عەقڵ و خود و کۆمەڵگا) زۆربەی بیروبۆچوونەکانی لەسەر کارلێکی هێمایی باسکردووە و سەیری خود دەکات وەکو یەکێك لە پێکهاتە سەرەکیەکانی دەروونی مرۆڤ لەڕێگەی پەیوەندیی ئاڵوگۆڕکاری لەگەڵ کۆمەڵگادا ، کۆمەڵگەش کۆمەڵە خودێکی کۆکراوەیە کەهەمویان پێکەوە سیاقی کۆمەڵایەتی ڕێکخراو دروست دەکەن هەروەها پێشی وایە کەخود فاکتەری سەرەکییە لە پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتیداو دەرئە نجامی پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتییە . (**عمر،١٩٨٢،ص١٩٧**).

هەروەها لەچوارچێوەی ڕاڤەکردنی خودی مرۆیدا **مید** پێی وایە کە خودی ناوەکی بەرئە نجامی کارلێکی بایۆلۆجی و کۆمەڵایەتییەو کۆمەڵێك غەریزەی سروشتین و خودی دەرەکیش لەشێوەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیدا کاردەکات وەکو ویژدانی تاك کە هەڵدەستێت بەگواستنەوەی بنەماوبەهاکان کە کۆمەڵگە باوەڕی پێیەتی بۆ ناخی تاك لەڕێگەی پرۆسەی کارلێککردن و پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتیەوە ، هەر ئەمەشە وادەکات کەمرۆڤ هەست بکات بابەتێکە بەلای ئەوانی ترەوەو خەڵکانی تریش بابەتن بەلای ئەمەوە . (**رحیم،٢٠٠٨،ص٣٤**).

هەروەها **مید** بڕوای وابوو کەتاکەکان لەمیانی پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی لەنێوان خۆیی و تاکەکانی تردا کەڕۆڵێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراویان هەیە، وێنەیەکی زهنی بەشێوەی هێمای دیاریکراو دروست دەکەن بەرامبەر یەکتری کە دەشێت ئەم هێمایە پۆزەتیڤ بێت،یان نێگەتیڤ هەر ئەم هێمایە لەداهاتودا دەبێتە ئەزمونێکی پڕشکۆدار لەنێوان مرۆڤەکاندا . (**حسن ،٢٠٠٥،ص٨٠_٨١**) .

مید پێی وایە کە عەقڵی مرۆیی و دەروونی مرۆیی دروست دەبن لە ڕێگەی کارلێکردن و پرۆسەی پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی هەروەها کۆمەڵگاش دەرئە نجامی کارلێکی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکانەو پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتیش چەمکێکی سەرەکییە لای مید و تیۆری کارلێکی هێمایی. چونکە پەروەردەکردن ئیش لەسەر داڕشتنەوەی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی دەکات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی کە ئەوانی تر لێمان چاوەڕێ دەکەن ،ئەمە جگە لەوەی کە جەخت لەسەر چۆنیەتی پێکهێنانی کەسێتی و ڕۆڵی گروپەکان لە بەدیهێنانی هاوبەندی کۆمەڵایەتی و هەستنەکردنیان بە گۆشەگیری دەکات.(**عمر،١٩٨٢،ص١٩٧**) .

کەواتە لەکۆی هەموو ئەمانەوە دەتوانین بڵێین یەکێك لەسەرچاوەکانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی لای مید ،بریتییە لە بەردەوامبوونی پەیوەندیی کارلێکی کۆمەڵایەتی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا تاوەکو بتوانن لەو ڕێگەیەوە ڕەفتار و کردارەکانیان بەرامبەر بە یەکتر ئاراستە بکەن ،هەروەها لە ڕێگەی پەیڕەوکردنی ڕۆڵەکۆمەڵایەتییەکانەوە لە کات و هەڵوێستە جیاواز و جۆراوجۆرەکاندا لەناو کۆمەڵگادا.ئەگەر هاتوو ئەو کارلێك و پەیوەندییە پۆزەتیڤ بوو،ئەوا تاك هەست بە ئارامی دەروونی و

کۆمەڵایـەتی دەکـات و یارمـەتی دەدات بـۆ بـەردەوامی لـە پەیوەنـدی و کـارلێکی لەگـەڵ ئـەوانی تـرداو پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە .

بەشی سێیەم

چوارچێوەی تیۆری بێکاری

باسی یەکەم : تیۆرەکانی بێکاری

باسی دووەم : جۆرەکانی بێکاری

باسی سێیەم : هۆکارەکانی بێکاری

بەشی سێیەم

چوارچێوەی تیۆری بێکاری

باسی یەکەم

تیۆرەکانی بێکاری : نظريات البطالة : (Unemployment Theory)

چەندین تیۆری زانستی هەیە کە ڕاڤەی بێکارییان کردووە ، وەکو دیاردەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو تیۆریانەش دابەش دەبن بەسەر دوو جۆردا :

یەکەم : تیۆرە کۆنەکان : النظريات التقليدية

دووەم : تیۆرە نوێیەکان : النظريات الحديثة

یەکەم : تیۆرە کۆنەکان : زۆربەی تیۆریە کۆنەکان یەك بۆچوون کۆیان دەکاتەوە، کە ئەویش بوونی بازاڕی کێبڕکێیە (**سوق التنافسی**) ،کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت کرێی هاوسەنگ (**الأجر التوازنی**) و ئاستی کارامەیی بەرامبەر (**مستوى التشغيل المقابل**) دیاری بکرێت .ئەم تیۆریەش بەسەر چەند تیۆریەکی تردا دابەش دەبێت ئەوانیش :

أ. تیۆری کلاسیکی : النظرية الكلاسيكية (Classical Theory)

شیکردنەوەی تیۆری کلاسیکی بۆ بێکاری شیکردنەوەیەکی درێژخایەنە، بیرمەندانی تیۆریەکە پێیان وایە گەشەکردنی دانیشوان و کەڵەکەبوونی سەرمایەداری و گەشەی توانای بەرهەم هێنان هەموویان پێکەوە کاریگەری زۆریان لەسەر بێکاری هەیە. تیۆری کلاسیکی لەسەر کۆمەڵێك گریمانەی سەرەکی بنیاد نراوە ،کە گرینگترینیان باڵادەستی بارودۆخی کێبڕکێی تەواوەتییە لەسەرجەم بازاڕەکاندا ، هەروەها نەرمی نواندن لە کرێ و نرخدا. بڕوای بە باڵادەستی بارودۆخی کار سپاردنی تەواوەتی هەیە بە ڕەگەزەکانی بەرهەم هێنان،کە لە ناویاندا ڕەگەزی کارە. تیۆری کلاسیکی گرنگی بە توێژینەوەی بابەتی بێکاری نەداوە، بەڵکو زیاتر گرنگی بە چۆنیەتی بەدەست هێنان و کۆکردنەوەی سەرمایە داوە . ئەوەشی ڕوون کردۆتەوە، ئەگەر بێت و واز لە بازاڕی ئازاد بهێنرێت بەبێ دەست تێوەردانی دەرەکی ، ئەوا نەرمی نواندن لە کرێ و نرخەکاندا دەستەبەری هاوسەنگی لە بازاڕی کاردا دەکەن بەشێوەیەکی تەواوەتی ، ئەم تیۆرییە دان نانێت بەبوونی بێکاری ناچاری (**البطالة الاجبارية**)و پێی وایە کە ئەگەر بێکارییەك هەبێت ئەوا بێکاری بەئارەزووە (**البطالة الاختيارية**) ،کە ئەویش بە پێی بارودۆخی بێکارەکان و نرخی

باوی بازاڕ دیاری دەكرێت ، یان بێكارییەكی قۆرخكاری و پاوان خوازییە (**البطالة الاحتيكاكية**) ،وەك ئەوەی كە دروست دەبێت لە كاتی گواستنەوەی فەرمانبەرێك لە ئەركێكەوە بۆ ئەركێكی تر ، لێرەدا پێویست بە دەست تێوەردانی حكومەت ناكات ، چونكە بێكارییەكە كاتییەو ماوەیەكی كەم دەخایەنێت . (احمد ، ٢٠٠٤ ، ص٢١١) .

ب. تیۆری كلاسیكی نوێ(نیوكلاسیكی) : النظرية النيوكلاسيكية (New classical theory)

تیۆری كلاسیكی نوێ بە درێژكراوەی تیۆری كلاسیكی دادەنرێت و جەخت دەكاتەوە سەر ئازادی ئابووری و بالأدەستی دامەزراندنی تەواوەتی،كە بنیادنراوە لەسەر یاسای (سای) بۆ بازاڕەكان (**قانون ساي للاسواق**) . (زكي ، ١٩٩٧ ، ص ١٨٣) . بە پێی ئەم یاسایە (هەموو خستنە ڕوویەك (عرض) ، داواكاری (طلب) دروست دەكات) ،واتا بە پێی ئەم یاسایە هەتا زیاتر كەلو پەل بخرێتە بازاڕەوە،ئەوا داواكاری زۆر دەبێت لەسەری و نرخ كەم دەبێتەوە ،بۆنموونە زیاتر خستنەڕووی كار لە لایەكەوە كار دەكاتە سەر بێكاری لە بازاڕداو لە لایەكی تریشەوە كار دەكاتە سەر نزمبوونەوەی كرێی ڕاستەقینە ،كەواتە بە پێی ئەم یاسایە هەموو زیاتر خستنە بازاڕێكەوە بێكاری زۆرتر دەكات وئەمەش وا دەكات كاركردن كەم بێتەوە ، ئەم تیۆریە زیاتر جەخت لەسەر هاوسەنگی گشتی لە بازاڕەكاندا دەكاتەوە كە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە :

١. بوونی نەرمی لە نرخەكاندا تاوەكو لە ڕێگەیەوە بتوانرێت هاوسەنگی لە كردنی كارەكان و بەرهەمیشدا دروست بێت .

٢. بازاڕی كار لە بارودۆخی كێبڕكێی تەواوەتیدا ، هەروەها پێدانی سەربەستی تەواوەتی بە دەستی كار لە ناوەوەو دەرەوە .

٣. خستنە بازاڕی كار لەگەڵ ژمارەی تاكەكاندا یەكسان بێت .

٤. قەبارەی دەستی كار پەیوەندیی هەیە بە خستنەڕووی كارەوە ، واتا بوونی پەیوەندیی ڕاستەوانە لەنێوان خستنەڕوو و داواكاری . (ألمان ،١٩٩٤، ص ٩٤) .

ج. تیۆری کنزی : النظریة الكنزیة (Keynesian Theory)

تیۆری کنــزی دوای ئـەو شکسـتە گەورەیـە هـات کـە تیـۆری کلاسیکی نـوێ بەخۆیـەوە بینـی ، هەوڵیـدا دیـاردەی بێکـاری ڕاڤـە بکـات و هۆکـاری شکسـتی تیـۆری کلاسیکی نـوێش بزانێـت ، جـەختی کـردەوە سـەر شیکردنەوەی دیاردەی بێکاری و گەیشت بە دوو ڕاستی سەرەکی کە ئەوانیش :

١. بازاڕی کار نابێت وەکو تەواوی بازاڕەکانی تربێت .

٢. بێکاری بە پێی ئەم پەیوەندییەی خوارەوە دەست نیشان کرد .

داواکاری (طلب) ←بەرهەم هێنان (الانتاج) ← کاراکردن (تفعیل) ← ئاستی بێکاری (مستوی البطالة) . (کلو ، ٢٠٠٢ / ٢٠٠٣ ، ص ٧) .

بە پێی تیۆری کنزی ئاستی کاراکردن و ئیشکردن و دامەزراندنی تاکـەکان لەسـەر خسـتنەڕوو نەوەسـتاوە ،بەڵکو لەسەر داواکاری (طلب) وەستاوە . هەر بۆیە کنـز بانگەشـەی ئـەوەی کـرد کـە پێویسـتە دەوڵـەت دەسـت بخاتــە نــاو چــالاکییە ئابووریــەکان بــە ئامــانجی چارەســەری کــەمی داواکــاری تــەواوەتی لــە چارەسەرکردنی بێکاریی ناچاری ئەویش لە ڕێگەی بـەکارهێنانی یاسـای سیاسـەتی دارایـی و ئـابووری . (نجا ، ٢٠٠٥ ، ص ٤٥) .

دووەم : تیۆرە نوێیەکان : النظریات الحدیثة (Modern Theories)

بەرزبوونـەوەی ڕێـژەی زۆری بێکـاری لـە حـەفتاکانی سـەدەی پێشـوودا بـووە هـۆی ئـەوەی کـە سـەرنجی بیرمەندان و زانایان ڕابکێشێت بـە لای خۆیـداو هـەوڵ بـۆ شیکردنەوەی کێشـەی بێکـاری و چارەسـەرکردنی بدەن، تاگەیشتنە ئەو بڕوایەی کە هەرسێ تیۆریەکەی پێشوو (کلاسیك و کلاسیکی نـوێ و کنـزی) نـەیان توانیوە ئەم کێشەیە لە واقعدا چارەسەر بکەن، بەتایبەتی دوای دەرکەوتنی هەندێك دیاردەی ئـابووری کـە پەیوەندی بەتینی بە بێکارییـەوە هەبووە، لـەم بارودۆخەشـدا چـەند تیۆریـەکی نـوێ سـەریان هەڵـدا کـە ئەوانیش بریتین لە مانەی خوارەوە :

١. تیۆری گەڕان بە دوای کاردا : نظریة البحث عن العمل (Job Search Theory)

تیۆری گـەڕان بـەدوای کـاردا لـە گریمانەیـەکی بنەڕەتییـەوە سەرچـاوەی گرتووە،کـە بـاس لـە بـوونی زانیاری تەواو دەکات سەبارەت بە بازاڕی کار ، واتە بە پێچەوانەی هەموو تیۆریە کلاسیکییەکانی ترە کە باس لە بازاڕی کار دەکەن ، چونکە تیـۆری گـەڕان بـەدوای کـاردا پێـی وایـە مەبەسـت لـە بێکـاری لـەڕووی

ئابوورییـەوە بێکـاری پاوا نخوازییـە (البطالـة الاحتكاكيـة)، کـە ئەمـەش ڕەفتـارێکی هەڵبـژێردراوە ، دەتوانین ئەم تیۆریە لە کۆمەڵێك خاڵدا کۆ بکەینەوە :

١. هەرکاتێك ماوەی گەڕان بە دوای کاردا ماوەیەکی درێژبوو ، واتە ئەگـەر مـاوەی کارەکـە درێـژبوو ، ئـەوا کرێکەشی زۆر دەبێت، لەسەر ئەو بنچینەیەی کـە بـاس لـەوە دەکـات ئـەو تاکانـەی هـیچ کارێکیـان نییـە، ماوەیەکی باشیان لەبەردەمدایە بۆ ئەوەی زۆرترین زانیاری کۆ بکەنـەوە و زۆرتـرین پەیوەنـدی بـە خـاوەن کارەکانەوە بکەن بەجیاوازی لەگەڵ ئەو کەسانەی کە کاریان هەیە .

٢. وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە پلەو پایە و ئەو کارانەی کە کەمترین تێچووی تێدەچێت .

٣. ئەو کەسەی بەدوای کاردا دەگەڕێت زۆرترین زانیاری لەسەر کرێ جۆراو جۆرەکان و جۆری کارەکان دەست دەکەوێت، بۆیە کاتێك کە دەگەڕێت زۆرترین زانیاری لەسەر کارەکان دەست دەکـەوێت ، لـە کۆتایـدا کارێـك هەڵدەبژێرێت کە بڕی کرێکەی زۆربێت .

تیۆری گەڕان بەدوای کاردا بیرو بۆچوونی تازەی لەخۆ گرتووە سەبارەت بە دیاردەی بێکاری بە بەراورد بـە تیۆریە کلاسیکیەکانی تر ،کە زۆرتر ئاماژەیان بە بێکاری نەداوە ،بەڵام لەگەڵ هـەموو ئەمانەشـدا تیـۆری گەڕان بەدوای کاردا هەندێك لایەنی پشتگوێ خستووەو هەندێك ڕەخنەشی ڕووبەڕوو کراوەتەوە لەوانە :

١. ئەم تیۆریە سەرکەوتوو نەبووە لە ڕاڤەکردنی بنچینە سـەرەکییەکانی بێکـاری و هۆکارەکـانی بـەردەوام بـوونی لـە ماوەیـەکی دورودرێژدا، چـونکە ڕاڤـەی بەشـێکی کـەمی لـە کێشـەی بێکـاری کـردووە و گـوێی بـە هاوسەنگی گشتی لە بازاڕی کاردا نەداوە .

٢. ئەم تیۆریە وای دادەنێت بێکاری هەڵبژێردراوە (اختيارييه) ، بەڵام لە واقعدا دەرکەوتووە کـە بێکـاری دەگەڕێتەوە بۆ دەست بەرداربوون و وازهێنـانی دەستی کار لە کار بەهۆی بـارودۆخی ئابووری خرا پەوە .

٣. ئەم تیۆریە وای دادەنێت کە گەڕان بەدوای کاردا بۆ ماوەیەکی دورودرێژ بەڵگەیەکی باشە بـۆ دۆزینـەوەی کارێکی بـاش ،بەڵام لە ڕاستیدا ئەم بۆچوونە هەڵەیە ، چونکە توێژینەوە تـاقیکراوەکـان دەریـان خسـتووە ئەو کەسەی بۆ ماوەیەکی درێژ بێکارە زۆر بە زەحمەت هەلێکی باشی بـۆ دەرەخسـێت تـاوەکو کـارێکی باشـی دەست بکەوێت . (أرلوند ، ١٩٩٢ ، ص ٢٠٧) .

ب. تیــۆری تێکچــوون (تێکچــوونی هاوســەنگی) : النظریــة الاخــتلال (الاخــتلال التــوازن) : (Sequibrium Theory)

تیۆری تێکچوون کاتێك باس لە بێکاری دەکات جەخت دەکاتەوە سەر (چەقبەستووی لە کرێ و نرخدا) و کاریگەری خراپیان لەسەر بازاڕی کارو بازاڕی کالاّ پێکەوە هەیە، پێی وایە لەسەر ئاستی بازاڕی کار زیادەڕەوی دروست دەبێت لەسەر بنەمای ئەو شتەی خراوەتە ڕوو ، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی جۆرێك لە بێکاری کە بێکاریی ناچارییە (البطالة الاختيارية) .

بەلاّم لەسەر ئاستی بازاڕی دووەم، کە بازاڕی کالاّیە چەقبەستوویی لە نرخدا ناهاوسونگی دروست دەکات لەڕووی چەندایەتی خراوەڕوو ، چۆنایەتی داواکراو لە کالاّدا، تیۆری تێکچوون پالپشتی لەو بیرو بۆچوونە دەکات، کە تیۆری کلاسیکی شیکردنەوەی بۆ کردووە سەبارەت بە بوونی بێکاری بە ئارەزوو بێکاری احتکاری ، لەگەلّ ئەوەشدا باس لە بوونی بێکاریی ناچاری دەکات، کە پێچەوانەی تیۆری کلاسیکیە، کە دان نانێت بەم جۆرە لە بێکاری لە کاتێکدا تیۆری کنزی دانی پیاداناوە.(ارلوند ، ١٩٩٢ ، ص٢٠٧).

کەواتە لەمەوە دەتوانین بلێین تیۆری تێکچوون دوو شێوازی سەرەکی لە بێکاری لەخۆدەگرێت ئەوانیش :

١. بێکاریی کلاسیکی : ئاماژە بە زۆربوونی کرێی ڕاستەقینە دەکات لەسەر ئەو کارانەی کە هاوسەنگی دروست دەکات و پالّ بە خاوەن کارەکانەوە دەنێت، کەوا هەلی کار بۆ بێکاران زیاد نەکەن، ئەمەش بە خراپی بەسەر زۆربوونی خستنەڕووی کالاّدا دەشکێتەوەو دەبێتەهۆی دروست بوونی زیادەڕۆیی لە خستنەڕوودا لەناو بازاڕی کارو زۆربوونی داواکاری لەسەر بازاڕی کالاّدا .

٢. بێکاریی کنزی : مەبەست لە بێکاریی کنزی بوونی کەم و کوڕییە لە خستنە سەرکاری کرێکارو کەم و کوڕی لە کارکردن، کەم و کوڕی لە داواکاری، زیادەڕۆیی لە خستنەڕوودا، ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی ناهاوسەنگی و ڕودانی تێکچوون .

تیۆری تێکچوون شیکردنەوەی زیاتری لەسەر دیاردەی بێکاری کردووە و وەك دیاردەیەکی سەردەمیانە بەستویەتەوە بە کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەم هێنان کە لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ کەمی قازانج بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخ بە پێی بیروڕای کلاسیکی ، یاخود بەهۆی کەمی داواکراو بە پێی شیکردنەوەی کنزی، لەگەلّ هەموو ئەمانەشدا ئەم تیۆریە کەم و کوڕی خۆی هەیەو ڕەخنەی لێگیراوە ، چونکە ئاماژەی بە سیاسەتی ئابووریی پێویست نەکردووە بۆ چارەسەرکردنی بێکاری ، چونکە بە پێی ئەم تیۆریە بێکاری، یان دەبێت کلاسیکی بێت یان دەبێت کنزی بێت، بەلاّم لە واقعدا ئاماژە بە شێوازی جۆراوجۆر کراوە لە ڕەگەزەکانی کار ، هەروەها باس لە دوو جۆر بێکاری لە یەك کاتدا کراوە ، چارەسەرێکی پێشنیارکراو بۆ

چارەسەرکردنی بێکاری کنزی و هەروەها پێشنیارێکی تر بۆ چارەسەرکردنی بێکاری کلاسیکی . (**نجا** **،٢٠٠٥، ص ٥٤**) .

ج. تیۆری بەش بەشکردنی بازاڕی کار : النظریة تجزئة سوق العمل (Segmentation Theory of the labor market)

تیۆری بەش بەشکردنی بازاڕی کار پێی وایە بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری بۆ نەبوونی هاوچەشنی (التجانس) لەنێوان هەموو کەرتە جیاجیاکان لەناو کۆمەڵگەدا دەگەڕێتەوە ، چونکە هەندێك لەو کەرتانە بە ئاستێکی بەرچاو ڕێژەیەکی زۆر لە بێکارییان پێوە دیارە ، ئەم ڕێژەیەش لە کەرتێکەوە بۆ کەرتێکی دیکە جیاوازە .واتا ئاما نجی سەرەکی ئەم تیۆریە شیکردنەوەی هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکارییە. (**لیلی ، ٢٠٠٩ ، ص ١٤**).

بە پێی ئەم تیۆریە بازاڕ دابەش دەبێت بەسەر دوو جۆردا :

١. بازاڕی سەرەکی (**السوق الرئیسی**) :

بازاڕی سەرەکی ئەو بازاڕەیە کە دامەزراوەی گەورەی تێدایە لە ڕووی قەبارەوە ، ئەو بەرهەمانەشی کە لەم بازاڕەدا بەرهەم دێت، پێویستیان بە سەرچاوەی دارایی زۆر گەورە هەیە ، ئەم بازاڕە دەستی بەسەر زۆربەی پلەو پایەکانی کاردا گرتووە ،کە پێویستی زۆری بە لێهاتووی و شارەزایی و پسپۆری لە کارەکاندا هەیە ،واتا ئەو کەسانەی لەم جۆرە بازاڕەدا کار دەکەن، دەبێت پسپۆڕی و شارەزاییان لەبواری کارەکەیاندا هەبێت ،بۆیە هەوڵدەدرێت پارێزگاری لەو تاکانە بکرێت کە خاوەنی شارەزایی و پسپۆڕین .

٢. بازاڕی لاوەکی (**السوق الثانوی**) :

بازاڕی لاوەکی پێچەوانەی بازاڕی سەرەکییە ، چونکە هۆکاری بەرهەم هێنانی زۆر سادەو ساکار بەکاردەهێنێت ، واتا بەرهەم هێنان و هۆکارەکانی بەرهەم هێنان سادەو ساکارن ، ئەم جۆرە لە بازاڕ دامەزراوەی بچوك بچوك لەخۆدەگرێت ،ئەو کەسانەشی کاری تیادا دەکەن کەسانی سادەو ساکارن و خاوەنی بڕوانامەو پسپۆڕیو شارەزایی نین و بە کرێیەکی کەم ڕازین بە کارکردن وزۆر داوای قورسیان لەسەر شوێنی کارکردنیان نییەو داوای پلەو پایەی بەرزیش ناکەن .(**نجا ، ٢٠٠٥ ، ص ٥٤**) .

باسی دووەم

جۆرەکانی بێکاری

دەتوانین جۆرەکانی بێکاری بەم جۆرە دابەش بکەین :

یەکەم : بێکاری پەردە پۆشکراو (نادیار) : البطالة المقنعة : Disguised Unemployment

ئەو جۆرەیە لە بێکاری کە زۆربەی ولآتان بە دەستیەوە دەناڵێنن، ئەم جۆرەی بێکاری لەو بارو دۆخەدا ڕوودەدات کە ژمارەی دەستی کار زۆرتر بێت لە ژمارەی داواکراو ، واتا بوونی ژمارەیەکی زۆر لە کارمەند کە هیچ شتێك بەرهەم ناهێنن و لە شوێنی کاری خۆشیان ناکشێنەوە . (**احمد ، ٢٠٠٠ ، ص٣٥٣**) ، لە کاتێکدا دەتوانرێت زۆربەیان دور بخرێنەوە بەبێ ئەوەی گۆڕانکاری لە وەبەرهێنانی گشتیدا بکرێت ،ئەم جۆرە بێکارییە بە زۆری لە کەرتی پیشەسازیدا دەبینرێت،زۆربەی کەرتە گشتیەکان بە دەست ئەم دیاردەیەوە دەناڵێنن،هەروەها دەتوانرێت بوترێت کە ئەم جۆرە لە بێکاری تیایدا ڕێژەی کارکردن سفرە،ئەم دیاردەی بێکارییەش لە دەوڵەتە تازە گەشەسەندوەکاندا هەیەو هەرێمی کوردستانیش نمونەیەکی زیندووی ئەم جۆرەیە لە بێکاری . (**عبدلقادر ، ٢٠٠٣ ، ص٣**) .

دووەم : بێکاری سوڕی (خولی) : البطالة الدورية : Cyclical Unemployment

ئەو جۆرەیە لە بێکاری کە سەرچاوەی گرتووە بەهۆی نەبوونی ڕێگایەکی چالاکی ئابووری لەسەر یەك شێواز یان ڕێکخراو لە ماوەو کاتی جیاوازدا.(**حویتی ، ٢٠٠٧ ، ص٦٧**).ئەم جۆرە زیاتر لە ولآتە سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکاندا بلاو دەبێتەوە،ئەوانەی کە ئابووری نەتەوەییان توشی کێشە دەبێت، بەهۆی دابەزینی خواست لەسەر ئەو بەرهەمەی کە هەیە ، ئەمەش دەبێتە هۆی لەکار کەوتنی بەشێکی زۆر لە توانای وەبەرهێنانی ئابووری و بلآوبوونەوەی بێکاری و ئەم بێکاریەش کاریگەری خراپی لەسەر ئابووری ئەو ولآتە دەبێت.(**عبدلقادر ، ٢٠٠٣ ، ص٣**) .

سێیەم : بێکاری هەیکەلی : البطالة الهيكلية : Structural Unemployment

ئەم جۆرە بێکارییە بەهۆی گۆڕانکاری و بەرەو پێش چوونی پیشەسازی و بەرهەم هێنان دروست دەبێت ،کە کار دەکاتە سەر بەشێك لە هێزی کار وەك داهێنانی نوێی پیشەسازی کە شوێنی دەستی کار دەگرێتەوە .. واتا ئەم جۆرە بێکارییە بۆ گۆڕانی هەیکەلی دەگەڕێتەوە کە توشی ئابووری نیشتیمانی دەبێت و دەبێتە هۆی ڕودانی شێوەی نەگونجاو لە نێوان کاتی کارکردنی ڕێپێدراوو تواناکان ، بوونی توانای کەسەکان لە بازاڕی کارکردندا ،هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕان لە پێکهاتەی داواکراو لەسەر بەرهەمەکان ،یان گۆڕان

لە هونەری بەرهەمهێنانی بەکارهاتوو لە بەرهەمهێنانی ئەو بەرهەمانە ، یان گۆڕان لە بازاڕی کارکردنـدا ،یان دەبێتەهۆی گواستنەوەی پیشەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر . (**حسین،ص٥٣**) .

چــوارەم : بێکــاریی ناچــاری یــان بــە ئــارەزوو : البطالــة الاجباريــة و البطالــة الاختياريــة : Unemployment Compulsory and Unemployment Optional

بێکاریی ناچاری لە ترسناکترین جۆرەکـانی بێکارییـە کـە حکومـەت لێـی بەرپرسـیارە ، کاتێـك دروست دەبێت کە ئەو کەسە تواناو ئارەزووی لە کارکردن هەیە بەرامبەر بە موچەیەکی گونجاو یان کەمتر ، بـەڵام ئەو کارە نادۆزێتەوە ،ئەمەش بێتوانایی حکومەت دەردەخات لە دۆزینەوەی هەلی کار بۆ دەستی کار .

بەڵام بێکاری بە ئارەزوو کاتێك دروست دەبێت،کە کەسەکە خۆی ئەو بۆشاییە هەڵدەبژێرێت و ڕەتی ئـەو جـۆرە کـارە دەکاتــەوە کـە ئــارەزووی لێیە،ئەمــەش تــەواو پێچــەوانەی بێکــاریی ناچــارییە کـە کێشـەی کۆمەڵایەتیی ترسناك دەخولقێنێت . (**طاقة و حسن ، ٢٠٠٨ ، ص١٤٢**) .

پێنجەم : بێکاریی هەژاری : البطالة الفقر :Unemployment Poverty

ئـەو جـۆرە بێکارییەیـە کـە زیـاتر لـە وڵاتـە دواکـەوتوو هەژارەکانـدا سـەرهەڵدەدات ،کـە ژمـارەی دانیشتوانیان زۆرەو ئاستی بژێوی و داهاتی نەتەوەییان کەم و نزمە . (**عمر و المعاني ، ١٩٩١ ، ص٢٣٩**).

شەشــــەم : بێکــــاریی تەکنــــەلۆجی : البطالــــة التكنولوجيــــة : Unemployment Technological

ئـەو جۆرەیـە لـە بێکـاری کـە بـەهۆی پێشـکەوتنی تەکنـەلۆجی لـە بوارەکـانی هونـەری پیشەسـازی و کارکردندا ڕوو دەدات ، چونکە بە کەمترین دەستی کار زۆرترین بەرهەم بەدەست دەهێنرێت،ئەم داهێنـانەش کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی بەکارهێنانی دەستی کار دەبێت ،کە دەبێتە هۆی دروست بـوونی جۆرێـك لـە بێکاری . (**دباغ و الجرمود ، ٢٠٠٣ ، ص٣٩١**) .

حەوتەم : بێکاریی هەڵبژێردراو : البطالة المختارة : Unemployment Selected

ئەم جۆرە لە بێکاری بە مانای کارکردنی تاکەکەس دێت لە چەند کاتێکداو وەستانی لـە هەنـدێك کـاتی تردا،ئەم ئارەزووە لە نێوان کارو کاتی بۆشایدایە ، کاتێك ڕوو دەدات کە تاك پاشەکەوتێکی باش دەکـات ،لەو کۆمەڵگایانەشدا ڕوو دەدات کە لە بواری ئابووریـدا پێشـکەوتوون . (**طبـع واخـرون ، ١٩٩٣ ، ص٢٨٨_٢٨٩**) .

هەشتەم : بێکاریی وەرزی : البطالة الموسمية : Seasonal Unemployment

ئەم جۆرەیان پەیوەندیی بە سروشتی وەرزەکەوە هەیە، وەك کشتوکاڵ و بنیادنان و گەشتوگوزار . واتا مەبەست لێی بوونی هەلی کارە لە هەندێ وەرزداو نەبوونی هەلی کارە لە هەندێ وەرزی تردا . واتا کاتێك وەرزەکە تەواو دەبێت چالاکیەکەش تەواو دەبێت لەگەڵیدا . (**نعمان ، ۱۹۸٥ ، ص١١٤**) .ئەم جۆرە بێکارییە زیاتر لەو جۆرە پڕۆژانەدا دەردەکەوێت کە گۆڕینی وەرزەکان ،یان ئاوو هەوا کاریان تێدەکات و دەبێتە هۆی وەستاندنی کاری ئەو پڕۆژانە بۆ چەند هەفتەیەك یان چەند مانگێك، لە ئەنجامدا بێکاری بۆ ماوەیەك پەیدا دەبێت.(**موسوی ، ۱۹۹۲ ، ص ٨٦**) .

نۆیەم : بێکاریی کەم ئەندامی : البطالة العائق : Unemployment Handicap

ئەم جۆرەی بێکاری ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە هەلی کاریان دەست ناکەوێت، بەهۆی ناتەواوی لە جەستە یان هۆشیاری عەقڵی بەهۆیەوە توانای کارکردنیان کەم بۆتەوەو ناتوانن هەموو کارێك بکەن، و کەم کار هەیە کە گونجاوو شیاو بێت بۆیان ، بۆیە پێویستە لەسەر حکومەت پشتگیری لەم توێژە بکات و داواکاریەکانیان لە ڕێگای سەندیکای کەم ئەندامانەوە جێبەجێ بکات.(**عمر و المعاني ، ۱۹۹۱ ، ص٢٣٨**).

پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین ئەو جۆرانەی کە لەهەرێمی کوردستاندا بڵاوە زیاتر بریتییە لە (بێکاری سوڕی ، هەیکەلی ، وەرزی ، ناچاری ، تەکنەلۆژی) .بەبەراورد بەجۆرەکانی تری بێکاری .

باسی سێیەم

هۆکارەکانی بێکاری

یەکەم : هۆکارە دیمۆغرافیەکان :

که خۆی له زیادبوونی ژمارەی دانیشتواندا دەبینێتەوە، ئەمیش پەیوەندیی بە ڕێژەی لەدایك بوون و کۆچکردن و مردنەوە هەیە، واتا ئەگەر ڕێژەی لەدایك بوون زۆرتر بوو لە ڕێژەی مردن ئەوا دەبێتە هۆی زیادبوون لە چڕی دانیشتواندا ،که ئەمەش گرفتی بێکاری دروست دەکات ، چونکه ناڕێکی لە نێوان ڕادەی دانیشتوان و بواری کارکردندا دروست دەبێت . (**لطفی ، ٢٠٠٧ ، ص٢٧٩**) .

مالتۆس له تیۆریەکەیدا دابەزینی ئاستی گوزەرانی بەستەوە بە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانەوە ، چونکه پێی وابوو پەیوەندی لە نێوان ژمارەی دانیشتوان و قەبارەی مادده خۆراکییەکاندا هەیە ، پێی وابوو که زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان زۆرتربوو لە قەوارەی زۆربوونی خۆراك و بەرهەمی زەوی ، ئەوا ڕێژەی زۆربوونی نیشتەنی لەماوەی بیست ساڵدا بە یەك لە دوای یەکی ئەندازەیی (١ ، ٢ ، ٤ ، ١٦) زیاد دەکات، بەلأم خۆراك بە هەمان ماوە بە یەك لە دوای یەکی ژمارەیی (١ ، ٢ ، ٣ ، ٤) زیاد دەکات لەبەر ئەوە ناهاوسەنگی لە نێوان نیشتەنی و بەرهەمی خۆراکدا دروست دەبێت و ئە نجامەکەشی هەژاری و بێکارییە، چونکه قەوارەی نیشتەنی زیاترە لە قەوارەی خۆراك و بەرهەمی زەوی .(**تاڵەبانی ، ٢٠٠٢ ، ل٤٢**) .

له کوردستانیشدا وەك زۆرێك له وڵاتانی تازە پێگەیشتوو ڕێژەی زیادبوونی دانیشتوان بەرزە، ئەمەش دەبێە هۆی بەردەوام زیادبوونی ڕێژەی هێزی کار ،واتا ئەوانەی که لە تەمەنی کارکردندان،واتا ژمارەی ئەوانەی بەدوای کاردا دەگەڕێن لە زۆربووندایە، ئەمە وێڕای ئەوەی بەشێك لەو هێزی کارەی که گە نجان پێکی دەهێنن بێکار ماونەتەوە بەهۆی دەست نەکەوتنی هەلی کارەوە .

دووەم : کۆچکردنی هێزی کارو هاتنی دەستی کاری بیانی :

ئەم هۆکارە هۆکارێکی گەورەیە بۆ دروست بوونی بێکاری، ئەگەر هەر کۆمەڵگایەك تووشی ئەوە بوو،که هێزی کار واتا ئەوانەی که کار دەکەن کۆچ بکەن، ئەوا ڕادەی هێزی کار لەو کۆمەڵگایانەدا کەم دەبێتەوە ، بەلأم ئەگەر بە پێچەوانەوە دەستی کاری بیانی ڕووی کردە ئەو کۆمەڵگایە ئەوا بێگومان ڕادەی هێزی کار زۆر زیاد دەکات ،بوونی دەستی کاری بیانی بۆتە هۆی ئەوەی که چەندین گەنج کارەکانی خۆیان لە دەست بدەن و بێکار بمێننەوە . (**حسن ، ٢٠٠٥ ، ص٨٤**) .وەك له واقعی ئەمرۆی کوردستاندا بەدی دەکرێت که ژمارەیەکی زۆر له گە نجەکان، که هێزی کارن کۆچیان بۆ دەرەوەی وڵات کردووە لەبەر نەبوونی کارو دەست

نەکەوتنی هەلی کاری گونجاو ، ئەمە لە کاتێکدا ڕێژەیەکی زۆر لـە دەستی کـاری بیـانی ڕوویـان کردۆتـە هەرێمی کوردستان .

سێیەم : دیاردەی کۆچکردنی گوند نشینەکان بەرەو شارەکان :

ئەم دیاردەیە زۆربەی کۆمەڵگا تـازە پێگەیشتووەکانی گرتۆتـەوە بـەهۆی جیـاوازیی ئـاستی دەرامەتـەوە ،کـە کۆچـکردوو لـە شـارەکاندا دەسـتی دەکەوێت،کـە زۆربـەی خـۆی لـە چـالاکییە بازرگـانی و ئەرکـە خزمەتگوزارییەکاندا دەبینێتەوە لەچاو چالاکییە کشتوکاڵییەکان کە کاتی خۆی لە دێهاتەکاندا دەیبینـی ، ئەمە لە پاڵ جیاوازیی ئاستی خزمەتگوزارییەکانی کە لە شاردا پێشکەش دەکرێت زۆرترە بە بەراورد بـە نـاوچە گوندنشینەکان کە کەمترەو ئاستی خزمەتگوزاری تیایدا نزمە ، ئەم جۆرە کۆچکردنەش دەبێتە هـۆی سەرهەڵدانی دیاردەی بێکاری ، چونکە ئەوانەی شـوێنی نیشـتەجێبوونیان گۆڕیـوە بـە هـەمان شـێوە جـۆری کارکردنیشیان گۆڕیوە . (**مهدی ، ١٩٧٧ ، ص٤٧**) .

لە کوردستانیشدا دیاردەی کۆچکردنی گوندنشینەکان بەرەو شارەکان یەکێکە لەهۆکارەکانی بڵاوبونەوە و بەرزبوونەوەی تێکـڕای بێکـاری لـە نـاوچـە شارنشـینییەکاندا،ئەویش بـەهۆی بـوونی چـالاکی و دەرفـەتی کارکردنی زیاتر لە شاردا و کەمی خزمەتگوزارییەکان لە لادێدا ، ئەمە جگە لەوەی کە کەرتی کشـتوکاڵیش زۆر گرنگـی پێنـەدراوە لـە لادێکانـداو نەبۆتـە هۆکـاری سـەرەکیی بـژێوی ژیانیـان ،ئەمـەش بۆتـە هـۆی کۆچکردنیان بەرەو شارەکان کە لە ئە نجامدا زۆربوونی ڕێژەی بێکاری لێدەکەوێتەوە .

چوارەم : ناجێگیری بارودۆخی سیاسی :

یەکێك لە هۆکارەکانی بێکاری ناجێگیری بارودۆخی سیاسییە لەبەردەم گەشەسەندنی ئابووری لە وڵاتـانی جیهانی سێیەمدا،ئەم بارودۆخە کاریگەری زۆری بۆ سەر پڕۆژەو دەزگاکانی وەبـەرهێنان لـە وڵاتـدا هەیـە، چونکە وەبەرهێن دەترسێت لەوەی پـارەو سـامانی بخاتـە کـارەوە لـە شـوێنێکدا کـە ناجێگیربێـت لـە ڕووی سیاسیەوەو قەیران و شەڕو ناکۆکی تێـدا هـەبێت ، چـونکە وەبـەرهێن دەگـەڕێت بـە دوای کەشـێکی ئـارام و لەبارو شوێنێکی شیاوو گونجاو ،تاکو پارەو سامانی بخاتـە پـڕۆژەوە، بەتایبـەتی ئەگـەر ئـەو پڕۆژەیـە کاتێکی زۆری بوێت بـۆ جێبـەجێکردن و ئـەم بارودۆخـەش کـار دەکاتـە سـەر بـەکارهێن و کاریگـەری خـراپ بەجێدەهێڵێت لەسەر ژیان و دابین کردنی پێداویستیەکانیان . (**شحفی و القرشی ، ١٩٩٨ ، ص٤١**) .

وەکو ئێستای هەرێمی کوردستان کـە بـە بـارودۆخێکی نالـەبارو خرا پـدا تێدە پـەڕێت لـەڕووی سیاسـی و قەیرانی ئابورییەوە،کە وڵات توشی گرفت و کێشەی زۆر بووە .

پێنجەم : لاوازی ڕۆڵی سەندیکاکان لە دۆزینەوەی هەلی کار :

ئەگەرچی سەندیکاکان بۆ پاڵپشتی کردن لە مافەکانی دەستی کار دروست بوون و دەتوانن بە کەڵك وەرگرتن لەو سەرچاوانەی کە لەبەردەست دان داوای دەرفەتی کار بکەن ،بەلاّم بەهۆی ئەو دەسەلاّتە فەرمییە کەمەی کە هەیانەو لاوازی کارگێری سەندیکاکان ناتوانن لە پێناو دەستەبەر کردنی دەرفەتی کار بۆ تاکەکان فشار لەسەر حکومەت دروست بکەن . (**گیدنز ، ٢٠٠٩ ، ل٦٤٥**) .

شەشەم : سەرنەکەوتنی سیستمی خوێندن :

مەبەست لە سیستمی خوێندن پڕۆگرامی خوێندن و ئامرازەکانی جێبە جێکردنیەتی، پڕۆگرمی خوێندنیش بە شێکە لە سیستمی پەروەردە و فێرکردن کە دواجار ئەمیش بەشێکە لە سیستمی کۆمەلاّیەتیی کۆمەڵگەو پەروەردەکردنیش کلیلی ئاشنابوونە بە تواناکانی مرۆڤ ،بەمەرجێك پەروەردە بە زنجیرە پڕۆسەیەکدا بڕوات کە ئامانجیان چەکدارکردنی تاك بێت، تا لەو ڕێگەیەوە بتوانرێت تاکێکی هۆشیار و تەندروست بەرهەم بهێنرێت . (**کۆمەڵی نوسەر ، ٢٠٠٩ ، ل٧**) .

بۆ ئەوەی لە ناوەڕۆکی سیستمی خوێندن لە هەرێمی کوردستاندا تێبگەین، پێویستە لە ئامانجەکانی ئەو سیستمە تێبگەین،ئایا ئامانج فێربوونە ؟ یاخود پەروەردەکردنە ؟ ئایا لە پڕاکتیزەکردنی ئەم سیستمەی ئێستادا گەنج پەروەردە دەکرێت،یاخود تەنها فێردەکرێت . ئەگەر باس لە پەروەردە کردنێکی تەندروست بکەین ئەوا پێویستە باس لە هەندێك خاڵی گرنگ بکەین ،لەوانە دەوڵەمەندکردنی ڕۆح و هزر ، گەشەی توانا جەستەییەکان و بەهێزکردنی پێگەی کەسایەتی و ... هتد . کەواتە لەمەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە زۆربەی بەشەکانی سیستمی خوێندن لە خولگەی (پەروەردەکردندا) دەخولێتەوە ، بەشێکی ئێجگار کەم لە تەوەری (فێرکردندا) کاریگەری خۆی هەیە . کەواتا دەتوانین بڵێین کێشەی سیستمی خوێندن لە کوردستاندا، بریتییە لە چەقبەستنی سیستمەکەو پابەند بوونی بە ڕێبازێکەوە کە چەندین ساڵە هەمان شێوازی خوێندن بووە کە تیایدا گرفتی گەورە بۆ پڕۆسەی پەروەردەو فێرکردن هەبووەو هەیە،هۆکاری ئەم چەقبەستووییەش بۆ تێنەگەیشتنی بەرپرسانی سیستمی خوێندن دەگەڕێتەوە کە هەتاکو ئێستاش لەو پێناسە کلاسیکیە دەرنەچووە سەبارەت بە (پێویستە فێربێت ، پێویستە فێربکرێت ، زانیاری زۆربێت ، وانەو بابەتە سەرەکیەکان ، وانە لاوەکییەکان) ،هاوکات پڕاکتیزەکردنی سیستمێکی لاوازوو کەم و کوڕی لەم جۆرە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە زۆرینەی ئەو بەڕێزانەی سیستمەکە دادەڕێژن و بونیادی دەنێن زانیاری تەواوەتی و هاوچەرخیان نییە سەبارەت بە دەروون ناسی و گەشەی منداڵ و هەرزەکارو گەنجان و میکانیزمی فێربوون لەناو مێشکدا بەشێوەیەك کە بتوانرێت سیستمەکە لەگەڵ گۆرانکارییەکانی سەردەمدا بگونجێنرێت . بۆیە پێویستە لێرەدا پێناسەیەکی نوێ بۆ سیستمی

خوێنـدن دابنرێـت بـه شێوەیەك بێـت كـه لـه سیسـتمێك بـۆ فێربـوون دەربچـێت و بـەرەو سیسـتمێك بـۆ پەروەردەكردن بڕوات ،كه بتوانێت توانا مرۆیی و كۆمەلایەتی و كەسایەتی و زانستییەكان بـەهێز بكـات ، ئەگەر نا نەوەكانی داهاتوو نەك تەنها لەبواری خوێندندا ، بەڵكو لـە زۆر بـواری دیكـەدا تووشـی گرفـت و قەیران دەبنەوە ، لەوانـە كێشـەو گرفتـی بێكـاری كـە كاریگـەری لەسـەر ڕەفتـاری كۆمەلایـەتیی گـە نجان جێدێڵێت . (**رحمان ، ٢٠٠٩ ، ل١٤**).

ئەم سیستمەش له كوردسـتاندا بـەو ئاڕاسـتەیە نییە،كـه پێویسـتی بـازاڕ پڕبكاتـەوە لـەبارەی ئاسـتی كارامەیی له خوێنـدنگا پیشـەیی و زانكۆكانـدا ، بۆیـە پێویسـتە ئاڕاسـتەی خوێنـدن بـەو جـۆرە بێـت كـە خزمەتی كۆمەڵێك لایەن بكات لەوانە گەڕان بەدوای نوێترین توێژینەوەی زانستیدا بەتایبـەتی لـە بـواری پڕۆگرامەكانی خوێندندا .

حەوتەم : پوكانەوە :

ڕوداوێكی ئابورییە هۆی ڕودانی دەگەڕێتەوە بـۆ ئـەوەی كـە پلـە و پایـەی بەرهـەم هێنـان و داهـات كـەم دەبێتەوە، بەمەش نرخ كەم دەكاتەوە و بێكاری سەرهەڵدەدات . (**صادق ، ١٩٩١ ، ل ١٩٣**) .

ئەم پوكانەوەیە بەرهەم هێنان و چالاكییە ئابورییەكان لاواز دەكات ودوایان دەخـات و كـار و پرۆژەكـان ڕادەگرێت و قازانج و بەرهەمی میری كەم دەكات و بێكاری فراوان دەكات ، ئەمانەش دەبنە هۆی كزی داهـات و بەرهەم و بێ بازاڕی و كەم بوونی خواست ، ڕوودانـی ئـەم بارودۆخـەش بەرهـەم هێنـەكان هانـدەدات كـە قەوارەی بەرهەم كەم بكەنەوە و بەشێكیش لـە ووزەی بەرهـەم هێنـانی خۆیـان لـەكار ڕابگرن.بـەم كـارەش بەركارهێنـان و داهاتی گشتی كەم دەبنەوە و دەبنـە هـۆی كەمبوونـەوەی خواسـتی گشـتی وبەمـەش چـالاكی ئـابووری ولات بـەرەو خـرا پتر دەڕوات،قۆنـاغی بـێ بـازاڕی كـە خاسیەتی زیـادكردنی تێكـڕای بێكـاری و نزمبوونەوەی پلەی بەرهەم هێنان و پلەی داهاتی نەتەوەییە ڕوودەدات.ئـەم دۆخـە لاسـەنگە خـۆی لـەوەدا دەبینێتەوە كە بەشێك له وزە و توانای بەرهەم هێنان و بەشـێكیش لـە هۆیـەكانی بەرهـەم هێنـان لـە كـار دەكەوێت . بۆ نەهێشتنی ئەم پوكانەوەیەش پێویستە كار و پرۆژەكـان فـراوان بكـرێن ،بـۆ ئـەوەی توانـای تـازەی شـمەكی كۆمەلایـەتی پەیـدا بێـت و خواسـتی شـمەكی كۆمەلایـەتی زیـاد بكـات ،بـە فراوانكـردن و زۆربوونی بەرهەم كە ئەمەش وا دەكات قەوارەی كڕینی دەوڵەت زیاد بكات و ئـابوری دەبوژێتـەوە و بێكـاری كەم دەبێتەوە . (**عبد الرحيم و عبدول ، ٢٠٠٢ ، ل ٧٦_٧٧**) .

هەشتەم : هۆكارە یاساییەكان :

یەكێك لەو هۆكارانەی بووەتە هۆی فراوان بـوونی دیاردەكـەو گـەورەبوونی هەنـدێك لـە جۆرەكـانی وەك بێكاریی شاراوە ئەو هۆكارە یاساییانەیە،كە پەیوەندی ڕێك دەخات لەنێوان دامەزراوەكانی هەردوو كەرتی گشتی و تـایبەتیدا، بۆنموونە یەكێك لەو فاكتەرانەی كە بوونەتە هۆی زیادبوونی خواستی دەستی كـار لـە دامەزراندنی فەرمانگە حكومییەكانداو دواتر كەڵەكە بوونی ژمارەیەكی زۆری هێزی كار لـەم فەرمانگانـەدا ، بوونی ئـەو ئیمتیازاتانـەی كـە كـاری حكـومی بـۆی دابـین دەكـات لـە مووچـەی خانەنشینی و دابینكـاری كۆمەلایەتی بەرامبەر نەخۆشی و پەككەوتن و وەرگرتنی زەوی .... هتد ، لەكاتێكدا نەبوونی ئەم جۆرە ماف و دەستكەوتانە لە كاركردن لە كەرتی تایبەتدا دەبێتە هۆی لاوازی خواستی دەستی كار لە هەلی كاری ئەم كەرتەدا . (**غفور ، ٢٠٠٨ ، ل٧**) .

نۆیەم : هۆكارە ئابوورییەكان :

ئەم هۆكارە خۆی لە كۆی ئەو ڕێكار و بڕیارو ڕێ و شوێنانەدا دەبینێتەوە،كـە دەسـەلات پـەیڕەوی دەكـات لە لایەنی دارایی و بـازرگانی و دامـەزراوەیی و ئابووریـداو دەبێتـە هـۆی ئاڕاسـتەكردنی سـەرجەم فاكتـەرو گۆڕاوە ئابوورییەكانی ئـەو ولاتـە ، بۆنموونـە گرنگـی نـەدانی ئـەوتۆی حكومـەت بـە ڕێكخسـتنی كـەرتی بـازرگانی دەرەكی بە شێوەیەكی گونجاو بە ئاڕاستەی لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی بەرهەمهێنـانی خۆماڵی ،كە ئەمەش بووەتە هۆی لەناوچوونی زۆرێك لە بەرهەمە خۆماڵییەكان ،ئەویش بەهۆی ڕكابەری كردنیـان لەلایەن كالا جیهـانییەكانەوە ،هەروەها بەهۆی ئەو بڕە زۆرەی هاوردەی بیانی بۆ بازاڕەكانی كوردستان . (**عبدالرحیم و عبدول ، ٢٠٠٢ ، ل٧٧**) .

دەیەم : پێشكەوتنی تەكنەلۆژی :

كـاتێـك گۆڕانكـاری لـە بـواری وەبـەرهێنان و جـۆری شمـەك و خزمەتگوزاریـدا دەكرێت،هـەموو ئەمانـە كاریگەری گەورە لەبواری بەكارهێنانـدا بەجێدەهێڵن،واتا لە كاتێكدا گۆڕانكاری لە پیشەسـازیدا دەكرێـت ئەمـە كاریگـەری لەسـەر بـواری كشـتوكاڵ و بازرگـانی خزمـەت گـوزاری بەجێـدەهێڵێت و پێشـی دەوترێـت تەكنەلۆژیای نوێ،هەروەها گۆڕانكاری و پێشكەوتنە تەكنەلۆژییەكان كاریگـەری گـەورەیان لەسـەر بێكـار كەوتنی گەنجان هەیە،واتا چەند خێرایی لە گۆڕانكارییە تەكنەلۆجیەكاندا زیاد بكـات ئـەوا لـە هـەمان كاتدا ڕێـژەی بێكـاری زیـاد دەكـات وكـاری وەبـەرهێنان چ پیشەسـازی،یان كشـتوكاڵی،یان بـازرگانی،یـان خزمەتگوزاری بێت، هەموو ئەمانە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر گرنگی بـە ئـامێر دەدەن و تـا زیـاتر گرنگـی بـە ئـامێر بدرێت ئەوا گرنگی دان بە مرۆڤ كەم دەبێتـەوە و ئەمـەش دەبێتـە هـۆی سـەرهەڵدانی بێكـاری . (**حویتی ، ٢٠٠٧ ، ص٦٩**) .

کەواتە دەتوانین بڵێین کە بێکاری کێشەیەکی جیهانییەو بوونی هەیە بە ڕێژەیەکی بەرچاو و دیار لە وڵاتانی جیهانی سێیەم و وڵاتانی جیهانی پێشکەوتوو، بوونی ئەم دیاردەیەش لەم وڵاتانەدا دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و بەکارهێنانی ئامێر لە بری مرۆڤ .

پانزەیەم : لاوازی کەرتی تایبەت لە کوردستاندا :

تا ئێستا کەرتی تایبەت لە کوردستاندا نەگەشتۆتە قۆناغی ئابوریی بەهێز،کە بتوانرێت سودی زۆری لێببینرێت و هەلی کار بۆ گەنجان فەراهەم بکرێت لەو ڕێگەیەوە . (**رحمان ، ۲۰۰۹ ، ل ۹٤**).

دوانزەیەم : کەمی داتاو ئاماری پێویست سەبارەت بە ژمارەی گەنجی بێکار لە هەرێمی کوردستاندا بە شێوەی مانگانە و ساڵانە کە ئەمەش وا دەکات چارەسەر کردنی بێکاری بە شێوەیەکی زانستی و تۆکمە تەگەرەی تێبکەوێت لەم هەرێمەدا . واتە کەمی، یان نەبوونی پلانێکی تۆکمە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە وایکردووە،کە کێشەکە بەردەوام لە زیادبوندا بێت . (**خدر ، ۲۰۰۸ ، ل ۷۸**) .

سیانزەیەم : کەمی ئامادەیی گەنجان بۆ کارکردن :

هۆکارێکی تری بێکار کەوتنی گەنجانە،واتە نەبوونی دەست پێشخەری لە لایەن گەنجانەوە بۆ کارکردن ،کە تا ئێستاش پێدادەگرن بۆ دامەزراندن لە لایەن دەزگاکانی دەوڵەتەوە و وا دەزانن کە ئیشی دەست نرخی کەمترە لە ئیشکردن لە نوسینگە ، لە کاتێکدا کە تواناکانیان لە گەڕانەوەدایە بەرامبەر ئەو تەنگژانەی کە دێنە بەردەمییان .(**رحمان ، ۲۰۰۹ ، ل ۹٤**) .

چواردەیەم : هەڵئاوسانی دراو :

دیاردەیەکی ئابورییە و پەیوەندیی بە دەستاو دەستی دراو و گۆڕینەوەی شمەك و ڕاژە و سەوداکارییەوە هەیە ، واتە هەڵئاوسان بریتییە لەو بەرزبونەوە دیار و ئاشکرایەی لە ئاستی گشتی نرخەکاندا ڕوودەدات ،ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانێکی بەردەوامی لە ئاستەکانی نرخ و شێواندنیان ، کە دەبێتە هۆی باڵکێشانی بەسەر بریارە ئابوریەکاندا ،دەبێتە هۆی تێکدانی خەرجییەکان . کەواتە هەڵئاوسان بەو واتایە دێت ،کە خەرجییە گشتییەکان رۆڵی نامێنێت لە زیادکردنی بەرهەمهێناندا ، لەبەرئەوەی هەڵئاوسان دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی نرخ ،هەربۆیەش لە کوردستاندا دوای سەپاندنی ئابلوقەی ئابوری دیاردەی بێکاری و هەڵاوسان تێبینی دەکرا . (**عبدالرحیم و عبدول ، ۲۰۰۲ ، ل ۷۵ _ ۷٦**) .

بەشی چوارەم

بنەماکانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی گەنجان

باسی یەکەم : قۆناغی گەنجێتی و تایبەتمەندییەکانی

باسی دووەم : ڕۆڵی پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی گەنجان لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتیاندا

بەشی چوارەم

بنەماکانی ڕەفتاری کۆمەلآیەتیی گەنجان

باسی یەکەم

قۆناغی گەنجێتی و تایبەتمەندییەکانی

قۆناغی گەنجێتی ئاماژەیە بۆ قۆناغێکی فیزیکی لە ژیانی مرۆڤدا ،یان ئەو چالاکی وجولەیەی ئەم قۆناغە لە ڕەفتار و بیرکردنەوەی کەسەکاندا دەریدەخات ، کەواتە گەنجێتی قۆناغێکە جیاوازە لەقۆناغەکانی تری تەمەن ، قۆناغی گەنجێتی قۆناغی هێز و توانا و وزە یە لەمرۆڤدا.(**شاوەیش** ، ٢٠٠٦ ، ل ٥٠)، بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە قۆناغی گەنجێتی پێویستە ئەم قۆناغە لەڕووی بایۆلۆجی و دەروونی و کۆمەڵناسییەوە جیابکەینەوە :

لەڕووی بایۆلۆجیەوە : مەبەست لە قۆناغی گەنجێتی جەخت کردنەوەیە لەسەر گەشەی بایۆلۆجی ، چونکە گەنج قۆناغێکی تەمەنەو بەشێکە لە بەشەکانی گەشەی مرۆڤ ،کە تیایدا پێگەیشتنی ئەندامی و فیزیایی بەرەو تەواوبون دەچێت و ،گەشەی عەقڵی و دەروونی دەست پێدەکات ،تاکو دەگاتە ئاستی پێگەیشتن و هەندێك جار بە پێی ئەم گەشە بایۆلۆجیە تەمەنی گەنجێتی دابەش دەکرێت بەسەر دوو ماوەی جیاواز ،ماوەی یەکەم لە (١٣ _٢١) ساڵی دایە کە بەباڵغ بوون و گۆڕانی خێرا دەست پێدەکات و بە جێگیربوونی گەشەی جەستەی کۆتایی دێت و ناودەبرێت بە ماوەی گەنجێتی یەکەم . ماوەی گەنجێتی دووەم لە (٢١) ساڵی بەرەو ژوور دەست پێدەکات وبە قۆناغی کامڵبوونی تەواوی مێشك کۆتایی دێت و پێی دەوترێت ماوەی گەنجێتی دووەم . (**رشوان** ، ٢٠٠٦ ، ص ٥) .

کەواتە مرۆڤ لە قۆناغی گەنجێتیدا چەند سیفات و خەسڵەتێکی تێدا دەردەکەوێت، کە گۆڕانی خێراو گەورە بەسەریدا دێت ،لەڕوی جەستەیی و بایۆلۆجیەوە جیای دەکاتەوە لە تەمەنی منداڵی . (**یاسین** ، ٢٠٠٠ ، ص٧٢) .

لەڕوی دەروونییەوە : زانا دەروونناسەکان وای دەبینن کە قۆناغی گەنجێتی پەیوەستە بە کامڵبونی بونیادی پاڵنەرو هەڵچوونەکانی تاك لەبەر ڕۆشنایی ئامادەیی و پێداویستییە سەرەکیەکان و کامڵبونی گەشەی هەموو لایەنەکانی کەسێتی (ویژدانی و عەقڵی و هەڵچوونی) ،بەشێوەیەك کە بتوانێت کارلێکی تەندروست بکات لەگەڵ ئەوانی تر لە بواری کۆمەلآیەتیدا . (**فهمي** ، ٢٠٠٧ ، ص٨٧) . بەلآم

تێڕوانینە سۆسیۆلۆجیەکان : زیاتر وەکو ڕاستییەکی کۆمەڵایەتی دەڕواننە گەنج ،نەك وەکو دیاردەیەکی بایۆلۆجی کە تەنها پابەند بێت بە تەمەنەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵناسی پرسیارێك دەوروژێنێت ،ئەویش ئەوەیە کە ئایا گەنج کێیە ؟ یاخود کێ گە نجە ؟ ئایا ئەو توێژەیە کە دەکەوێتە نێوان توێژی منداڵ و توێژی گەورەکانەوە . (**فریث ، ٢٠٠١ ، ص٤١٢**).کەواتە بە پێی تێڕوانینی کۆمەڵناسی دیاریکردنی تەمەنی گە نجێتی پەیوەستە بە ڕۆڵ و پێگەی کۆمەڵایەتییەوە ،هەر بۆیە هەندێك لە کۆمەڵناسەکان پێیان وایە تەمەنی گە نجێتی ئەوکاتە دەست پێدەکات کە کۆمەڵگا دەیەوێت تاك ئامادە بکات بۆ وەرگرتنی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی ،بۆ ئەوەی ڕۆڵێك ،یان چەند ڕۆڵێك لەناو بونیادی کۆمەڵگادا بگێڕێت و ئەم ماوەیە کۆتایی دێت بەوەی کاتێك تاك پێگەیەکی کۆمەڵایەتی دەگێڕێت و دەست دەکات بە ڕۆڵ گێڕان لەو پێگەیەدا بەشێوەیەکی جێگیرو بەردەوام .(**فهمی ، ٢٠٠٧ ، ص٨٧**) .

کەواتە دەتوانین بڵێین گەنج لەهەموو بوارە کۆمەڵایەتی و دەروونی و جەستەییەکانەوە لە قۆناغی گواستنەوەدایە ، یان گە نجێتی خۆی قۆناغی بازنەی بەیەکگەیشتنی نێوان منداڵی و پێگەیشتنە،گەنج لەلایەك پابەندی حەزو خواستەکانی منداڵیەتی،لەلایەکی تر هەوڵی تێپەڕاندنی ئەو خواستە منداڵانەیە دەدات،هەوڵی گەیشتن بە پلەو پایەی تەمەنی پێگەیشتن دەدات . لێرەوە گونجاوە کە سیمایەکی دیاری ئەم قۆناغە بە دڵەڕاوکێی وەسف بکەین،دڵەڕاوکێی لە قۆناغی گواستنەوە،دڵەڕاوکێی لە زیادبوونی ئەرکی کۆمەڵایەتی،دڵەڕاوکێی لەبەردەم هەڵبژاردەکانی ژیاندا .هاوشانی دڵەڕاوکێی قۆناغی گە نجێتی قۆناغی ئومێدو هیوایە،ئومێد بۆ بەگەڕخستنی تواناکان لە پێناو دەستەبەرکردنی ئایندەدا،ئومێد بە پێگەیشتن .بەم جۆرە دەکرێت دڵە ڕاوکێ و ناجێگیریی دەروونی لە کەسێتی گە نجدا سیمایەکی دیاری قۆناغی گە نجێتی بێت . (**جلال ، ١٩٧٧ ، ص٢٣١**).

پلەو ئەندازەی دڵەڕاوکێ و ئومێد پابەندە بە ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیریی خودی گەنج خۆی لەلایەك و باروودۆخی ژینگەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە لەلایەکی تر،بوونی ئەم دڵە ڕاوکێ و ئومێدە دەرئە نجامی بیرکردنەوەی تاکە لە خودی خۆی و لە کۆمەڵگا ،سەرەتای ئەو قۆناغەیە،کە تاك تێیدا هەوڵی تێرکردنی پێداویستی بایۆلۆجی و بەدەست هێنانی پێگەی کۆمەڵایەتی دەدات.واتە ئەو ناجێگیرییە دەرە نجامی گواستنەوەی قۆناغی گە نجێتی یە،کە هەندێك جار وەك پێگەیشتوویەکی تەواو ڕەفتار دەکات ، هەندێك جاریش وەك سەردەمی منداڵی و پێنەگەیشتوو ڕەفتار دەکات،بەجۆرێك کە بەڕوونی دژایەتی لە ڕەفتارەکانیدا بەدی دەکرێت .(**فهمی ، ٢٠٠٧ ، ص٨٨**) .هەر ئەم دژبەیەکی و ناجێگیرییە لە ڕەفتاردا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە گە نجێتی قۆناغی گواستنەوەو تێپەڕبوونە،بە پێی بۆچوونی دەروونناسی ئەڵمانی (ئەریك ئەریك سۆن) لە تیۆری دەروونی و کۆمەڵایەتیدا کە باس لە قۆناغی گە نجێتی دەکات و بە قۆناغی پێنجەم ناوی دەبات لەنێو تیۆریەکەیدا ، پێی وایە کە ناسنامەی تاك سەبارەت بە خۆی لەم قۆناغەدا

دروست دەبێت و دەپرسێت ((من کێم)) ، چونکە تاك لە قۆناغی منداڵیەوە دێتە ناو قۆناغی هەرزەکاری و ناجێگیری ، دڵنیانییە لە بیروڕاو ئاڕاستەو تێڕوانینەکانی . لەم قۆناغەدا تاك ئەزموونی دۆخی جیاواز دەکات و ڕوو بەڕووی خەڵکانی زیاتر دەبێتەوە و ناسنامەی جیاواز سەبارەت بەخۆی بەدیدەکات ، هەوڵی بەدەست هێنانی ناسنامە سەبارەت بە خودی خۆی دەدات. (عدس ، ٢٠٠٥ ، ص١٣٥).

لەم قۆناغەدا تێڕوانینی کۆمەڵگا سەبارەت بە بیرکردنەوەو ڕەفتارەکانی گەنجان بەشێك لەو ناسنامەیە پێك دەهێنن ،زۆرجاریش خێزانەکان گرفتیان هەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ گەنجەکاندا بەجۆرێك نارێکی و دژ بەیەکی لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا دروست دەبێت، هەندێك جار وەك منداڵ تەماشایان دەکەن و لەبەردەم خواست و ئارەزووەکانیان ڕێگرن و پێیان وایە هێشتا شیاونین بۆ بەدەست هێنانی بەشێك لەو خواستانە ، هەندێك جاریش خێزان و کۆمەڵگا بێزاری بەرامبەر ڕەفتاری منداڵانەی گەنجان دەردەبڕن و خواستی گەورەیان لەسەر گەنجان هەیە ،بۆنموونە وەکو خواستی هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی . (عوض ، ١٩٩٩ ، ص١٤١) .

توێژی گەنجان گەورەترین توێژی کۆمەڵگان کە گونجاوو لەبارن بۆ ئەنجامدانی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و گۆڕانکاری، بەهۆی بوونی تایبە تمەندی دەروونی گەنج کە کەمتر زاڵبوونی کلتوری بەسەریدا قبوڵ دەکات ،ئەمەش هەنگاوی یەکەمە بەرەو گۆڕانی کۆمەڵایەتی ، ئەگەرچی یاخیبوون و هەڵگەرانەوە ڕەفتارێکی نێگەتیڤە ،بەڵام ڕەفتارێکی چاوەڕوانکراویشە لە گەنج . (سعید ، ٢٠٠٤ ، ل ٢١).

قۆناغی گەنجێتی هەڵگری تایبە تمەندییەکی ترە،کە دەرەنجامی گۆڕانی بایۆلۆجی و دەروونی و کۆمەڵایەتییە لەسەر گەنج،ئەویش پاشکۆبوون (التبعیە) و سەربەخۆ بوون (الاستقلالیە) . چونکە قۆناغی منداڵی قۆناغی پشت بەستن و شوێن کەوتنی ئەوانی ترە ، واتە تاك لە قۆناغی منداڵیدا پشت بە خێزان دەبەستێت بۆ پڕکردنەوەو تێرکردنی پێداویستیەکانی ، واتە قۆناغی منداڵی قۆناغی پشت بەستنە بە ئەوانی تر ، بەڵام مرۆڤ لە قۆناغی گەنجێتی دەگۆڕێت و گۆڕانی بەسەردا دێت ، چونکە گەنجان توێژێکی بزێوون لە دۆخی پاشکۆیەتیەوە دەڕۆن بەرەو دۆخی سەربەخۆی بوون ، هەروەها گەنجان خواستی سەربەخۆیی زیاتریان لە قۆناغی منداڵییان هەیە،بەڵام بەردەوام پشت بە گەورەکان دەبەستن بۆ بەدەست هێنانی (بژێوی ، زانیاری ، دڵنیایی ، خۆشەویستی ، تێرکردنی پێداویستییەکانیان).(فریث ، ٢٠٠١ ، ص٤١٣) .بەم جۆرە گەنج لە قۆناغێکدایە،کە خواستی بەجێهێشتنی منداڵی هەیەو هەوڵی سەربەخۆبوون دەدات ،سەربەخۆبوون لە مامەڵەکردن و ڕەفتارو بیرکردنەوەدا،بەڵام بە ئەندازەی پێویست توانای هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی بەدەست نەهێناوەو ڕەنگە هۆکاری ئابووری لەمپەرێکی تری بەردەم خواستەکانی گەنجێتی بێت،کە ناچاری دەکات بە پابەندبوون و شوێن کەوتنی گەورەکانەوە ڕازی بێت. (دجوي ، ٢٠٠٥ ، ص١٦٢) .

پێویستە ئاماژەش بەوە بدەین زۆربەی زانستەکان بایەخیان بە قۆناغی گە نجێتی داوە ،بەهۆی ئەو کاریگەریەی کە قۆناغەکە لەسەر ژیانی تاك هەیەتی و باس لەوە دەکەن،کە کرۆکی قۆناغی گە نجێتی ناڕێکی و دڵە ڕاوکێییە لەنێوان خودو کۆمەڵگادا . (بدر ، ٢٠٠٨ ، ص١٥١).

ئەم دڵەڕاوکێییە لەنێوان خودو کۆمەڵگادا زادەی گەشەی جەستەیی و ڕەگەزییە کە هاوسەنگ نییە و خێراترە لە گەشەی عەقڵی و کۆمەلایەتی ، ئەم گەشە خێراییەی جەستە هانی گەنج دەدات بۆ ئینتیماکردن بە گروپی گەورەکان ، گەورەکانیش پێشوازی پێویست لە تازە هاتوەکان ناکەن ،لەمەوە گەنج تووشی جۆرێك لە بازدان دەبێت لە پێگەیشتندا ، ئەم گەشەو بازدانە گەنج بە دوو ئاڕاستەدا دەبات ، ئاڕاستەیەکی (تاکی _ خودی) کە تیایدا گۆڕنی بایۆلۆجی و ئەندامی ڕوودەدات و دڵەڕاوکێ و شێواوی و لەدەستدانی هاوسەنگی نێوان خۆی و دەرونی لەگەڵ واقعدا بۆ دروست دەبێت و وێنای کەسەکە بۆ خودی خۆی دەگۆڕێت، بەلام ئاڕاستەی دووەم ئاڕاستەیەکی (کۆمەلایەتی _ کۆمەڵگەییە) کە تیایدا گۆڕانی ئەندامی و دەروونی لە زۆربەی چالاکییەکانی گە نجدا ڕەنگ دەداتەوە لەبڕیارو حکومدانەکانی بەسەر دەورو پشتی خۆیدا ، هەروەها لە مامەڵەکردنی لەگەڵ کەسانی تردا . (**حجازي ، ١٩٨٥ ، ص٤٧**).

بەم شێوەیە لەگەڵ گەشەی عەقڵی و پێگەیشتن و تێگەیشتن لە دۆخە جیاوازەکان تێڕوانینی گەنج بەرامبەر بە خودی خۆیی و بەرامبەر کۆمەڵگەش دەگۆڕێت ، کەواتە خەسڵەتێکی تری ئەم قۆناغە گۆڕانی خێرای تێڕوانینە بەرامبەر خۆی و کۆمەڵگەکەی . (**عبدة ، ٢٠١٠ ، ص٢٨**) .

کەواتە لەکۆی هەموو ئەوانەوە دەتوانین بڵێین دانانی سنووری نێوان قۆناغەکانی تەمەن سەختە ، بەلام لەگەڵ دەرکەوتنی گۆڕانە بایۆلۆجی و دەرونییەکان سەرەتای گۆڕانی ڕەفتاری کۆمەلایەتی دەست پێدەکات و ئەوەش سەرەتای قۆناغی گە نجێتییە و بەکاڵبوونەوەی خەسڵەتەکانیش قۆناغەکە بەرەو ئاوابوون دەچێت.

لەگرنگترین خەسڵەتەکانی گەنج کە پەیوەندیی بە توێژینەوەکەمان هەبێت ئەمانەی خوارەوەن :

١. بەشێوەیەکی گشتی گە نجان لە شاری سلێمانیدا هەموویان یەك کۆمەڵەی لە یەکچوو نییە ، کەوا لە هەموو ڕوویەکەوە لە یەك بچن ، چونکە جیاوازی هەیە لەنێوان گە نجەکاندا لەڕووی بارودۆخی ژیان و پێکهاتەی دەروونی و جەستەیی و کۆمەلایەتیەوە،بەلام بە گشتی دەتوانرێت تەمەنی گە نجێتی لە تەمەنی منداڵی جیابکرێتەوە هەروەك لە پێشەوە باسمانکرد . (**یاسین ،٢٠٠٠، ص٧٢**) .

٢. گە نجێتی وزەیەکی مرۆییە کە بە هەستیاری ، سەربەخۆیی ، نموونەیی ، لێهاتوویی ، تواناو وزە جیادەکرێتەوە .

٣. گەنج تواناى قبولْ كردن و وەرگرتنى گۆڕانكاريەكانى لە دەوروبەرى هەيە، بۆنموونە وەكو نوێگەرى و تازەگەرى بەرگرييان لێدەكات وەك هۆكارێكيش بۆ گۆڕانى واقع دەيبينێت .

٤. گەنج وزەو تواناى گەڕان و بەدەستهێنانى زانيارى زۆرى هەيە . (**عثمان ، ص٧٠**) .

٥. گە نجێتى قۆناغێكە تواناى بەرهەم هێنان تيايدا زۆرە ، گەنج تواناى بەدەستهێنانى شارەزايى و لێهاتوويى كۆمەلأيەتى و ئابوورى زۆرى هەيە، تواناى گەشە پێدانى بە لێهاتوويیە جەستەيى و عەقڵييە جياوازەكان هەيە .

٦. قۆناغێكە ئامادەى گەشەكردن و بنيادنانى زۆرە، بەسەرەتاى بيركردنەوە لە ژيان و بەدەست هێنانى پلەى خوێندن و سامان و هەلى كارى گونجاوو هاوسەرگيرى دەستپێدەكات .

٧. يەكێكى تر لە تايبە تمەنديیەكانى ترى گەنج ئەوەيە، كە ڕەخنەگرە، تا لەو ڕێگەيەوە بتوانێت واقيع بگۆڕێت ، ناكەوێتە ژێر كاريگەرى هيچ جۆرە فشارێكيش ، لەوانە فشارى خێزان و دەسەلأت . (**عثمان ، ص٧٠**) .

٨. ئەوەى گەنج لە كەسانى ترى ناو كۆمەڵگا جيادەكاتەوە ئەو بيركردنەوە نوێيانەيە، كە هەيەتى و هاوكات ئەو خەون و خوليا هەمەڕەنگ و فرەلايەنەيە، كە بەردەوام كاريان بۆ دەكات، خۆ ئەگەر گەنج خاوەنى خەون و بيركردنەوەى نوێ نەبێت، ئەوا هەرگيز ناتوانێت نەوەكانى پێش خۆى تێپەڕێنێت و داهێنان بكات . (**صديق ، ٢٠٠٧ ، ل٧**) .

٩. يەكێكى تر لەو تايبە تمەنديانە ئەوەيە، كە گەنج لەم قۆناغەى تەمەندا هەست بە بەرپرسيارێتى دەكات ، ئەويش بەهۆى ئەو گۆڕانە ى بەسەريدا دێت لە ڕووى دەروونى و جەستەييەوە، لە ئە نجامى ئەو گۆڕانكارييانەوە گە نجەكان هەولْ دەدەن كە بيروبۆچوونى كەس و كارو كەسانى نزيكى خۆيان وەربگرن ، لەم تەمەنەدا حەز دەكەن وەكو گەورەكان بەرپرسيارێتى بخرێتە سەر شانيان . (**ياسين ، ٢٠٠٠ ، ص٧٣ _ ٧٤**) .

١٠. ئاڕاستەى تواناكانى ژيرى لەم قۆناغەدا بەرەو كامڵبوون دەچێت و گەشەى ژيرى نزيك دەبێتەوە لە بەرزترين ئاست ، تواناو ئارەزووەكانى لەم قۆناغەدا دەردەكەوێت .

١١. لەڕووى كۆمەلأيەتييەوە ئەو قۆناغەى كە گە نجى پيادا تێپەڕدەبێت، گۆڕانكارى زۆر لەخۆدەگرێت بەتايبەت ئەو گۆڕانكاريانەى بەسەر ڕەفتارى كۆمەلأيەتيدا دێت و كاريگەرى لەسەر لايەنى دەروونى گەنج

جێ دەهێڵێت ، دەکرێت هۆکاری ئەو گۆڕانەش ئەوە بێت کە گەنج خۆی نێچیرێکی زۆر ئاسانە بۆ خەو وخەیاڵاتی لە لایەکەوەو لەلایەکی تریشەوە بۆ ترس و دڵەڕاوکێ .

١٢. ترسناکترین تایبە تمەندیی قۆناغی گە نجێتی ئەوەیە،کە گەنج توشی کێشەی ناسنامە دەبێت کە ناتوانێت تێگەیشتنی هەبێت بۆ خودی خۆی ، ئەو کێشەیە کاتێك کۆتایی پێدێت کە ئەو گە نجە بە تەواوی پێبگات . (**یاسین ، ٢٠٠٠ ، ص٧٣_٧٤**) .

١٣. گەنج ئەو کەسەیە کە هەڵگری دوو تێڕوانینی جیاوازە ، واتە لەڕووی بایۆلۆجیەوە دەکرێت ئەو کەسە بێت کە خاوەنی هێزێکی گەورەیە بۆ تێرکردنی غەریزەو پێداویستیە بایۆلۆجیەکانی ، هەروەك بونەوەرێکی سۆسیۆلۆجیشە کە نوێنەرایەتیی وزەیەکی کلتوری دەکات بۆ دەستکاریکردنی هاوکێشەکانی واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی .(**شاوەیس ، ٢٠٠٦ ، ل٥٠**) .

کەواتە لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە گەنج لەڕووی هەردوو ڕەهەندی بایۆلۆجی و سۆسیۆلۆجیەوە کەسێکە زۆرتر لەگەڵ ژیاندا نێوانی خۆشەو بەتام و چێژێکی تایبەتەوە دەڕوانێتە ژیان و واقیع ، زیاتر ئارەزووی لە ژیانێکی پڕ لە هیوایە بۆ گەیشتنە ئاسۆی خەونەکانی . هەموو ئەم تایبە تمەندی و خەسڵەتانەش ئاماژەن بۆ ئەوەی کە قۆناغی گە نجێتی گونجاوو لەبارترە لەهەر قۆناغێکی تری تەمەن بۆ پرۆسەی کارکردن و دەرخستن و بەرزکردنەوەی تواناو وزەو لێهاتوویەکانی مرۆڤ ،کە فاکتەرێکی کاریگەر دەبن بۆ بنیادنانی داهاتویەکی ڕوونترو باشتر بۆ کۆمەڵگا . بەگشتی ئەم تایبە تمەندییانە دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ بنیادنانی کەسێتی گەنج تا لە ڕێگەی ئەوەوە بتوانێت ژیانی خۆیی و کۆمەڵگەکەی بەرەو پێش ببات .

باسی دووەم

ڕۆڵی پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی گەنجان لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتیاندا

پێداویستی بریتییە لە داواو خواستی جەستەیی و دەروونی و ئابووری و کۆمەڵایەتی،کە ژیان و مانەوەو خۆشگوزەرانی و هەست کردن بە ڕەزامەندیی تاك بەندە بە پڕکردنەوەو تێرکردنی ئەو پێداویستیانەوە . (**نیازی ، ص١٨٢**).

مرۆڤ لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیدا پێداویستی هەیەو ئەو پێداویستیانەش دەبێت پڕبکرێتەوە ، چونکە پڕنەکردنەوەی ئەو پێداویستیانە،دەبێتە هۆی دروست بوونی چەندین کێشە بۆیان .ئەم پێداویستیانە لە هەموو کۆمەڵگایەکدا وەکو یەکن ، بەڵام لەڕووی گرنگی و پلە بەندیەوە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێن وبەدرێژایی تەمەنی مرۆڤ لە گۆڕاندان ، بۆنموونە لە تەمەنی منداڵیدا پێداویستییە سەرەکیەکانی منداڵ خۆی لە (خواردن ، نوستن ، چاودێریی تەندروستی ، پاککردنەوە) دەبینێتەوە ، ئەم پێداویستیانە خواستی گەشەکردنی جەستەیین (النمو الجسمی) ، بەڵام لەگەڵ گەورەبوون و گۆڕانی تەمەنیدا پێداویستیەکان گۆڕنیان بەسەردادێت. قۆناغی گەنجێتیش بەهۆی گۆڕانە جەستەیی و عەقڵیەکانەوە پێداویستی جۆراوجۆریان هەیە،هەر بۆیە بەم شێوەیە ناتوانرێت لیستێکی جێگیرو نەگۆڕ بۆ پێداویستیە مرۆییەکان دیاری بکرێت. ئەگەر بمانەوێت لە گەنج تێبگەین پێویستە بە شێوەیەکی گشتی ئاشنای پێداویستیەکانی ئەم قۆناغە لە تەمەن بین ، پاشان بەشێوەیەکی تایبەت لەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییەی کە تیایدا مامەڵە لەگەڵ گەنجدا دەکرێت.(**غباری ، ١٩٨٩ ،ص٧٢**). هەرچەندە پۆلێن بەندی بۆ پێداویستیە مرۆییەکان زۆرن ، بەڵام گرنگترین پۆلێن بەندی بریتییە لە هەرەمەکەی (ماسلۆ) بۆ پێداویستیەکان ، لەم پۆلێن بەندییەدا پێداویستیەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی هەرەمی یەك لەدوای یەك ڕیکخراوە ،بە پێی گرنگیان بەم شێوەیەی خوارەوە :



شێوەی ژمارە (٢)

ڕێکخستنی هەرەمەکەی (ماسلۆ) بۆ پێداویستییەکان . (رحیم ، ٢٠٠٨ ، ص ٥٥) .

بە پێی ئەم هەرەمەی ماسلۆ پێداویستییەکانی مرۆڤ بەسەر (٥) جۆر لە پێداویستیدا دابەش دەبێت ئەوانیش :

١. پێداویستیە فسیۆلۆژیەکان (الحاجە الفسیولوجیە الاساسیە) .کە پێداویستی یەکەمین و بێ تێرکردنیان ژیان بەردەوام نابێت، لەوانە (هەوا ، خواردن ، خواردنەوە ، پاراستن لەسەرما و گەرما ، غەریزەی سێکسی) .

٢. پێداویستی بۆ ئارامی و ئاسایش (الحاجە الی الامن) کە لەدوای پێداویستییە یەکەمیەکان دێت .

٣. پێداویستی بۆ ئینتیماو خۆشەویستی .(الحاجة الی الانتماء) .

٤. پێداویستی بۆ دانپیادانان و ڕێزگرتن و دروستکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و بەدەست هێنانی پێگەی کۆمەڵایەتی . (الحاجة الی تقدیر والاحترام) .

٥. **پێداویستی بۆ بەدەست هێنانی خوود (الحاجة الى تحقيق الذات) .کەئەمەش بریتییە لە پۆپەی هەڕەمەکە ، بەرزترین ئاست و پێداویستی مرۆڤە. بە پێی ئەم هەڕەمە پێداویستییەکانی مرۆڤ بێ پاش و پێشکەوتن دێن بەدوای یەکتریداو هەموویان یەکتر تەواو دەکەن.(فهمی ، ٢٠٠٥ ، ص ١٧) .ئەم پۆلێن بەندیەی ماسلۆ بۆ پێداویستییەکان بۆ هەموو تەمەنێك دەبێت ، پێداویستیەکانی گەنجانیش لە چوارچێوەی ئەم هەڕەمەدا و نزیك لەم هەڕەمەوە دەکرێت دیاری بکرێت بەم شێوەیە :**

١. **پێداویستیە فسیۆلۆژییەکان : بریتییە لە پێداویستیی تایبەت بە پاراستنی هاوسەنگی فسیۆلۆژیی جەستەی مرۆڤ لەوانە (خواردن ، خواردنەوە ، چالاکیی سێکسی و مەیل بۆ ڕەگەزی بەرامبەرو پەیوەندی دروستکردن) .(ملحم ، ١٩٩٩ ، ص ٣٨) .هەروەها هۆشیاریی تەندروستی و هۆشیاری ڕەگەزیش دەگرێتەوە بە تایبەتی لە سەرەتای تەمەنی گەنجێتیدا ،ئەمە جگە لە پێداویستی چاودێریی تەندروستی بۆ گەشەکردنێکی هاوسەنگ . (غباري ، ١٩٨٩ ، ص ٧٢ _ ٧٤) .**

٢. **پێداویستیی ئەمن و ئاسایش : پێداویستیی ئەمن و ئاسایش لە پێداویستییە بنەڕەتیەکانە بۆ ژیانی تاك و کۆمەڵگە . بەگرنگترین پێداویستی دادەنرێت بۆ هەموو مرۆڤێك لەهەر قۆناغێکی تەمەندا بێت ،چونکە نەبوونی ئارامی و ئاسایش لە ژیاندا دەبێتە هۆی مەترسی بۆ ژیانی مرۆڤەکان و هۆکاری سەرەکی بۆ ئەنجامدانی کار و ئەرکی سەرشانی گەنجان و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان هەستکردنە بە ئاسایش . (زهران ، ١٩٧٧ ، ص ١١٦ _ ١١٧) . پێداویستی بە ئاسایش دوو جۆرن ئەوانیش :**

ا. **پێداویستیی بە ئاسایشی تاك : بەواتای پاراستنی تاك دێت لەهەر ڕووداو و تاوانێك ، هەستکردنە بە دڵنیایی لەو ژینگەیەی کە ئەو تاکەی تیادا دەژی ، بەواتای دابینکردنی پێداویستییەکانی خودی تاك لە خواردن و جل و بەرگ و شوێنی نیشتەجێبوون و تەندروستی و فێربوون ......هتد . (عنزي ، ٢٠٠٤ ، ص ٨١) .**

ب. **پێداویستیی بە ئاسایشی کۆمەڵایەتی : بەواتای پاراستن لە شەڕ و هێرشکردن و ڕووداوە سروشتیەکان دێت ، زامنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی هۆکاری بنەڕەتییە بۆ پاراستنی مرۆڤ و کۆمەڵگەکەی ،چونکە ئەگەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا بوونی نەبێت ،ئەوا تاك ناتوانێت بەسەلامەتی بژیت . (عوجي ، ١٩٨٣ ، ص ٨) .**

٣. **پێداویستیی عەقڵی و زانین و مەعریفە : ئەمە پێداویستیی بەدەستهێنانی زانیاری و ڕۆشنبیریی گەنجان دەگرێتەوە لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکانەوە، چونکە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی قۆناغی گەنجێتی ئەوەیە کە پێویستی بە مەعریفەو زانین لەلا دروست دەبێت، هەروەها پێداویستی بۆ**

بەدەستهێنانی هەلی دەربڕین و گفتوگۆکردن لەسەر بابەتە تایبەتی و گشتییەکان و پێداویستی بۆ تێگەیشتن لە ڕەهەندەکانی کەسێتی دەگرێتەوە . (**ڕشوان ، ٢٠٠٦ ، ص ١٢**) .

٤. **پێداویستیی دەروونی :** پێداویستییە دەروونیەکانی گەنجان بریتین لە پێداویستی بۆ تێگەیشتنی خوود و قبوولکردنی ، چارەسەری گرفت و قەیرانی ناسنامە ، تێگەیشتنی گۆڕانکاری لە بونیادی کەسێتی تاك و ڕەزامەندی ئەوانی تر بۆ تاك ،هەروەها پێداویستی بۆ دانانان بەسەربەخۆی خود لەبەرامبەر دایك و باوك و دەسەلأتدا .

٥. **پێداویستیی کۆمەلأیەتی :** گەنج پێویستی بە دانپیادانان هەیە بۆ پەڕینەوە و گواستنەوە لە قۆناغی منداڵی بۆ قۆناغی پێگەیشتن ، پێویستی بە خۆشەویستی و دروستکردنی پەیوەندیی کۆمەلأیەتی هەیە لەگەڵ تاکەکانی تری کۆمەڵگادا بۆ ئەوەی پێگەیەکی کۆمەلأیەتی هەبێت و پێویستی بەسەرقاڵبوون بە ڕۆڵێکی کۆمەلأیەتییەوە هەیە کە مانا بە ژیانی ببەخشێت ، پێویستی بە ئەنجام دانی کاری کۆمەلأیەتی هەیە کە پێگەی کۆمەلأیەتی بەهێز بکات . (**حجازی ، ١٩٨٥ ، ص ٤٩**) . واتە گەنج لە ڕێگەی ئەو کارەی کە هەیەتی دەتوانێت بوونی خۆی لە کۆمەڵگادا بسەلمێنێت وهەست بەبوون و کەسێتی خۆی لەکۆمەڵگادا بکات.

٦. **پێداویستیی بۆ پشودان و کات بەسەربردن :** ئەو پێداویستیانەیە،کە پەیوەستە بە ئارەزووەکانی گەنج ، لەگەڵ پێداویستی بۆ کات بەسەربردن و پاراستن لە لادان، لەوانە یاریکردن و وەرزشکردن و چالاکی هونەری و ڕۆشنبیری و کۆمەلأیەتی . ئەم جۆرە پێداویستیانە پێویستی بە بوونی دامەزراوە و یانەو ڕێکخراوی جۆراو جۆر هەیە،تا گەنجان بتوانن کاتە بەتاڵ و ئازادەکانیان بەسەربەرن،ئەو کات بەسەربردنەش لەڕێگەی دانانی بەرنامەو پرۆگرام و چالاکی جۆراو جۆرەوە دەبێت ، بەجۆرێك کە گەشە بە تواناو وزەی گەنجان بدات . (**حجازی ، ١٩٨٥ ، ص ٤٩**) .

٧. **پێداویستیی ئاینی :** پێداویستی بۆ پێکهێنانی هەستکردنێکی ئاینی بەهێز بۆ ئەوەی ئەو گەنجە هەست بکات،کە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان خۆی و خودادا هەیە ، پێداویستی بۆ تێگەیشتن و ڕێکخستنی پێگە ڕەوشتیەکان کە لە ئاینەوە سەرچاوەیان گرتووە ،ئەوانەی کە پەیوەندی لە نێوان گەنج خۆی و ئەوانی تردا ڕێك دەخات . (**ڕشوان ، ٢٠٠٦ ، ص ١٣ _ ١٤**) . پێویستە گرنگی بە پێداویستییەکانی گەنجان و تێرکردنیان بدرێت، چونکە تێرکردنی ئەم پێداویستیانە ڕۆڵ و گرنگی گەورەی هەیە لەسەر ئەو ڕەفتارە کۆمەلأیەتییەی کە گەنجێك لە کۆمەڵگادا دەیکات، چونکە پێداویستییەکانی گەنج بریتییە لەو دۆخە دەروونی و جەستەیی و کۆمەلأیەتی و عەقلیانەی کە هەستی نەبوون، یان لەدەستدانی شتێك لای گەنج دروست دەکات و گونجانی دەروونی و کۆمەلأیەتی بۆ گەنج دەستەبەر دەکات .ئەمە جگە لەوەی ئەو

مرۆڤەی پێداویستیەکانی دەستەبەرن، ئەوا چەمکی پێداویستی بۆ ئەو مانای نییە، واتە لە نەبوونی شتێك ،یان کەرەستەیەك ،یان ئامرازێك ماددی بێت، یان مەعنەوی پێداویستی دێتە ئاراوە . (**حبیب ، ٢٠١٠ ، ص٤١١_ ٤١٥**) . بەم جۆرە دەکرێت دۆزینەوەی هەلی کار پێداویستی بێت ، چونکە تێرنەکردنی پێداویستیەکان دەبێتە هۆی دروست بوونی کێشەی جۆراوجۆر، کە دواجار کاریگەری لەسەر خودی تاك و کۆمەڵگاش دروست دەکات ،بۆنموونە هەندێك لە زانایانی ئابووری لەکاتی توێژینەوەکانیاندا دەگەنە چەند ئاسەوارێکی ئابووری کە لە ئەنجامی تێرنەکردنی پێداویستیەکان و دابین نەکردنی هەلی کار لە کۆمەڵگادا دروست دەبێت ، بەڵام دەتوانین بڵێین تەنها لایەنی ئابووری ناگرێتەوە ،بەڵکو لایەنی کۆمەڵایەتی ، دەروونی ، سیاسی ، خێزانی ، ئەمن و ئاسایشیش دەگرێتەوە ،واتە کاریگەری لەسەر کۆی لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ دروست دەکات . (**حشاد ، ١٩٩٦ ، ص٥٧**) . لەوانەش :

١. **لایەنی ئەمن و ئاسایش :** کاتێك گەنجێك پێداویستیەکانی تێرناکرێت و بێکار دەبێت کاریگەری لەسەر لایەنی ئەمن و ئاسایش و ئارامی وڵات دەبێت ، چونکە تێرنەکردنی ئەم پێداویستیانە دەبێتە هۆی ئەنجامدانی ڕەفتاری نەشیاوو دەست بردن بۆ تاوانی کۆمەڵایەتی و تۆقاندن و توندوتیژی و تاوانی خوڕەوشتی و بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر ،کەواتە ترسناکترین لایەنی بێکاری لەسەر لایەنی ئاسایش و ئارامی وڵاتەو هەڕەشەیە بۆ سەر کۆمەڵگا بەشێوەیەکی گشتی ،دەتوانین بڵێین زیادبوونی ڕێژەی ئەنجامدانی تاوان پەیوەندیی توندوتۆڵی بە تێرنەکردنی پێداویستیەکانی گەنجان و بێکارییانەوە هەیە کە دواجار دەبێتە هۆی تێکدانی ئاسایشی وڵات . (**عبدالقادر ،٢٠٠٣، ص٨٩**) .

٢. **لایەنی دەروونی :** پڕنەکردنەوەی پێداویستیەکانی گەنجان و دابین نەکردنی هەلی کار بۆیان دەبێتە هۆی دروست بوونی گۆشەگیری و ئەنجامدانی ڕەفتاری نەگونجاو لە کۆمەڵگا . (**عبدالقادر ، ٢٠٠٣ ، ص٧٩**) . دکتۆر هارفی برینز لە زانکۆی جۆن هۆبکیز توێژینەوەیەکی ئاماری ئەنجامدا سەبارەت بە ئاسەواری بێکاری لەسەر باری کۆمەڵایەتی و دەروونی ، دەرکەوت کە ئەگەر بێکاری بەڕێژەی لە ٠/٠١ بێت ،ئەوا ڕێژەی خۆکوشتن لە ٠١/٤ زیاد دەکات ، ڕێژەی تاوانیش بۆ ٧, ٠/٥ زیاد دەکات، ڕێژەی وەرگرتنی نەخۆشیی دەروونیی بۆ نەخۆشخانە دەرونیەکان بە ڕێژەی ٤, ٠/٣ زیاد دەکات ،لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت،کە بێکاری کاریگەریی خراپی لەسەر لایەنی دەرونی و کۆمەڵایەتی تاکەکانی کۆمەڵگە هەیە. (**حشاد ، ١٩٩٦ ، ص٥٨**) .

٣. **لایەنی سیاسی :** پڕنەکردنەوەی پێداویستیەکانی گەنجان و دابین نەکردنی هەلی کار بۆیان وەك یەکێك لە پێداویستیەکان کاریگەری لەسەر لایەنی سیاسی و ڕامیاری وڵات دروست دەکات ، چونکە بێکاری دەبێتە هۆی دروست بوونی چەندین پارت و لایەنی سیاسی بەهۆی ئەو بارودۆخە ڕامیاری و ئابوری و

کۆمەلایەتیەی کە لە کۆمەڵگادا هەیە ،هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی ئاسایشی نەتەوەیی ولات تێك بچێت ، هەمیشە سەرۆك و بەرپرسانی ئەو پارتە رامیاریانە کێشەی بێکاری دەقۆزنەوە و ئەو کەسانەی بێکارن رایاندەکێشن بۆ لای خۆیان و بەشێوەیەکی رێك و پێك رێکیان دەخەن بۆ دژایەتیی ئەو پارتە رامیاریەی، کە وولات بەرێوە دەبات، ئەمەش کاریگەری لەسەر ئاسایش و رامیاری ولات هەیە.(**حشاد ، ١٩٩٦، ص٥٨**) چونکە گەنج دەتوانێت لەرێگەی ئەو ئەرکەی لەسەر شانیەتی کۆمەڵگا بەرەو پێش ببات ،بەلام کاتێك پێداویستیەکانی پڕناکرێتەوە و بێکار دەمێنێتەوە ئەوا هەست بە نائومێدی دەکات و خۆشەویستی و ئینتمای بۆ ولاتەکەی کەمدەبێتەوە ،بەناچاری دەچێتە پاڵ ئەو گروپ و پارتە سیاسیانەی کە نارازین لە سیستمی فەرمانڕەوای ولات ، ئەمەش چەندین کێشە و گرفتی جۆراو جۆری لێدەکەوێتەوە و کاریگەری لەسەر رەفتاری کۆمەلایەتی گەنجان لە کۆمەڵگادا دەبێت.

٤. **لایەنی ئابوری :** پڕنەکردنەوەی پێداویستیەکانی گەنجان و دابین نەکردنی هەلی کار بۆیان، وەك یەکێك لە پێداویستیەکان کاریگەری دروست دەکات لەسەر نزمبونەوەی داهاتی نەتەوەیی و داهاتی تاکەکەس ، نزمبونەوەی ئاستی بەرهەم هێنانی نەتەوەی ، نزمبونەوەی ئاستی گوزەران و بژێوی گشتی و تەندروستی و فێر کاری وکەمبونەوەی خستنەکاری سەرمایە وهۆکارەکانی دیکەی بەرهەمهێنان ،هەروەها زیادبوونی کۆچکردن بەرەو دەرەوەی ولات و لەدەستدانی بەشێك لە هێزی کاری چالاك و خاوەن تواناکان . (**غفور ، ٢٠٠٨، ل٧**) . چونکە مانەوەی گەنجەکان بە بێکاری دەبێتە هۆی لەدەستدانی یەکێك لەسەرچاوە گرنگەکانی وەبەرهێنان لە کۆمەڵگادا، لەهەمانکاتیشدا دەبێتە هۆی دابەزینی قەبارەی وەبەرهێنانی چاوەڕوانکراو،کەئەمەش دەبێتە هۆی کورتهێنان لە بواری گەشەسەندنی ئابوری لە کۆمەڵگادا کە یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکانی بوژاندنەوەی ولات .

٥. **لایەنی کۆمەلایەتی :** بەشێوەیەکی گشتی لە رووی کۆمەلایەتیەوە پڕنەکردنەوەی پێداویستیەکانی گەنجان و بێکاریان کاریگەری لەسەر دواخستنی دروستکردنی خێزان لەناو گەنجاندا هەیە، یان تێکچوون و هەڵوەشاندنەوەی خێزان، هەروەها کاریگەری لەسەر تەندروستی و دەرونی گەنجی بێکار هەیە ،چونکە هەست بە دۆڕاندن و تێکشکاندن لەناو کەس و کار و هاوەڵەکانیدا دەکات ، ئەمە جگە لەوەی کە بێکاری پەیوەندیی بە ئەنجامدانی رەفتاری وەکو (تاوانکاری ، خراپەکاری ، دزی کردن ...هتد) هەیە . (**عبدالرحيم و عبدول ، ٢٠٠٢ ، ل٨٨**) هەروەها پەیوەندی بەلایەنی ئابوری و رۆشنبیری و کۆمەلایەتی و دەرونی گەنجانی بێکارەوە هەیە ،هەموو ئەمانەش دەبنە کێشەی جۆراو جۆر لەکۆمەڵگادا.کەواتە دەتوانین بڵێین پڕنەکردنەوەی پێداویستیەکانی گەنجان و بێکاریان لەوانەیە کاریگەری خراپی لەسەر ئاستی تەندروستی و خوێندن و خراپی گوزەرانی ژیان و بێزاربوون لە ژیان و نارازی بوون و کەمبوونەوەی خۆشەویستی و ئینتما بۆ ولاتەکەی هەبێت ،هەروەك لە واقیعی ئەمڕۆی کوردستاندا دەبینرێت کە زۆربەی

گەنجەکان کۆچ بەرەو ولاّتانی دەرەوە دەکەن لە ئەنجامی پرنەکردنەوەی پێداویستیەکانیان و دەست نەکەوتنی هەلی کاری گونجا و بێکار مانەوەیان ،کە بە درێژای مێژوو رۆڵی خۆی گێراوەو هەتا ئێستاش بەردەوامە ،بۆنموونە لە قۆناغی دەرەبەگایەتیدا ئاغاو دەرەبەگەکان لە لادێکاندا دەستیان بەسەر هەموو زەوی و زاری جوتیاراندا گرتبو و بەهەموو شێوەیەك دەیان چەوساندنەوە ،لێرەدا جوتیار بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو ژیانەبە ناچاری کۆچی دەکرد،ئەمڕۆش لە هەرێمی کوردستان کۆچی بە لێشاوی کوردەکان بەرەو ئەوروپا کەیەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی ناچاربوونیان بە کۆچکردن پڕنەکردنەوەی پێداویستی و دەستنەکەوتنی هەلی کاری گونجاو و بێکاری گەنجەکانە، کە دواجار کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو ڕەفتارە کۆمەلاّیەتییەی کە گەنجێك لە کۆمەڵگادا دەیکات .

دەروازەی دووەم

لایەنی مەیدانی

بەشی پێنجەم

میتۆدی توێژینەوەکە و هەنگاوە مەیدانییەکان

باسی یەکەم : میتۆدی توێژینەوەکە

میتۆدی ڕوو پێوی کۆمەڵایەتی

باسی دووەم : هەنگاوە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە

یەکەم : کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

دووەم : نموونەی توێژینەوەکە

سێیەم : بوارەکانی توێژینەوەکە

چوارەم : ئامڕازەکانی توێژینەوەکە

پێنجەم : ئامرازە ئامارییەکان

بەشی پێنجەم

میتۆدی توێژینەوەکە و هەنگاوە مەیدانییەکان

باسی یەکەم

میتۆدی توێژینەوەکە

میتۆد ئەو ڕێگاو شێوازەیە کە توێژەر بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان و پۆلێن کردن و ڕاڤەکردنیان بەکاری دەهێنێت لەو توێژینەوە زانستیەدا کە ئە نجامی دەدات . (حسن،١٩٩٩،ص٥٩٩). یان ئەو ڕێگایەیە کە توێژەر لە توێژینەوەی کێشەکاندا بەکاریدەهێنێت ، ئەمەش لە پێناوی دۆزینەوەی ڕاستی و وەلأمدانەوەی ئەو پرسیارانە کە بابەتی توێژینەوەکە دەوروژێنێت ،هەروەها دەتوانین بڵێین میتۆد کۆڵەکەی پێك هێنان و داڕشتنی توێژینەوەکانە، چونکە ئەو پلانەیە کە هەنگاوەکانی (دیایکردنی زاراوەکان، چوارچێوەی توێژینەوە ، هەڵبژاردنی میتۆد ، ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری ، دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە، ڕونکردنەوەی بوارەکانی توێژینەوە لەخۆ دەگرێت . (شفیق،٢٠٠٨،ص٨٥_٨٦).

هەروەها لەڕێگەی میتۆدەوە دەتوانرێت چوارچێوەی تێگەیشتن لە ڕاستیەکان دیاری بکرێت و زانیاریەکان کۆبکرێتەوەو بخرێتەڕوو ، ئەم توێژینەوەیەش یەکێکە لە توێژینەوە وەسفیە شیکاریەکان کە پشت بە کۆکردنەوەی ڕاستیەکان و شیکردنەوەو ڕاڤەکردنیان دەبەستێت لە پێناو گەیشتن بە دەرئە نجامێکی زانستی و بابەتی . (حسن ،١٩٨٢،ص٢٠٤) . ئاشکراشە ئە نجامدانی هەر توێژینەوەیەك پێویستی بە میتۆدێك یان چەند میتۆدێك هەیە بۆ گەیشتن بە ڕاستی و دروستی ،لەئە نجامدانی ئەم توێژینەوەیەشدا توێژەر سودی لە (**میتۆدی ڕوو پێوی کۆمەلأیەتی**) وەرگرتووە ،مەبەستیش لە میتۆدی ڕووپێوی کۆمەلأیەتیی یەکێکە لەو میتۆدە سەرەکیانەی کە توێژینەوەی وەسفی بەکاری دەهێنێت ، مەبەست لێی هەوڵدانێکی ڕێکخراوە بۆ شیکردنەوەی ئەوبارودۆخ و هەلومەرجەی کەسستمێکی کۆمەلأیەتیی دیاریکراو ،یان گروپێکی دیاریکراوی تێدایە .(حسن، ١٩٨٢،ص٢٢١).

هەروەها دەتوانین بڵێین میتۆدی ڕوپێوی کۆمەلأیەتی، بریتییە لەتوێژینەوەیەکی گشتی بۆ زانینی خەسڵەتی دیاردەیەك لەنێو گروپێك ولە شوێنێکی دیاریکراودا .ئەم خەسڵەتانەش لەڕێگەی فۆڕم، یان چاوپێکەوتن، یان تێبینیکردنی ڕەفتارەوە کۆدەکرێتەوە ، ئەم کۆکردنەوەی زانیاریانەش بەگوێرەی پلانێك دەبێت ،کە ڕەچاوی ئامانج و گریمانەو ڕاڤەکردنی تێدادەکرێت . (عقیل،١٩٩٩،ص٧٩).

هەروەها ئەم میتۆدە بۆ توێژینەوەکردنی ئەو بابەتانە بەکاردێت ،کە پەیوەندییان بە چالاکی کۆمەلآیەتیەوە هەیەوئاما نجیان زانینی کارو ژیانی ڕۆژانەی خەڵکە ، ڕەفتاری ڕۆژانەیان چۆنەو چۆن هەڵسوکەوت و ڕەفتار لە کۆمەڵگادا دەنوێنن.(**عمر ، ٢٠١٢،ل١٨٢**).

ئەمە جگە لەوەی میتۆدی ڕووپێویی کۆمەلآیەتی بە یەکێك لە میتۆدە هاوچەرخەکان دادەنرێت ،کە یارمەتی توێژەر دەدات بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان ودانانی گریمانەکان وشیکردنەوەی ئاماری لە پێناو گەیشتن بە دەرئە نجامێکی بابەتی دەربارەی ڕاستیەکان و گۆڕاوەکان . (**حسن،١٩٩٩،ص٦٠٧**). میتۆدی ڕووپێوی کۆمەلآیەتی دووجۆرە (**ڕووپێوی گشتگیرو، ڕووپێوی بە نموونە**) ، بەکارهێنانی **ڕووپێوی گشتگیر** (الحصر الشامل) ،بۆکۆمەڵگەی توێژینەوە یەکێکە لە ڕێگاکانی توێژینەوەی زانستی و ، پرۆسەیەکی قورسەو لەکاتی بەکارهێنانیدا پێویستی بەتوانستی ماددی و ماوەو کاتێکی زۆر هەیە . (**حسن،١٩٨٦،ص١٨**)، لەم توێژینەوەیەشدا بەهۆی گەورەیی قەبارەی نموونەی توێژینەوەکە کە گە نجانی بێکاری شاری سلێمانییە ،توێژەر پشتی بەبەکارهێنانی ڕێگای **ڕووپێوی کۆمەلآیەتی بەستووە بەبەکارهێنانی نموونە** ،لە ڕێگای وەرگرتنی بەشێك لە کۆمەڵگای توێژینەوە بە نموونە .

باسی دووەم

هەنگاوە مەیدانییەکانی توێژینەوە

یەکەم : کۆمەڵگەی توێژینەوە

بریتییە لە کۆی ئەو یەکەو ڕەگەزانەی دیاردەیەك کە توێژەر لەبارەیەوە توێژینەوە ئەنجام دەدات، ئەو یەکەو ڕەگەزی توێژینەوەیە دەگونجێت (تاك ،خێزان ، قوتابخانە ،کارگە ، دامەزراوە) بێت. (**عقیل،١٩٩٩،ص١١٧**). یان بریتییە لەهەموو ئەو تاکانەی کە پەیوەندییان بە توێژینەوەکەوە هەیە ،کارێکی ئاسان نییە توێژەر بتوانێت سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا وەربگرێت ،کە دەکەونە چوارچێوەی توێژینەوەکەوە ،بۆیە توێژەر ژمارەیەکی گونجاو وەك نموونەی توێژینەوەکە وەردەگرێت ،کەگوزارشت لەو کۆمەڵگەیە بکەن .(**حسن،١٩٨٢، ص٤٠٥**) . ،لەم توێژینەوەیەشدا کۆمەڵگای توێژینەوە ،بریتییە لە شاری سلێمانی و ئەو گەنجانەی کەبێکارن لەم شارەداوتاکو ئێستا هەلی کارکردنیان بۆ نەڕەخساوە .

دووەم: نموونەی توێژینەوە

مەبەست لە نموونەی توێژینەوە ژمارەیەکی دیاریکراوی تاکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەیە ، یاخود بەشێکە لەکۆمەڵگای توێژینەوە،کەلەڕێگەی شێوازی تایبەتەوە هەڵدەبژێردرێت ،تاکو بەهۆیەوە بتوانرێت بڕیار لەسەر (گشت) کۆمەڵگای توێژینەوە بدرێت . هەروەها جۆری نموونەی توێژینەوەش بەگوێرەی کێشەو بابەتی توێژینەوەکە دەگۆڕێت ، هاوشێوەی کۆمەڵگای توێژینەوە ، نموونەی توێژینەوەش دەگونجێت (تاك ، خێزان ، ڕێکخراو ، دامەزراوە ... هتد) بێت. (**غانم،٢٠٠٨،ص١٢٥**).

نموونەی ئەم توێژینەوەیەش بریتییە لەو گەنجە بێکارانەی ناو شاری سلێمانی ،کە هەلی کارکردنیان بۆ نەڕەخساوە، توێژەر نموونەکەی بەشێوازی (**تۆپەڵە بەفری کلۆرەوەبوو**) (**الكرة الثلجية**) وەرگرتووە ، واتا نموونەی توێژینەوەکە ،بریتییە لە نموونەیەکی نائەگەری بەشێوازی تۆپەڵەبەفری کلۆرەوەبوو ،چونکە دۆزینەوەی نموونەی ئەم توێژینەوەیە، کە گەنجانی بێکاری شاری سلێمانی بوون ،کارێکی ئاسان نەبوو ،بۆ ئەوەی نموونەکەمان نزیك بێت لە ڕاستییەوە و زانستی بێت ، پێمان باش بوو کار بەم جۆرە نموونەیە بکەین ،مەبەست لە نموونەی تۆپەڵەبەفری کلۆرەوەبووش ،بریتییە لەدۆخی ئەو قەوارە بەفرەی کە لەبەرزایی

گردۆلکــەکان، یان چــیاکانەوە بــۆ تەختاییــەکان کلۆردەبنەوە، ئــەم کلۆربوونەوەیــەش واتــا (قەوارەبەفرەکــە) بــەدەوری خۆیــدا دەســوڕێت وبــەفری تــری لەگەڵــدا کۆدەبێتــەوەو قەبارەکــە گەورەتردەبێت . (عمر، ٢٠١٢،ل٢٨٢).

توێــژەر لــەم توێژینەوەیــەدا لــە ڕێگــەی پەیوەندییــە کۆمەڵایەتیەکانیــەوە تــوانی بگاتــە چــەند ئەنــدامێکی نموونــەی توێژینەوەکە، ئــەوانیش هاوکــاری بــوون بــۆ کۆمــەڵێك ئەنــدامی تــری نموونەکــەو بــەو شــێوازە توانیمــان (١٤٠) گــە نجی بێکارمــان لــەناو شــاری ســلێمانیدا دەســت بکــەوێت ،کە نموونەی توێژینەوەکە پێك دەهێنن.

سێیەم : بوارەکانی توێژینەوە

١. بواری شوێنی (المكاني) : توێژینەوەکەلە سنوری جوگرافیی شاری سلێمانیدا ئە نجام دراوە .

٢. بواری مرۆیی (البشري) : بریتییە لە گە نجانی بێکاری ناو شاری سلێمانی .

٣. بــواری کــاتی (الزمــاني) : بریتییــە لــەو ماوەیــەی کــە کــارە مەیدانیــەکانی توێژینەوەکــەی تێــدا ئــە نجام دراوە ، هــەر لەدابەشــکردنی فــۆڕمی ڕا پرســی و گەڕانــەوەی فۆڕمــەکان و بەتاڵکردنــەوەو شــیکردنەوەی فۆڕمــەکان و شــیکردنەوەی زانیاریــەکان ،ئەمــەش لەبــەرواری (٢٦ / ٣ /٢٠١٦) دەستی پێکردووە هەتا بەرواری (٣٠ / ١٠ / ٢٠١٦)ی خایاندووە .

چوارەم : ئامرازەکانی توێژینەوە

مەبەســت لــە ئامرازەکــانی توێژینەوەکــە ئــامرازێکن بــۆ کۆکردنــەوەی زانیــاری پەیوەســت بەبابــەتی توێژینەوەکە، کــە لەلایــەن کەســێکەوە پڕدەکرێتــەوە.(خۆشــناو،٢٠٠٣،ل٢٥).وە بــۆ کۆکردنــەوەی زانیــاری و بەدەســت هێنــانی ئاما نجــەکانی توێژینەوەکــەش، فۆرمێــك بــۆ پێوانــەی ڕەفتــاری کۆمەڵایــەتیی گــە نجانی بێکــار بــەکارهێنرا ، کــە ئــەم ئامرازەش، بریتییــە لــە کۆمــەڵێك پرســـیار بـــۆ گەیشـــتن بـــەوەڵامێکی دیاریکراو.لـــەم توێژینەوەیەشـــدا توێـــژەر چـــەند هـــەنگاوێکی بەکارهێناوە بۆ ئامادەکردنی پێوەری زانستی توێژینەوەکە کە ئەوانیش بریتین لە :

١. پێوەری ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی گە نجانی بێکار :

ســەرەڕای برگــەی تایبــەت بەکۆکردنــەوەی زانیارییــە گشــتییەکان لــە یەکــەکانی نموونــەی توێژینــەوە ســەبارەت بــە گۆڕاوەکــانی (ڕەگــەز ، بڕوانامــەی زانســتی ، بــاری کۆمەڵایــەتی ، بــاری ئــابوری ، ژمــارەی ئەنــدامانی خێــزان ، جــۆری شــوێنی نیشــتەجێبوون) ،لــەم توێژینەوەیــەدا پێــوەری

ڕەفتــاری کۆمەڵایــەتیی گــە نجانی بێکــار بــەکارهاتووە ،کەلەلایــەن توێــژەر بــۆ ئــەم مەبەســتە ئامــادەکراوە ، بەســود وەرگــرتن لەسەرچــاوە زانســتییەکان و شــارەزایی توێــژەر لــەو بــوارەدا . پێوەرەکــە لــە (٨٢) بڕگــە پێــك هــاتووە، کــە (٢٥) بڕگــەی ئــەرێنی و (٥٧) بڕگــە نەرێنییــە و بەسەر چوار بواردا دابەشکراوە ،کە بریتین لە :

أ. **ڕەفتــاری گــەنج لەگــەڵ خــودی خــۆی:** مەبەســت ئــەو ڕەفتــار و هەڵســوکەوتەیە ،کــە گــە نجێك سەبارەت بە خودی خۆی هەیەتی .

ب. **ڕەفتــاری کۆمەڵایــەتیی گــەنج لــەناو خێزانــدا :** مەبەســت ئــەو ڕەفتــار و هەڵســوکەوتەیە ،کــە گە نجێکی بێکار لەناو خێزانەکەیدا ئە نجامی دەدات و کاریگەری دەبێت لەسەری .

ج. **ڕەفتــاری کۆمەڵایــەتیی گــەنج لەگــەڵ هــاوڕێ دا :** مەبەســت ئــەو ڕەفتــار و هەڵســوکەوتەیە ،کــە گە نجێکی بێکار لەگەڵ هاوڕێکانیدا ئە نجامی دەدات و ،کاریگەری دەبێت لەسەری .

ء. **ڕەفتــاری کۆمەڵایــەتیی گــەنج لــەناو کۆمــەڵگادا :** مەبەســت ئــەو ڕەفتــار و هەڵســوکەوتەیە ،کــە گە نجێکی بێکار لەناو کۆمەڵگادا دەیکات . وەك لە پاشکۆی ژمارە (٢) خراوەتە ڕوو.

هــەروەها پێوەرەکــە لــە (٤) وەڵام پێــك هاتبوو،کــە ئــەوانیش (هەمیشــە ، زۆرجــار ، هەنــدێك جــار ، هــیچ جارێــك) کــێش یــان هێــزی وەڵامــەکانیش بــریتین لــە (٤ ، ٣ ، ٢ ، ١) بــۆ وەڵامــە ئەرێنییــەکان (پۆزەتیڤــەکان) و (١ ، ٢ ، ٣ ، ٤) بــۆ وەڵامــە نەرێنییــەکان (نێگەتیڤــەکان) ،بــەو شــێوەیەی لەخشتەکەدا خراوەتە ڕوو:

خشتەی (١)

هێزی بڕگەکانی ئامرازی توێژینەوە نیشاندەدات

هێزی بڕگەکان	هەمیشە	زۆرجار	هەندێك جار	هیچ جارێك
بڕگەئەرێنییەکان (پۆزەتیڤەکان)	٤	٣	٢	١
بڕگە نەرێنییەکان (نێگەتیڤەکان)	١	٢	٣	٤

٢. ڕاستی پێوەر (الصدق أو الشرعية) : Validity

بۆ دڵنیابوون لەڕاستی و گونجاوی و وەرگرتنی شێوازی کۆتایی ئامرازی توێژینەوە ، توێژەر بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو فۆڕمەی ئامادەی کردبوو،ڕاستی ڕواڵەتی (الصدق الظاهری) Face Validity بەکارهێنا و فۆڕمەکەی بەسەر (٩) پسپۆڕدا دابەشکرد ، ئەنجامی پێوەرەکە (٨٨ .٩٦٪) دەرچوو، ئەمەش ڕاستی و دروستی ئامرازی توێژینەوەکە دەردەخات. بەگشتی تێبینی پسپۆڕان لەسەر شێوازی ڕێکخستنەوەی بڕگەکان ، یان یەکخستنی هەندێك لە بڕگەکان بوولەبەر ئەوە شێوازی یەکەمی ئامرازی توێژینەوەکە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ شێوازی کۆتایدا نەبوو ، هەروەك لە پاشکۆی (١) دا ڕوون کراوەتەوە.

٣. بەهێزی توانای جیاکاری بڕگەکانی پێوەر (القوة التميزية للفقرات) : Discrimination Power Of Items

جێبەجێکردنی هاوکێشەی جیاکاری بڕگەکان بەهێزی و توانای بڕگەکان دەردەخات (فرج ، ٢٠١٤ ، ل١٥٦) .بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر لە ڕێگەی هاوکێشەی دوو نمونەی زیادەڕۆوە (طريقة العينتين المتطرفتين) و بەکارهێنانی هاوکێشەی (ت) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ،توانی جیاکاری بڕگەکانی پێوەرەکە دەربهێنێت لە ڕێگەی هەگبەی ئاماری زانستە کۆمەلآیەتیەکان، بەبەکارهێنانی پرۆگرامەکانی (S.P.S.S) بۆ ئەو کارە ، نمرەی کۆتای کە ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە بەدەستیان هێنابوو بەرەو ژوور ڕێکخرا (٢٧ ٪) بەرزترین نمرەو (٢٧ ٪) نزمترین نمرەش دیاری کرا،بەو شێوەیە هەرکاتێك جیاوازی لەنێوان ناوەندی دوو نموونە زیادەڕۆکە هەبوو مانای ئەوەیە ئەو بڕگەیە بە توانایە لە پێوانی جیاوازی نێوان ئەندامەکانی توێژینەوەکە . دەرکەوت هێزی جیاکاری بڕگەکان لە نێوان (٠,١٥٨- ، ١٥,٩٧٥) دابوو لە کاتێکدا کە بەهای خشتەیی (ت) (١,٩٩٠) بوو ڕێژەی هەڵەش (٥ ٪) و پلەی ئازادی (٨٠) بۆیە ئەو بڕگانە هێلرانەوە کە بەهای (ت) ی هەژمارکراویان یەکسان بوو بە (١,٩٩٠) و زیاتر، بەلآم ئەو بڕگانەی کە بەهای (ت) هەژمارکراویان لەوە کەمتر بوو لابران بەهۆی لاوازیان لە دەرخستنی جیاوازی نێوان ئەندامانی نموونەکە هەربۆیە (١٣) بڕگە لە پێوەرەکە لابران،واتە دەرکەوت ئەو ١٣ بڕگەیە بێ توانان لە پێوانی جیاوازیی ئاستی ڕەفتاری کۆمەلآیەتیی گەنجانی بێکاری نموونەکە و پێچەوانەکەشی ڕاستە.

خشتەی (٢)

بەهێزی توانای پێوەری ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی گە نجانی بێکار بەشێوازی دوو نموونەی سەربەخۆ (العينتين المستقلتين)

بڕگەکان	المجموعه العليا (کۆمەڵەی سەروو)		المجموعه الدنيا (کۆمەڵەی خواروو)		بەهای (ت)
	ناوەندی ژمێرەیی	لادانی پێوەری	ناوەندی ژمێرەیی	لادانی پێوەری	
١	٢,٧١	.٨٧٣	١,٤٩	.٥٩٧	٧,٣٨٤
٢	٢,٧٣	.٩٤٩	١,٥٤	.٥٩٦	٦,٨٢٨
٣	٢,٧٣	.٨٣٧	١,٥٤	.٥٠٥	٧.٨٢٦
٤	٣,٢٧	.٧٤٢	١,٨٣	.٥٨٧	٩,٧٣٢
٥	٣,٣٤	.٦٩٣	١,٦١	.٦٢٨	١١,٨٥٨
٦	٣,٥٩	.٥٤٧	٢,٠٢	.٥٧٠	١٢,٦٦١
٧	٣,٨٠	.٤٥٩	٣,١٢	١,١٠٠	٣,٦٦٩
٨	٤,٠٠	٠,٠٠٠	٣,٨٥	.٥٢٧	١,٧٧٧
٩	٣,٩٥	.٢١٨	٣,٢٢	١,٠٣٧	٤,٤٢١
١٠	٣,٠٥	.٦٦٩	١,٢٢	.٥٧١	١٣,٣٢١
١١	٣,٣٢	.٧٨٩	١,٦١	.٤٩٤	١١,٧٤٩
١٢	٣,١٢	.٨١٢	١,٦٦	.٥٣٠	٩,٦٦٤
١٣	٣,١٧	.٧٣٨	٢,٦٣	.٧٩٩	٣,١٥٩
١٤	٣,٣٢	.٥٦٧	٢,٥٩	.٦٧٠	٥,٣٣٧
١٥	٣,٣٢	.٥٦٧	٢,٤١	.٥٤٧	٧,٣٣٤
١٦	٢,٦٦	١,٢١٧	١,٢٩	.٦٠٢	٦,٤٤٣
١٧	٣,٥٤	.٧٧٨	٢,٣٩	.٥٤٢	٧,٧٤٧
١٨	٣,١٢	.٧١٤	١,٩٠	.٣٧٤	٩,٦٨٥
١٩	٣,١٥	.٨٢٣	٢,٠٢	.٤١٨	٧,٧٨١
٢٠	٣,٠٥	.٦٦٩	١,٩٨	.٥٧٠	٧,٨٢١
٢١	٣,١٢	.٦٤٠	١,٨٥	.٦١٥	٩,١٥٠
٢٢	٣,١٠	.٦٦٤	٢,٠٥	.٣١٢	٩,١٥٧
٢٣	٢,٧١	.٩٥٥	٢,١٢	.٦٠٠	٣,٣٢٣
٢٤	٣,٠٧	.٧٥٥	٢,٣٤	.٦١٧	٤,٨٠٧
٢٥	٣,٢٧	.٧٤٢	١,٧٦	.٥٨٢	١٠,٢٦٢
٢٦	٢,٩٥	١,٣٢٢	١,٠٧	.٤٦٩	٨,٥٧٤

٢٧	٢,١٠	١,٠٤٤	١,٠٥	.٢١٨	٦,٢٩٦
٢٨	٢,٥٩	.٨٦٥	٢,٢٢	.٦١٣	٢,٢٠٩
٢٩	٣,٢٧	.٦٧٢	١,٦٣	.٥٣٦	١٢,١٧٢
٣٠	٣,١٢	.٧٨١	٢,٨٨	.٨١٢	١,٣٨٦
٣١	٣,٠٠	.٨٦٦	١,٥٤	.٥٩٦	٨,٩١٥
٣٢	٣,٠٧	.٨٤٨	١,٦٨	.٥٦٧	٨,٧٢٣
٣٣	٣,٧٦	.٥٨٢	٢,٧٣	.٥٩٣	٧,٨٩٥
٣٤	٣,٥٦	.٥٠٢	٢,٥٩	.٥٤٧	٨,٤١٤
٣٥	٣,٦٨	.٤٧١	٢,٤٩	.٦٣٧	٩,٦٥٦
٣٦	٣,٦١	.٥٨٦	٢,١٥	.٥٢٧	١١,٨٨٢
٣٧	٣,٥٩	.٦٧٠	٣,٠٥	.٧٠٥	٣,٥٣٢
٣٨	٣,٤١	.٤٩٩	٢,٦٣	.٦٢٣	٦,٢٦٤
٣٩	٣,٣٤	.٦٩٣	٢,٦١	.٨٣٣	٤,٣٢٣
٤٠	٣,٤١	.٥٤٧	٢,٧١	.٥١٢	٦,٠٤٧
٤١	٣,٠٥	.٧٠٥	٢,٦٦	.٦٩٣	٢,٥٢٧
٤٢	٢,٦٣	.٨٢٩	٢,١٥	.٥٢٧	٣,١٧٨
٤٣	٢,٦٦	.٩٦٥	٢,٦٦	.٦١٧	٠,٠٠٠
٤٤	٣,٨٠	.٥٥٨	٢,٢٢	.٥٧١	١٢,٧٢٣
٤٥	٣,١٧	.٨٠٣	٢,٧٦	.٦٢٤	٢,٦١١
٤٦	٣,٢٢	.٧٩١	٢,٧٦	.٦٢٤	٢,٩٤٦
٤٧	١,٨٠	.٧٤٩	١,٩٥	.٨٣٥	٠,٨٣٥
٤٨	٢,١٢	.٦٤٠	١,٩٥	.٣١٢	١,٥٣٥
٤٩	٢,٢٤	.٦٢٤	١,٩٥	.٤٩٨	٢,٣٤٩
٥٠	٢,٥٤	.٧٧٨	١,٨٨	.٣٣١	٤,٩٨٨
٥١	٢,٣٩	.٨٦٢	١,٤٤	.٥٠٢	٦,١٠٢
٥٢	٣,٠٧	.٩٣٢	١,٩٥	.٢١٨	٧,٥٠٢
٥٣	٣,٤١	.٨٦٥	٢,٠٠	.٣١٦	٩,٨٣٢
٥٤	٣,٥٦	.٦٣٤	٢,٠٢	.٢٧٣	١٤,٢٤٨
٥٥	٣,٥١	.٥٥٣	٢,٠٢	.٢٧٣	١٥,٤٤٤
٥٦	٣,٤٩	.٦٣٧	٢,٠٢	.٢٧٣	١٣,٥١٨
٥٧	٣,٥٦	.٧٤٣	٢,٠٠	٠,٠٠٠	١٣,٤٤٨
٥٨	٣,٥٩	.٦٧٠	٢,١٠	.٣٠٠	١٢,٩٧٦

٥٩	٣,٦١	.٥٨٦	٢,٠٥	.٢١٨	١٥,٩٧٥
٦٠	٣,١٧	.٨٩٢	٢,٠٥	.٢١٨	٧,٨٢٦
٦١	١,٥٦	.٩٢٣	١,٩٠	.٤٣٩	٢,١٤١
٦٢	٣,٥٤	.٨٤٠	٢,٧٣	.٥٤٩	٥,١٣٨
٦٣	٢,٩٥	.٧٧٣	٢,٢٤	.٤٣٥	٥,١٠٧
٦٤	٣,٢٠	.٨٤٣	٢,٤٦	.٥٥٢	٤,٦٤٩
٦٥	٣,٣٩	.٨٣٣	٢,٠٢	.٤٧٤	٩,١٢٧
٦٦	٣,٠٥	.٩٢١	٢,٩٠	.٨٦٠	٠,٧٤٤
٦٧	٣,٣٤	.٧٢٨	٢,٢٩	.٨١٤	٦,١٤٩
٦٨	٢,٩٠	.٩٩٥	٣,١٥	.٧٩٢	١,٢٢٨
٦٩	٢,٥٦	١,٣٢٤	٣,٥٦	.٩٢٣	٣,٩٦٧
٧٠	٢,٥٦	١,٢٢٦	٣,٣٩	.٩١٩	٣,٤٦٧
٧١	٣,٥٦	.٧٧٦	٢,٠٧	.٧٢١	٨,٩٩٤
٧٢	٣,٧٨	.٥٢٥	٢,٢٩	.٦٤٢	١١,٤٨٧
٧٣	٣,٨٣	.٤٤٢	٢,٢٩	.٦٤٢	١٢,٦٢٥
٧٤	٣,١٧	.٩٧٢	٢,٩٨	.٦٥١	١,٠٦٨
٧٥	٢,٩٥	١,٠٢٤	٣,١٧	.٧٨٢	٣,٧٥٨
٧٦	٣,١٢	١,١٢٢	٣,٠٠	.٥٤٨	٠,٦٢٥
٧٧	٢,٩٣	١,١٠٤	٣,٤٤	.٩٢٣	٢,٢٧٤
٧٨	٢,٧١	١,٢٥٠	٢,٣٢	.٧٢٢	١,٧٣١
٧٩	٢,٠٢	.٩٣٥	٢,٠٥	.٣١٢	٠,١٥٨
٨٠	٢,٥٩	١,٣٩٦	٣,٧١	.٩٠١	٤,٣٢٣
٨١	٢,٨٥	١,٢٧٦	٣,٧١	.٩٠١	٣,٤٩٩
٨٢	٢,٨٠	١,١٠٠	٢,٢٠	.٥٥٨	٣,١٦٥

٤. پەیوەندیی نێوان نمرەی بڕگەکان بە نمرەی گشتی پێوەرەکەوە (علاقة درجة الفقرة بالدرجة الكلية للمقياس) :

پەیوەستی نمرەی بڕگە بە نمرەی گشتی پێوەرەوە مانای گونجاندنی بڕگەکان دەردەخات بۆ پێوانی دیاردەیەکی ڕەفتاری ، تاکو هاوکێشەی پەیوەستی نمرەی بڕگەکە بە نمرەی گشتییەوە بەرز بێت ئەگەری دەستکەوتنی پێوەرێکی گونجاوتر زیاد دەکات . (Allen & Wend , 1979 ,p124-125).توانرا

پەیوەندیی نێوان نمرەی گشت بڕگەکان بە نمرەی گشتی پێوەرەکەوە دەربهێنرێت ،بەبەکارهێنانی هاوکێشەی پەیوەستی پێرسۆن (معامل الارتباط بيرسون) و دەرهێنانی بەهای (ت) بۆ ئەو هاوکێشەیە ،لە ئە نجامدا دەرکەوت کە هاوکێشەی پەیوەندی لە نێوان (٠٣٤.- ، ٧٧٤.) دا بوو ، چونکە بڕگەکانی (٨ ، ٣٠ ، ٤٣ ، ٤٧ ، ٤٨ ، ٤٩ ، ٦٦ ، ٦٨ ، ٧٤ ، ٧٦ ، ٧٧ ، ٧٨ ، ٧٩) کە ژمارەیان (١٣) بڕگە بوو کەمتر بوو لە بەهای(ت) و هاوکێشەی پەیوەستی بە پێی پڕۆگرامی (S.P.S.S) ،بۆیە توێژەر ئەو بڕگانەی لابرد لە پێوەرەکە،لەکۆتایدا دەرکەوت کە(٦٩) بڕگەی پێوەرەکە پەیوەستن بە نمرەی گشتی پێوەرەکەوە ،ئەمەش ئاماژەیە بۆ گونجاندنی ناوەکی بڕگەکان و بەتوانایی لە پێوانی ئاستی ڕەفتاری کۆمەلایەتیی گە نجانی بێکاری نموونەکە .

خشتەی (٣)

پەیوەندیی نێوان نمرەی بڕگەکان بە نمرەی گشتی پێوەرەکەوە

بڕگەکان	هاوکێشەی پەیوەستی پێرسۆن	بڕگەکان	هاوکێشەی پەیوەستی پێرسۆن	بڕگەکان	هاوکێشەی پەیوەستی پێرسۆن
١	.٦٢٥	٢٩	.٧٥٨	٥٧	.٦٣٦
٢	.٦٣٩	٣٠	.٢٢٢	٥٨	.٦٣٠
٣	.٦٥٠	٣١	.٦٦٦	٥٩	.٦٧٧
٤	.٧٠٦	٣٢	.٦٦٣	٦٠	.٥٤٠
٥	.٧٧٤	٣٣	.٦٣٦	٦١	.٢٧٠
٦	.٧٣١	٣٤	.٦٦٢	٦٢	.٤١١
٧	.٢٨٨	٣٥	.٦٣٣	٦٣	.٣٥٤
٨	.١٥٤	٣٦	.٦٦٢	٦٤	.٣٣٤
٩	.٣١١	٣٧	.٣٩٦	٦٥	.٥٨١
١٠	.٧٦٩	٣٨	.٥٤٤	٦٦	.١٢٤
١١	.٧٤٤	٣٩	.٣٨٦	٦٧	.٤٥٩
١٢	.٦٥٩	٤٠	.٥٨٣	٦٨	.٠٣٤
١٣	.٢٥٣	٤١	.٣٠٢	٦٩	.٣٠٤
١٤	.٤٧١	٤٢	.٢٦٨	٧٠	.٢٣٤
١٥	.٥٠٢	٤٣	.٠٣٧	٧١	.٥٣٦
١٦	.٤٧٩	٤٤	.٦٩٧	٧٢	.٥٩١
١٧	.٥٥٩	٤٥	.٣٠٦	٧٣	.٥٨٠
١٨	.٦٨٧	٤٦	.٢٩١	٧٤	.١٧٦

١٩	.٥٨٨	٤٧	.١٣٢	٧٥	.١٩٢
٢٠	.٥٧٧	٤٨	.٠٦٣	٧٦	.٠٧٥
٢١	.٦٨٨	٤٩	.١٥٣	٧٧	٠٩٤
٢٢	.٦٣٧	٥٠	.٣٥٤	٧٨	.٣٠٦
٢٣	.٢٩٥	٥١	.٣٧٤	٧٩	.٠٧٥
٢٤	.٤٤٠	٥٢	.٥٧٨	٨٠	.٣٢٢
٢٥	.٦٧٩	٥٣	.٦١٢	٨١	.٢٥٧
٢٦	.٦٥٠	٥٤	.٦٥٧	٨٢	.٢٦٧
٢٧	.٤٨٩	٥٥	.٦٦٥		
٢٨	.٢٧٥	٥٦	.٦٢٩		

٥. جێگیری پێوەر (الثبات أو الموثوقية) : Reliability

بۆ دڵنییایی لە جێگیری ئامرازی توێژینەوە ،لە بەرنامەی (S.P.S.S) ،(پاکێجی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان) ،کرداری (ئەلفا کرونباخ) بەکارهێنرا ، ئە نجامەکەی لەم خشتەیەی خوارەوەدا خراوەتە ڕوو :

خشتەی (٤)

ئە نجامی (ئەلفا کرونباخ) بۆ جێگیری پێوەری توێژینەوە

تەوەرەکانی ئامرازی توێژینەوە	جێگیری
ڕەفتاری گەنج لەگەڵ خودی خۆی	٪٩٣
ڕەفتاری کۆمەڵایەتی گەنج لەناو خێزاندا	٪٨٩
ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی گەنج لەگەڵ هاوڕێدا	٪٨٧
ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی گەنج لەناو کۆمەڵگادا	٪٨١
هاوکۆلکەی گشتی	٪٩٣

لێرەوە دەردەکەوێت جێگیری فۆرم لە بڕگەکاندا لەنێوان (٨١٪ - ٩٣٪) و نمرەی گشتی جێگیری فۆرم (٩٣٪) ،هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کرداری (ئەلفا کرونباخ) لە داتای زۆردا نرخەکەی بەرزتر

دەبێت بەراورد بە داتای کەم ، لەهەمان کاتدا واتا پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لەنێوان بڕگەکان و بەهای (ئەلفا کرونباخ) بۆهەر بڕگەیەك هەیە،ئەمەش مانای وایە جێگیری فۆڕم لە ئاستێکی بەرزدایەو گونجاوە بۆ جێبەجێکردن .

پێنجەم : ئامڕازە ئامارییە بەکارهاتووەکان

دوای دڵنیابوونەوە لەوەی یەکەکانی توێژینەوە وەڵامی تەواوی بڕگەکانی فۆڕمەکەیان داوەتەوە ، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوە بە بەرنامەی ئاماری (S.P.S.S)،(هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەلآیەتییەکان) فۆڕمەکان بەتاڵ کرانەوە . ئەو کردارە ئاماریانەش کە بۆشیکردنەوەی فۆڕمی پێوەرەکە سودی لێ وەرگیراوە بریتییە لە :

١.هاوکێشەی (ت) بۆ یەك نموونە (الاختبار التائی لعینة واحدة) (T.Test For One Sample)

٢. شیکاری جیاوازیی یەك ئاڕاستە (تحلیل التباین الاحادی)(One Wae Anova)

٣. هاوکێشەی پەیوەستی پێرسۆن (معامل الارتباط بیرسون) Pearson Correlation Coefficient

بەشی شەشەم

ئە نجامەکانی توێژینەوەکە و شیکردنەوەی زانیارییەکان

باسی یەکەم : خستنەڕووی زانیارییە گشتییەکان و ئە نجامەکانی توێژینەوەکەو شیکردنەوەیان

یەکەم : زانیارییە گشتییەکان

دووەم : ئە نجامەکانی توێژینەوەکە

باسی دووەم : دەرئە نجامەکانی توێژینەوەکەو ڕاسپاردەو پێشنیازەکان

یەکەم : دەرئە نجامەکانی توێژینەوەکە

دووەم : ڕاسپاردەکان

سێیەم : پێشنیازەکان

بەشی شەشەم

ئه نجامەکانی توێژینەوەکە و شیکردنەوەی زانیارییەکان

باسی یەکەم

خستنەڕووی زانیارییە گشتییەکان و ئه نجامەکانی توێژینەوەکەو شیکردنەوەیان

یەکەم : زانیارییە گشتییەکان :

١: ڕەگەزی گه نجانی بێکاری نموونەکە :

له ئه نجامی توێژینەوەکە دەرکەوت کە ڕێژەی (٤٧,٩) نموونەی توێژینەوەکە، لە ڕەگەزی نێرن و ڕێژەی (٥٢,١) لەڕەگەزی مێن . ئەمەش لەخشتەی (٥) خراوەتە ڕوو.

خشتەی (٥)

ڕەگەزی نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات

ڕەگەز	ژمارە	ڕێژەی سەدی
نێر	٦٧	٤٧,٩
مێ	٧٣	٥٢,١
کۆی گشتی	١٤٠	١٠٠,٠

٢: بڕوانامەی زانستی گه نجانی بێکاری نموونەکە :

به پێی ئه نجامەکانی توێژینەوەکە دەرکەوتووە ،کەڕێژەی (٥,٧) گه نجانی بێکاری نموونەکە بێ بڕوانامەن و ڕێژەی (٨,٦) بڕوانامەی بنەڕەتیان هەیە و ڕێژەی (١٦,٤) بڕوانامەی ئامادەییان هەیە و ڕێژەی (١٦,٤) بڕوانامەی دبلۆمیان هەیە و ڕێژەی (٥٢,٩) بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەیە، ئەمەش لەخشتەی (٦) خراوەتە ڕوو .

خشتەی (٦)

بڕوانامەی زانستیی نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات

بڕوانامەی زانستی	ژمارە	ڕێژەی سەدی
بێ بڕوانامە	٨	٥,٧
بنەڕەتی	١٢	٨,٦
ئامادەیی	٢٣	١٦,٤
دبلۆم	٢٣	١٦,٤
بەکالۆریۆس	٧٤	٥٢,٩
کۆی گشتی	١٤٠	١٠٠,٠

٣ : باری کۆمەڵایەتیی گەنجانی بێکاری نموونەکە :

بە پێی ئەنجامەکانی دەرکەوتووە کە ڕێژەی (٨٠,٧) لە گەنجانی بێکاری نموونەکە نەچوونەتە پڕۆسەی هاوسەرگیرییەوەو سەڵتن،ڕێژەی (١٨,٦) نموونەی توێژینەوەکە چونەتە ناو پڕۆسەی هاوسەرگیرییەوە و خێزاندارن ، ئەو گەنجانەی کە لە هاوسەرەکانیان جیابونەتەوە ، یان هاوسەرەکانیان مردوون،هیچ ڕێژەیەکیان لە نموونەی توێژینەوەکە پێك نەهێنابوو ،هەروەك لە خشتەی (٧) دا دیارە.بێگومان باری هاوسەرگیری کاریگەری ڕاستەوخۆی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی گەنجانی بێکاری نموونەکە هەیە.

خشتەی (٧)

باری کۆمەڵایەتیی نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات

باری کۆمەڵایەتی	ژمارە	ڕێژەی سەدی
سەڵت	١١٣	٨٠,٧
خێزاندار	٢٧	١٨,٦
کۆی گشتی	١٤٠	١٠٠,٠

٤: باری ئابوریی گه نجانی بێکاری نموونەکە :

به پێی ئه نجامەکانی توێژینەوەکە دەرکەوتووە کە ڕێژەی (١,٤) لە گە نجانی بێکاریی نموونەکە لە بارێکی ئابوریی زۆر باشدان ،ڕێژەی (٢١,٤) ش لە بارێکی ئابوریی باشدان و ڕێژەی (٦١,٤) لە بارێکی ئابوریی مامناوەندان ،ڕێژەی (١٥,٧) لە بارێکی ئابوریی خرا پدان. هەروەك لە خشتەی (٨) دا دیارە. بێگومان باری ئابوریی کاریگەری خۆی لەسەر ئاستی ڕەفتاری کۆمەلآیەتیی گە نجانی بێکاریی نموونەکە هەیە.

خشتەی (٨)

باری ئابوریی نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات

باری ئابوری	ژمارە	ڕێژەی سەدی
زۆرباش	٢	١,٤
باش	٣٠	٢١,٤
ناوەند	٨٦	٦١,٤
خراپ	٢٢	١٥,٧
کۆی گشتی	١٤٠	١٠٠,٠

٥: ژمارەی ئەندامانی خێزانی نموونەکە :

به پێی ئه نجامەکانی توێژینەوەکە دەرکەوتووە کە ڕێژەی (١٤,٣) لە گە نجانی بێکاری نموونەکە ژمارەی ئەندامانی خێزانیان لە نێوان (٢-٣) کەسدایە ، ڕێژەی (٣٨,٦) ژمارەی ئەندامانی خێزانیان لە نێوان (٤-٥)دایە ،ڕێژەی (٤٧,١) ژمارەی ئەندامانی خێزانیان (٦ و زیاترە) ،هەروەك لە خشتەی (٩) دا خراوەتە ڕوو.

خشتەی (٩)

ژمارەی ئەندامانی خێزانی نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات

ژمارەی ئەندامانی خێزان	ژمارە	ڕێژەی سەدی
٢-٣	٢٠	١٤,٣
٤-٥	٥٤	٣٨,٦
٦ زیاتر	٦٦	٤٧,١
کۆی گشتی	١٤٠	١٠٠,٠

٦ : جۆری شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەکە :

بە پێی ئە نجامەکانی توێژینەوەکە دەرکەوتووە کە ڕێژەی (٦٠,٧) گە نجانی بێکاریی ناوشاری سلێمانی جۆری شوێنی نیشتەجێبونیان لە شێوەی موڵکدایە، ڕێژەی (٣٩,٣) جۆری شوێنی نیشتەجێبونیان لە شێوەی کرێدایە .هەروەك لەخشتەی (١٠) دیارە.کە بێگومان ئەمەش کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی خۆی لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی گە نجانی بێکار هەیە.

خشتەی (١٠)

جۆری شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەکە دەردەخات

جۆری شوێنی نیشتەجێبوون	ژمارە	ڕێژەی سەدی
موڵك	٨٥	٦٠,٧
کرێ	٥٥	٣٩,٣
کۆی گشتی	١٤٠	١٠٠,٠

دووەم : ئە نجامەکانی توێژینەوەکە لەبەر ڕۆشنایی ئاما نجەکاندا :

١: پێوانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی گە نجانی بێکار

لە ئە نجامەکانی توێژینەوەکەوە دەرکەوت ،کەناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی نمونەی توێژینەوەکە لە وەڵامدانەوەی بڕگەکانی پێوەری ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی گە نجانی بێکار گەیشتۆتە (١٨٣,٥٢١٤) نمرە،لە کاتێکدا کە ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکە (١٧٢,٥٠٠٠٠) نمرەیە،بەبەکارهێنانی هاوکێشەی (ت) ی بۆ

یەك نموونـە بـۆ دەرخسـتنی جیـاوازیی نێـوان هـەردوو ناوەندەكە،دەركـەوت كـە بـەهای (ت) هـەژماركراو دەگاتە (٤,٧٤٧) ،ئەمەش گەورەترە لەبەهای(ت) ی خشتەیی ،كەڕێژەكەی دەگاتـە (١,٩٨٤) لـە ئاسـتی دەلالـەتی (٠,٠٥) و پلـەی ئـازادی (١٣٩). ئەمـەش ئـەوە دەردەخـات كـە جیاوازییـەكی ئامـاژەی ئامـاری هەیە،لـە نێـوان ناوەنـدی ڕاسـتەقینەو ناوەنـدی گریمانـەیی پێوەرەكەدا،بـە قـازا نجی ناوەنـدی نموونەكە،ئەمـەش ئامـاژە بـۆ بـوونی ئاسـتێكی نـەرێنی لـە ڕەفتـاری كۆمەلایـەتی دەكـات لای گـە نجانی بێكاریی نموونەی توێژینەوەكە لەناو شاری سلێمانیدا. هەروەك لەخشتەی (١١) ڕوون كراوەتەوە.

خشتەی (١١)

جیاوازیی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمێرەیی ڕاستەقینەی نموونەكە لەسەر پێوەری ڕەفتاری كۆمەلایەتیی گە نجانی بێكار دەردەخات

نموونە	ناوەندیژمێرەیی نموونەكە	لادانی پێوەری نموونەكە	ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی	بەهای(ت)ی هەژماركراو	بەهای (ت)ی خشتەیی	پلەی ئازادی	ئاستی دەلالەت
١٤٠	١٨٣,٥٢١٤	٢٧,٤٦٨٨٨	١٧٢,٥٠٠٠٠	٤,٧٤٧	١,٩٨٤	١٣٩	٠,٠٥

ئەم ئاما نجە ئەوەمان بۆ ڕووندەكاتەوە كە ڕەفتاری كۆمەلایەتیی گە نجانی بێكاریی ناو شاری سلێمانی لە ئاستێكی نزمدایەو زیاتر نەرێنییە،ئەمەش ڕەنگە هۆكارەكەی بۆ ئـەوە بگەڕێتـەوە كـە دابـین نـەكردنی هەلی كار بۆ گە نجان و پڕنەكردنەوەی پێداویستییەكانیان كاریگەری نـەرێنی لەسـەریان دروسـت كردبێـت ،چـونكە هـەموو گـە نجێك لـە ڕێگـەی كاركردنـەوە دەتوانێـت بـوونی خـۆی لـەناو كۆمـەلگادا بسـەلمێنێت و ، پێداویستییەكانی دابین بكات و پشت بەخۆی ببەستێت و هەست بـە سـەربەخۆی و بـوونی خـۆی بكـات ،چ لەناو خێزان و گروپی هاوڕێ و كۆمەلگادا بێت.

٢: دەرخستنی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوەكانی (بڕوانامەی زانستی و باری كۆمەلایەتی و باری ئـابوری و ژمارەی ئەندامانی خێزان و جۆری شوێنی نیشتەجێبوون) بە ڕەفتاری كۆمەلایەتیی گە نجانی بێكارەوە:

بۆ دەرخستنی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوەكانی (بڕوانامەی زانستی ، باری كۆمەلایەتی ، باری ئابووری ، ژمارەی ئەندامانی خێزان ، جۆری شوێنی نیشتەجێبوون) بەڕەفتاری كۆمەلایەتیی گە نجانی بێكارەوە ، هاوكێشەی پەیوەستی پێرسۆن (Pearson Correlation Coefficient) مان بەكارهێنا.هەروەك لە خشتەی (١٢) خراوەتە ڕوو :

خشتەی (١٢)

پەیوەندیی نێوان گۆڕاوەکانی (بڕوانامەی زانستی و باری کۆمەڵایەتی و باری ئابوری و ژمارەی ئەندامانی خێزان و جۆری شوێنی نیشتەجێبوون) بە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی گەنجانی بێکارەوە

گۆڕاوەکان	بەهای پەیوەستی پێرسۆن (Correlation)
بڕوانامەی زانستی	.٠٨٧
باری کۆمەڵایەتی	.٣٤٤
باری ئابوری	.٤٧٨
ژمارەی ئەندامانی خێزان	-.٠٨٩
جۆری شوێنی نیشتەجێبوون	-.٣٣٤

لە خشتەکەوە دەردەکەوێت کە پەیوەندیی گۆڕاوی بڕوانامەی زانستی بە ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی گەنجانی بێکاریی ناو شاری سلێمانی پەیوەندییەکی نامەعنەوییە (علاقە غیر معنویە)،واتا پەیوەندیەکە پێوانە ناکرێت، ئەمەش مانای وایە بڕوانامەی زانستی ڕۆڵی لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی گەنجانی بێکاریی ناو شاری سلێمانیدا نییە.

پەیوەندی گۆڕاوی باری کۆمەڵایەتیی بە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی گەنجانی بێکاریی ناو شاری سلێمانی پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی لاوازە (علاقە طردیة ضعیفة) ،بەواتای ئەوەی هەتاوەکو گەنجانی بێکاریی ناوشاری سلێمانی سەڵت بن و ژیانی هاوسەریيان پێك نەهێنابێت، ئەوا ڕەفتارەکۆمەڵایەتیەکانیان نەرێنییە و کەمتر کۆمەڵایەتییە، بەرامبەر بە ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی ئەو گەنجانەی کە هاوسەردارن .

هەروەها پەیوەندیی گۆڕاوی باری ئابووری بە ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی گەنجانی بێکار، هەروەکو لە خشتەکەوە دەردەکەوێت ، پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی ناوەندە (علاقە طردیة متوسطة) ،واتا هەتا باری ئابووریی گەنجانی بێکار لە ئاستێکی باشدابێت، ئەوا ڕەفتاری کۆمەڵایەتییان ڕەفتارێکی ئەرێنی دەبێت ،بە پێچەوانەشەوە هەتا باری ئابووریی گەنجانی بێکار لە ئاستێکی خراپدا بێت، ئەوا ڕەفتارەکانیان ڕەفتارێکی نەرێنی دەبێت .

بۆ دەرخستنی پەیوەندیی گۆڕاوی ژمارەی ئەندامانی خێزان بە ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی گەنجانی بێکاریی ناو شاری سلێمانی لە خشتەکەوە دەرکەوت ،کە پەیوەندییەکی نا مەعنەوییە (علاقە غیر معنویە) ،واتە پەیوەندیەکە پێوانە ناکرێت ، ئەمەش مانای وایە ژمارەی ئەندامانی خێزان پەیوەندی نییە، یاخود ڕۆڵی نییە لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی گەنجانی بێکاریی ناو شاری سلێمانیدا .

هەروەها پەیوەندیی گۆڕاوی جۆری شوێنی نیشتەجێبوون بەرەفتاری کۆمەڵایەتیی گە نجانی بێکاریی ناوشاری سلێمانی پەیوەندییەکی پێچەوانەی لاوازە (علاقە عکسیة ضعیفة) ،واتە هەتاوەکو گە نجانی بێکاریی ناوشاری سلێمانی جۆری شوێنی نیشتەجێبوونیان لەجۆری کرێ بێت، ئەوا ڕەفتارەکانیان نەرێنی دەبێت ،بە پێچەوانەشەوە هەتاوەکو گە نجانی بێکاریی ناوشاری سلێمانی جۆری شوێنی نیشتەجێبوونیان لەجۆری موڵك بێت ،ئەوا ڕەفتارەکانیان ئەرێنی دەبێت .

٣: دەرخستنی جیاوازیی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی گە نجانی بێکار بە پێی ئەم گۆڕاوانەی خوارەوە:

أ. دەرخستنی جیاوازیی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی گە نجانی بێکاریی نموونەکە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز.

لە ئە نجامەکانی توێژینەوەکە دەرکەوت،ناوەندی ژمێرەیی نمرەی نموونەکە بۆ ڕەگەزی نێر کە ژمارەیان (٦٧) نێرە گەیشتۆتە (١٨٠,٦٧١٦) بە بڕی لادانی پێوەری (٢٩,١٩٤٩٥)،لەکاتێکدا کە ناوەندی ژمێرەیی نموونەکە بۆ ڕەگەزی مێ کە ژمارەیان (٧٣) مێ یە گەیشتۆتە (١٨٦,١٣٧٠) بە بڕی لادانی پێوەری (٢٥,٧٠٧٣٩)،توانیمان جیاوازیی نێوان دوو ناوەندەکە دەربخەین،بەبەکارهێنانی هاوکێشەی (ت) بۆ یەك نموونە،کە بەهای (ت) هەژمارکراو گەیشتە (١,١٧٨) و دوای بەراوردکردنی بە بەهای (ت)خشتەیی (١,٩٨٤) لە پلەی ئازادی (١٣٨) دەرکەوت جیاوازییەکی ئاماژەی ئاماری نییە لە نێوان گە نجانی بێکاریی نموونەکە لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتییاندا بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز،هەروەك لەخشتەی (١٣)دیارە.

خشتەی (١٣)

ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی گە نجانی بێکاریی نموونەکە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز دەردەخات

ڕەگەز	ژمارە	ناوەندی ژمێرەیی	لادانی پێوەری	بەهای(ت)هەژمارکراو	بەهای(ت)خشتەیی	پلەی ئازادی	ئاستی دەلالەت
نێر	٦٧	١٨٠,٦٧١٦	٢٩,١٩٤٩٥	١,١٧٨	١,٩٨٤	١٣٨	٠,٠٥
مێ	٧٣	١٨٦,١٣٧٠	٢٥,٧٠٧٣٩				

ئەمەش مانای ئەوەیە گە نجانی بێکاریی نموونەکە لەهەر ڕەگەزێك بن جیاوازی نییە لە ئاستی ڕەفتاری کۆمەڵایەتییاندا،واتە جۆری ڕەگەز چ نێر بێت،یاخود مێ کاریگەری لەئاستی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی گە نجانی بێکاردا نییە .

ب. دەرخستنی جیاوازیی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی گەنجانی بێکاری نموونەکە بە پێی گۆڕاوی بڕوانامەی زانستی.

لەبەر ئەوەی زۆربەی گۆڕاوەکان زیاتر لە (٢) وەڵام لەخۆدەگرێت، بەمەبەستی دەرهێنانی پەیوەندیی نێوان ئەو کۆمەڵە گۆڕاوە، کەتوێژەر لە ئامانجەکانیدا ئاماژەی پێداوە، ئاستی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی گەنجانی بێکاریی نموونەکە، توانرا سود وەربگیرێت لە ئامرازی شیکاریی جیاکاریی یەکی(تحليل التباين الاحادي) One Way Anova کە ئامانجی دەرخستنی جیاوازیی نێوان ناوەندەکانی ژمارەی نێوان زیاتر لە کۆمەڵەیەکە، بۆ پێوانی جیاوازیی نێوان کۆمەڵێك گۆڕاو بەکار دێت.(عثمان و عبدة ، ١٩٩٩ ، ص١٠٥)بەبەکارهێنانی هاوکێشەی شیکاریی جیاکاریی یەکی دەرکەوت کە ڕێژەی(ف)ی هەژمارکراوگەیشتۆتە (١,٥١٨) ،کە بچوکترە لە ڕێژەی(ف)ی خشتەیی (١,٩٥) لە پلەی ئازادی(٤ ـ ١٤٩) و ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥) دا، ئەمەش نەبوونی جیاوازییەکی ئاماری دەردەخات لەنێوان گەنجانی بێکاریی نموونەی توێژینەوەکە، بە پێی گۆڕاوی بڕوانامەی زانستی ، کە لەخشتەی (١٤) خراوەتە ڕوو.

خشتەی (١٤)

ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی گەنجانی بێکاریی نموونەکە بە پێی گۆڕاوی بڕوانامەی زانستی دەردەخات.

بڕوانامەی زانستی	ژمارە	ناوەندی ژمێرەیی	لادانی پێوەری	بەهای ف ی هەژمارکراو	بەهای ف ی خشتەیی	پلەی ئازادی	ئاستی دەلالەت
بێ بڕوانامە	٨	١٧٥,٠٠٠٠	٢٥,٩٣٣٩٨	١,٥١٨	١,٩٥	٤ – ١٤٩	٠.٠٥
بنەڕەتی	١٢	١٧١,٣٣٣٣	٢٦,٤٦٢٠٩				
ئامادەیی	٢٣	١٩١,٩١٣٠	٢٤,٥٤٦٦٤				
دبلۆم	٢٣	١٧٩,٥٦٥٢	٣٢,١٥٩٨٧				
بەکالۆریۆس	٧٤	١٨٥,٠٤٠٥	٢٦,٦٧٥٨٥				
کۆی گشتی	١٤٠	١٨٣,٥٢١٤	٢٧,٤٦٨٨٨				

ئەمەش مانای وایە کە گەنجانی بێکاریی نموونەی توێژینەوەکە لەهەر ئاستێکی بڕوانامەی زانستیدا بن ،هیچ جیاوازییەکییان نییە لە ئاستی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیاندا، واتە بڕوانامەی زانستی نەبۆتە هۆکارێك بۆ دەرخستنی لایەنی ئەرێنی و نەرێنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی گەنجانی بێکاریی نموونەکە.

ج. دەرخستنی جیاوازیی ڕەفتاری کۆمەلآیەتیی گەنجانی بێکاریی نموونەکە بە پێی گۆڕاوی باری کۆمەلآیەتی.

بەبەکارهێنانی هاوکێشەی (ت) دەرکەوت کە ڕێژەی (ت) ی هەژمارکراو گەیشتۆتە (٥,٥٤٣) کە گەورەترە لە ڕێژەی (ت) ی خشتەیی (١,٩٨٤) لە پلەی ئازادی (١٣٧) و ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥)، ئەمەش بوونی جیاوازیی ئاماژەی ئاماری دەردەخات لە نێوان گەنجانی بێکاریی نموونەی توێژینەوەکە بە پێی گۆڕاوی باری کۆمەلآیەتی (هاوسەرگیری)، کە لەخشتەی (١٥) دا خراوەتە ڕوو.

خشتەی (١٥)

ڕەفتاری کۆمەلآیەتی گەنجانی بێکاری نموونەکە بە پێی گۆڕاوی باری کۆمەلآیەتی دەردەخات.

باری کۆمەلآیەتی	ژمارە	ناوەندی ژمێرەیی	لادانی پێوەری	بەهای(ت) هەژمارکراو	بەهای(ت)خشتەیی	پلەی ئازادی	ئاستی دەلالەت
سەڵت	١١٣	١٧٨,٢٥٦٦	٢٥,٤٨٥٢١	٥,٥٤٣	١,٩٨٤	١٣٧	٠,٠٥
خێزاندار	٢٧	٢٠٨,١١٥٤	٢١,٢٥٧١٤				

ئەمەش بوونی جیاوازیی دەردەخات لە ڕەفتاری کۆمەلآیەتیی لەنێوان گەنجانی بێکاریی سەڵت و خێزانداری نموونەی توێژینەوەکە، کەواتە ڕەفتاری کۆمەلآیەتیی ئەو گەنجانەی کە بێکارن وژیانی هاوسەرگیرییان پێك هێناوە زیاتر ڕەفتارەکانیان ئەرێنییە، وەك لەو گەنجانەی کەبێکارن و ژیانی هاوسەرگیرییان پێك نەهێناوە .

ء. دەرخستنی جیاوازیی ڕەفتاری کۆمەلآیەتیی گەنجانی بێکاریی نموونەکە بە پێی گۆڕاوی باری ئابوری.

بە بەکارهێنانی هاوکێشەی شیکاریی جیاکاریی یەکی ،بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی(ف) ی هەژمارکراو گەیشتۆتە (١٧,٧٦٩)، کە گەورەترە لە ڕێژەی (ف)ی خشتەیی (٢,٦٧) لە پلەی ئازادی (٢ـ ١٤٩) و ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥)، ئەمەش بوونی جیاوازیی ئاماژەی ئاماری دەردەخات لە نێوان گەنجانی بێکاریی نموونەی توێژینەوەکە بە پێی گۆڕاوی باری ئابوری، کە لەخشتەی (١٦)دا ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (١٦)

ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی گە نجانی بێکاریی نموونەکە بە پێی گۆڕاوی باری ئابوری دەردەخات.

باری ئابوری	ژمارە	ناوەندی ژمێرەیی	لادانی پێوەری	بەهای ف ی هەژمارکراو	بەهای ف ی خشتەیی	پلەی ئازادی	ئاستی دەلالەت
زۆرباش	٢	٢٠٦,٠٠٠٠	١٦,٩٧٠٥٦	١٧,٧٦٩	٢,٦٧	٢ – ١٤٩	٠,٠٥
باش	٣٠	٢٠٩,٩٦٦٧	٢٢,٩٢٠٣٨				
ناوەند	٨٦	١٧٧,٣٢٥٦	٢٣,٠٩٦٤٤				
خراپ	٢٢	١٦٩,٦٣٦٤	٢٦,٢٥٩٧٧				
کۆی گشتی	١٤٠	١٨٣,٥٢١٤	٢٧,٤٦٨٨٨				

ئەمەش بوونی جیاوازی دەردەخات لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی لە نێوان گە نجانی بێکاریی نموونەکەلە ڕووی باری ئابوری زۆرباش، باش، ناوەند، خراپی نموونەی توێژینەوەکە ،کەواتە باری ئابوری کاریگەری لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی گە نجانی بێکاری نموونەکە هەیە ،کەواتە ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی ئەو گە نجانەی کە بێکارن و باری ئابورییان لە ئاستێکی بەرزدایە ،ڕەفتارەکەیان زیاتر ئەرێنییە ،بەبەراورد بەڕەفتاری ئەو گە نجانەی کەبێکارن و باری ئابورییان لە ئاستێکی خراپدایە واتە زیاتر ڕەفتارەکەیان نەرێنییە.

هـ. دەرخستنی جیاوازیی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی گە نجانی بێکاریی نموونەکە بە پێی گۆڕاوی ژمارەی ئەندامانی خێزان.

بە بەکارهێنانی هاوکێشەی شیکاریی جیاکاریی یەکی دەرکەوت، کە ڕێژەی (ف) ی هەژمارکراو گەیشتۆتە (٣,٢٠٠) کە گەورەترە لە ڕێژەی (ف) ی خشتەیی (٣,٠٦) لە پلەی ئازادی (٢ - ١٤٩) و ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥)، ئەمەش بوونی جیاوازیی ئاماژەی ئاماری دەردەخات لە نێوان گە نجانی بێکاریی نموونەی توێژینەوەکە بە پێی گۆڕاوی ژمارەی ئەندامانی خێزان ،کە لەخشتەی (١٧) دا خراوەتە ڕوو.

خشتەی (١٧)

ڕەفتاری کۆمەلآیەتیی گە نجانی بێکاریی نموونەکە بە پێی گۆڕاوی ژمارەی ئەندامانی خێزان دەردەخات.

ژمارەی ئەندامانی خێزان	ژمارە	ناوەندی ژمێرەیی	لادانی پێوەری	بەهای ف ی هەژمارکراو	بەهای ف ی خشتەیی	پلەی ئازادی	ئاستی دەلالەت
٢ ـ ٣	٢٠	١٩٦,٤٠٠٠	٢٨,٤٨٧١٢	٣,٢٠٠	٣,٢٠٠	٢ — ١٤٩	٠,٠٥
٤ ـ ٥	٥٤	١٧٨,٥٠٠٠	٢٥,٧٨٤٨٥				
٦ زیاتر	٦٦	١٨٣,٧٢٧٣	٢٧,٦٠٨٠٠				
کۆی گشتی	١٤٠	١٨٣,٥٢١٤	٢٧,٤٦٨٨٨				

ئەمەش بوونی جیاوازی دەردەخات لە ڕەفتاری کۆمەلآیەتی لە نێوان گە نجانی بێکاریی نموونەکەلە ڕووی ژمارەی ئەندامانی خێزانی نموونەی توێژینەوەکە،کەواتە ژمارەی ئەندامانی خێزان کاریگەری لەسەر ڕەفتاری کۆمەلآیەتی گە نجانی بێکاری نموونەکە هەیە ،کەواتە ڕەفتاری کۆمەلآیەتیی ئەو گە نجانەی کە بێکارن و ژمارەی ئەندامانی خێزانیان کەمە و لە نێوان (٢ ـ ٣) ئەندامدایە ڕەفتارەکانیان زیاتر ئەرێنییە بەبەراورد بەڕەفتاری ئەو گە نجانەی کەبێکارن و ژمارەی ئەندامانی خێزانیان زۆرترە، واتە زیاتر ڕەفتارەکەیان نەرێنییە.واتە هەتا ژمارەی ئەندامانی خێزان کەمتر بێت، ئەوا ڕەفتاری کۆمەلآیەتیی گە نجانی بێکار زیاتر ئەرێنییە و بە پێچەوانەشەوە ڕاستە.

و. دەرخستنی جیاوازیی ڕەفتاری کۆمەلآیەتیی گە نجانی بێکاریی نموونەکە بە پێی گۆڕاوی جۆری شوێنی نیشتەجێبوون.

لە ئە نجامەکانی توێژینەوەکە دەرکەوت، کە ناوەندی ژمێرەیی نمرەی نموونەکە بۆ جۆری شوێنی نیشتەجێبوونی موڵك گەیشتۆتە (١٩٠,٨٨٢٤) بە بڕی لادانی پێوەری (٢٦,٤٤٧٨٠) لە کاتێکدا کەناوەندی ژمێرەیی نمرەی نموونەکە بۆ جۆری شوێنی نیشتەجێبوونی کرێ گەیشتۆتە (١٧٢,١٤٥٥) بە بڕی لادانی پێوەری (٢٥,٢٣٩٩٠) ، توانیمان جیاوازیی نێوان دوو ناوەندەکە دەربخەین بەبەکارهێنانی هاوکێشەی(ت)ی بۆ یەك نموونە، کە بەهای(ت) ی هەژمارکراو گەیشتە (٤,١٦٧) دوای بەراوردکردنی بەبەهای (ت)ی خشتەیی (١,٩٨٤) بە پلەی ئازادی (١٣٨) و ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥) ،دەرکەوت جیاوازیی ئاماژەی ئاماری هەیە لە ڕەفتاری کۆمەلآیەتیی نێوان گە نجانی بێکاریی نموونەکە بە پێی گۆڕاوی جۆری شوێنی نیشتەجێبوون، هەروەك لەخشتەی (١٨) دا دیارە.

خشتەی (١٨)

ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی گە نجانی بێکاریی نموونەکە بە پێی گۆڕاوی جۆری شوێنی نیشتەجێبوون دەردەخات.

جۆری شوێنی نیشتەجێبوون	ژمارە	ناوەندی ژمێرەیی	لادانی پێوەری	بەهای(ت)هەژمارکراو	بەهای(ت) خشتەیی	پلەی ئازادی	ئاستی دەلالەت
موڵك	٨٥	١٩٠,٨٨٢٤	٢٦,٤٤٧٨٠	٤,١٦٧	١,٩٨٤	١٣٨	٠,٠٥
کرێ	٥٥	١٧٢,١٤٥٥	٢٥,٢٣٩٩٠				

ئەمەش مانای بوونی جیاوازی دەردەخات لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی نێوان گە نجانی بێکار لەڕووی جۆری شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەی توێژینەوەکە،کەواتە جۆری شوێنی نیشتەجێبوون کاریگەری لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی گە نجانی بێکاری نموونەکە هەیە،کەواتە ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی ئەو گە نجانەی کە بێکارن و جۆری شوێنی نیشتەجێبونیان موڵکە زیاتر ڕەفتارەکەیان ئەرێنییە ،بەبەراورد بە ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی ئەو گە نجانەی کە بێکارن و جۆری شوێنی نیشتەجێبوونیان لەجۆری کرێ یە .



شێوەی ژمارە (٣)

دابەشبوونی سروشتی زانیارییەکانی پێوەری توێژینەوەکە

بە پێی ئەو هێڵکارییەی سەرەوە دەردەکەوێت کە زانیارییەکانی پێوەری توێژینەوەکە بەشێوەیەکی سروشتی دابەشبووە .

باسی دووەم

دەرئە نجامەکانی توێژینەوە و ڕاسپاردە و پێشنیازەکان

یەکەم : دەرئە نجامەکانی توێژینەوە

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتینە ئەم دەرئە نجامانە :

١. شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی کۆمەڵناسیانە بۆ ئەو قۆناغەی ئێستای کۆمەڵگەی کوردیی پیادا تێپەڕ دەبێت ،کەبە پێی ئەو گۆڕانکارییە زۆرانەی بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا دێت،لەم قۆناغە گوازراوەیەدا زۆرجار بەگوما نمان دەکات لەدابین کردنی هەلی کاری گونجاو بۆسەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و بەتایبەتیش توێژی گە نجان کە بەداینەمۆی گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگە دادەنرێن لەهەموو کۆمەڵگەیەکدا، بەتایبەت لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا بەهۆی بارودۆخی خراپی ئابوری و قەیرانی داریییەوە کەڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بۆتەوە،ئەمەش بارگرانییەکی زۆری خستۆتە سەر شانی هاوڵاتیان بەگشتی و گە نجانیش بەتایبەتی وەك توێژێکی سەرەکیی کۆمەڵگا،بەجۆرێك کەناتوانن پێداویستییەکانیان پڕبکەنەوە و بێکار ماونەتەوە ،ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر ڕەفتارو هەڵسوکەوتەکانیان دروست کردووە .هەروەك ئاشکرایە ئەم قەیرانە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستاندا دروستکردووە،بەجۆرێك ئەگەر بڕوانینە ئامارەکان کە لەلایەن وەزارەتی کاروباری کۆمەلایەتییەوە خراوەتە ڕوو،ڕێژەی بێکاری پێش قەیرانەکە (٧٪) بووە ،بەڵام لە ئێستادا بەهۆی خراپی بارودۆخی ئابوری و قەیرانی دارایییەوە ڕێژەکە بەرز بۆتەوە بۆ(١٤٪).(أحمد ، ٨ / ٨ / ٢٠١٦، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ، چاوپێکەوتن)،کە ئەمەش بێکاری و خراپی ئاستی گوزەران و هەژاری بەدوای خۆیدا دەهێنێت،هەربۆیە بێکاری و دابین نەکردنی هەلی کاری گونجاو بۆ گە نجان کاریگەری لەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کۆمەلایەتیان دروست دەکات،لەکاتێکدا نزمی ئاستی ڕەفتاری کۆمەلایەتیی گە نجانی بێکاری ناوشاری سلێمانی ئە نجامێکی نەرێنییە و جێگەی دڵخۆشی نییە،ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ژینگەی ناوشاری سلێمانی نەیتوانیوە دەرفەت بۆ گە نجان برەخسێنێت تاوەکو بتوانن پێداویستییەکانیان پڕبکەنەوەو بە پێی پێویست بوونی خۆیان بسەلمێنن لە ڕێگەی دابینکردنی هەلی کاری گونجاوەوە بۆیان ،هەربۆیە ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر ڕەفتاری کۆمەلایەتیی گە نجانی بێکاری ناوشاری سلێمانی دروستکردوە.

